مركز ايندة للدراسات

سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە
A.C.S
Aynda Center for Studies

ژمارە (١٣)
ساڵی شەشەم
بەهاری ٢٠٢٦

ئایندە

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە
سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

لە یادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕابردوو و ئێستای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی کوردی

عدد ١
سالا ئوّل
کردستان
١٣١٥
بسم الله الرحمن الرحيم

- لەیادی (١٢٨) ساڵەی دەرچوونیدا
- چەند زانیارییەکی بنەڕەتی و گرنگ لەسەر ڕۆژنامەی «کوردستان»ی نۆبەرە
- ڕۆژنامەگەری یاسایی کوردیی لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١
- ڕۆڵی عەلائەددین سەجادی لەبواری ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا
- کاریگەری ئینفلۆنسەرەکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی
- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و، ڕۆژنامەگەری کوردی ڕەسەن
- ژیارەکان: چۆنیەتی دروستبوون، گەشە و هۆکارەکانی هەرەسهێنان

ئاینده

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیرییه

سەنتەری ئاینده بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

ژمارە (١٣) ، ساڵی شەشەم ، بەهاری ٢٠٢٦ ز - ١٤٤٧ ک - ٢٧٢٦ کوردی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر

د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

Ahmadwerti@yahoo.com

٠٧٥٠٤٤٨٦٢٢٧

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی کوردی

محمد عزیز لۆتەری

cmhamadaziz1911@gmail.com

٠٧٥٠١٦٧٠٣٤٤

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی عەرەبی

یوسف کەمال هەولێری

Stampoahy@gmail.com

٠٧٥٠٣٧٩١٤٧٤

بەڕێوەبەری هونەری

ڕابەر ئەحمەد وەرتی

دەستەی نووسەران

د. یاسین عەبدوڵڵا وەرتی — هەردی ئەنوەر فەقێ ساڵح

ڕاوێژکـاران

پ.د. عـوسـمان عـەلـی — د. عبدالرحمن صالح میران

نایف ئەحمەد محی الدین شێخانی — عـەلـی ئیبـراهیـم حەسـەن

ئـەحـمـەد غـازی سـامـەڕائـی

دیزاین

جمعە صدیق کاکە

نێوەڕۆک

ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە ململانێی مانەوەوە بۆ تەنگژەی متمانە
سەرنووسەر ٥
هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕابردوو و ئێستای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی کوردی
حامد محەممەد عەلی ٨
داستانی دەسەڵاتی چوارەم لە جیهان و کوردستاندا
محمد عزیز لۆتەری.............................. ١٥
کورتە باسێک دەربارەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی ودونیاکەی
کەمال عەبدوڵڵا گەورە ٤٤
ڕۆژنامەگەری یاسایی کوردیی لەدوای ڕاپەڕینی١٩٩١
عەباس هەمزە خدر.................................٤٩
کاریگەری ئینفلۆنسەرەکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی
پ.ی.د. صادق سەرگەتی ٦٧
ڕۆڵی عەلائەددین سەجادی لەبواری ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا
پ.د.بەهادین ئەحمەد محەممەد و پ.ی.نەوزاد سدیق محەممەد ٧٩
مێژووی ڕۆژنامە گەری و چاپەمەنی لە شاری سلێمانی
بەهائەددین مەجید ٩٧
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و، ڕۆژنامەگەری کوردی ڕەسەن
فەهمی حەمە تۆفیق ١٠٥
بابەتی گشتی
ژیارەکان :چۆنیەتی دروستبوون، گەشە و هۆکارەکانی هەرەسهێنان
ئا: بەشی توێژینەوە لە سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە ١١٢
کاریگەری خوێندنی باخچە و بنەڕەتی لەسەر زمان و وێژەی کوردی هەر لە سەردەمی حوجرەوە تا خوێندنی سویدی ئەمڕۆ
بەسۆز حمە صدیق محمدامین ١٢١
پوختکردنی کتێبی ژیانی زانستی لەسەردەمی خیلافە لە ئەندەلوس
ن: د. سعد عبدالله صالح البشري
پوختکردنەوەی: بەختیار عەبدوڵڵا.......................١٣٥

نووسینەکان گوزارشت لە ڕای خاوەنەکانیان دەکەن و گۆڤاری ئایندە لێیان بەرپرسیار نییە

مەرجەکانی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ئاینده

١- دەبێ لە بابەت و نووسینەکان (توێژینەوە و بابەتی تیۆری و هزری و ڕۆشنبیریی وتار و بۆچوونەکان..)دا ڕەچاوی بنەماکانی نووسین بکرێت.

٢- لە ڕووی ڕێنووس و تایپەوە، نووسینەکە هەڵەچن کرابێت و کەمترین هەڵەی تێدا بێت و، بە بەرنامەی ووٚرد (word) بۆ گۆڤار بنێردرێت، گۆڤاریش بە مافی خۆی دەزانێت نووسین و بابەتەکان بە پێی بەرنامەی دەستەی نووسەران و ئامانجەکانی گۆڤارەکە بڵاو بکاتەوە.

٣- ئەو بابەت و نووسینانەی پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان یان لە ماڵپەڕ و سایتێکی دیکە بڵاوکراونەتەوە، مەگەر چۆنەکایی، گەرنا لە گۆڤاری ئاینده بڵاوناکرێنەوە.

٤- نووسین و بابەتەکان پوخت و زانستی بن و بە شێوەی خاڵبەند و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبن.

٥- ئاماژە بە سەرچاوەکان بکرێت بۆ نووسین و توێژینەوەکان، توێژەر یان نووسەر خۆی بەرپرسیارێتی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەڵدەگرێت لە حاڵەتی وەرگرتن یان گواستنەوە لە سەرچاوەیەك بێ ئاماژە پێکردنی، یاخود لە حاڵەتی گواستنەوە و وەرگرتنی نووسین و بابەتی ئامادەکراو لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت.

٦- بۆ بابەتی وەرگێڕدراو پێویستە ناوی سەرچاوەکەی لەگەڵدا بێت، یاخود لینکی سەرچاوە ئەسڵیەکەی لەگەڵ بێت.

٧- زمانی نووسین و گوزارشتکردن لە ڕاوبۆچوون لە چوارچێوەی یاسادا و دووربێت لە ناوزڕاندن و شکاندن و پێشێلکاری مافی چاپ و بڵاوکردنەوە.

دەستەی نووسەران

ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە ململانێی

هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی بۆ

دەستپێک:

لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا، کاتێک میقداد بەدرخان لە قاهیرەی پایتەختی میسردا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی بڵاوکردەوە، هەنگاوینا بەرەو دانانی بەردی بناغەی شوناسێکی نەتەوەیی و شارستانیی. ئەمڕۆ لە یادی (١٢٨) ساڵەی ئەو مێژووەدا، وەك وێستگەیەک بۆ ڕاوەستان لەبەردەم ئاوێنەی ڕابردوو و بینینی سیمای شێواوی ئێستای ڕاگەیاندنی کوردیی سەیری دەکەین.

ڕۆژنامەگەریی وەک پەیام و شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی:

مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە ڕابردوودا، مێژووی (پەیام) بوو. ڕۆژنامەنووسانی ئەو سەردەمە خاوەن دۆزی نەتەوەیی و بزوێنەری هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بوون، تەنانەت پەیامی یەکەم ڕۆژنامە هەڵگری بیری ئاینی و نەتەوەیی بوو پێکەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو دەبینین ڕۆژنامەگەریی و میدیا لە سەردەمی شۆڕشدا ئامرازێک بوو بۆ پاراستنی زمان و مێژوو لە بەرامبەر پرۆسەی قڕکردن و سڕینەوەدا. ڕۆژنامە و میدیا بەگشتی قوتابخانەیەک بوو بۆ فێربوونی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی کوردستان و، زۆرێك لە زانا و شاعیر و ئەدیب و بیرمەندە گەورەکانی کورد کاری ڕۆژنامەگەرییان کردووە.

سەرنووسەر

مانەوەوە بۆ تەنگژەی متمانە

ڕابردوو و ئێستای میدیای کوردیی

دۆخی ئێستا:

ئەگەرچی لە ئێستادا لە ڕووی تەکنیکی و ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگاکانی میدیاوە لە لوتکەداین، بەڵام لەڕاستیدا ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە قەیرانێکی قووڵدایە. چونکە زۆربەی میدیاکان بوونەتە سێبەری حزب و گروپە سیاسییەکان و زمانێکی شەڕ و بازاڕی زاڵە بەسەر زۆربەی پەیجەکانی هەواڵ و سۆشیال میدیادا و فەوزایەکی گەورە لەو ڕووەوە دروست بووە و؛ هەواڵ لە خزمەت ئەجێندایەکی دیاریکراودایە نەك بەرژەوەندی گشتی و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە.

زمانی کوردی لەناو میدیاکاندا ڕووبەڕووی شێواندنێکی مەترسیدار بووەتەوە، چ لە ڕووی ڕێزمان و چ لە ڕووی دەربڕینەوە، هەر یەکە و لە ئاوازێك دەخوێنێت. ئێستا خێرایی جێگەی ڕاستگۆیی و میسداقییەتی گرتۆتەوە و کۆکردنەوەی (لایک و کۆمێنت) بووەتە پێوەری سەرکەوتن و یەکەمبوون و، میدیا (میدیای سێبەر و فەیک) لە چاوی بینەر و بیسەر و خوێنەرەوە وەك ئامرازێك بۆ هێرشکردن و ناوزڕاندنی یەکتر سەیر دەکرێت، واتە میدیا لە پەیامی سەرەکی خۆی لایداوە و متمانەی لەدەستداوە.

ئاڵنگارییەکان و ئاسۆی ئاینده:

ئێمە لە گۆڤاری (ئاینده)دا بە تەرخانکردنی تەوەری ئەمجارەی گۆڤارەکەمان بۆ باسکردن لە دۆخی میدیا و ڕۆژنامەگەریی کوردیی،

وێڕای بیرخستنەوەی لایەنە مێژووییەکەی، لێرەدا جەخت دەکەینەوە ڕۆژنامەگەریی و میدیای کوردیی بۆ ئەوەی لەم چەقبەستوویی و فەوزایە ڕزگاری بێت، پێویستی بە جۆرێک لە (ڕاپەڕینی پیشەیی) هەیە. گرفتەکە تەنها لە نەبوونی یاسا یان ئازادیدا نییە، چونکە هەم یاسامان هەیە و هەمیش ئازادی، بەڵکو کێشەکە لە گۆڕانی بەهاکانی ڕۆژنامەگەریدایە، بۆیە جەخت لەم خاڵانە دەکەینەوە:

١- پاراستنی ئێتیکی پیشەیی: بە ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتی خەڵک و دوورکەوتنەوە لە ناوزڕاندن و چەواشەکاری.

٢- پەروەردەی میدیایی: پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگە فێری ئەوە بکرێن چۆن سەرچاوەی ڕاست و درۆ لە یەکتر جیا بکەنەوە و، وریا بن قێڵیان لێ نەکرێت.

٣- گەڕانەوە بۆ پەیامی ڕەسەن: پێویستە میدیا و ڕۆژنامەگەریی کوردیی بگەڕێتەوە بۆ پەیامی ڕەسەنایەتی کە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەسەری بنیاتنرا کە ئەویش گوزارشتکردن بوو لە بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

بە کورتی و پوختی، با یادی ڕۆژنامەگەریی بکەینە دەرفەتێک بۆ ئاشتکردنەوەی ڕۆژنامەنووس و میدیاکار لەگەڵ (ڕاستی) و متمانە بۆ هاوڵاتی بگەڕێنینەوە. ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە (کوردستان)ی نۆبەرەوە تا دەگاتە میدیای دیجیتاڵیی ئەمڕۆ، ڕێگەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕیوە. ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پێویستیمان بە میدیایەکی ئازاد و ڕەخنەگر و پیشەیی خاوەن ئاکاری ڕەسەن هەیە، ئەگەر دوێنێ ڕۆژنامەگەریی و میدیای کوردیی بۆ مانەوەی نەتەوە و بەرەنگاریی بوو بێت، دەبێ ئەمڕۆ بۆ پێشکەوتن و چەسپاندنی ڕاستی تێبکۆشێت و ببێتە جێی متمانەی هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە.

بەهاری ٢٠٢٦.

لە یادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕابردوو و ئێستای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی کوردی

لەیادی (١٢٨) ساڵەی دەرچوونیدا

چەند زانیارییەکی بنەڕەتی و گرنگ لەسەر ڕۆژنامەی «کوردستان»ی نۆبەرە

حامد محەممەد عەلی

ڕۆژنامەی کوردستان وەک (نۆبەرەو یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی) لە پاش بەدواداچون و دۆزینەوەی، لەلایەن کۆچکردووان (دکتۆر مارف خەزنەدار) و (دکتۆر کەمال فوئاد) کە دووەمیان لەساڵی ١٩٧٢ لەبەغدا (٢٦) ژمارە دۆزراوەکانی پێکەوە بەزەنگۆگراف بەچاپ گەیاند، زۆری لەسەرنووسراوە و لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشووری کوردستانیشەوە، چەند جارێک چاپکراوەتەوە، دووجاریان لەلایەن (دەزگای بەدرخان) ەوە، لە قاهیرە و لەتاران.

من بۆخۆم لە ٢٢ی نیسانی ١٩٨٥ لە ڕۆژنامەی (العراق) لاپەڕەی (ثقافة كردية) بابەتێکی نیولاپەڕەییم لەسەر (کوردستان) بڵاوکردەوە..

لەمیانەی ئەو باس و نووسینانەدا دەربارەی ڕۆژنامەی کوردستان، لەم دواییانەدا مشتو مڕ لەسەر ڕۆژی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکە دروستبوو، بەجۆرێک کە ژمارەیەک لەتوێژەران، لەناویاندا مامۆستا (فەرهاد شاکەلی) و کەسانی دیکەش بەتوێژینەوە و بەراوردکاریی ساڵنامەکان، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ژمارەی یەکەمی (کوردستان) لە

٢١ ی نیسان دەرچووە نەک ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ز. تا ئێستاش ئەو مشتومڕە بەلایەکدا نەکەوتووە و هێشتا لە کوردستان، زیاتر لە ٢٢ی نیساندا وەک ساڵانی پێشتر یادی دەکرێتەوە.

(میقداد مەدحەت بەدرخان) ڕۆژنامەی (کوردستان) ی لە قاهیرەی پایتەختی میسر (١٥ ڕۆژ) جارێک بە (٤ لاپەڕەی قەبارە ٥٠/٢٥ × ٥٠/٣٢) دەردەکرد..

وەک دەڵێن یاساکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوکاتە ڕێگەی نەدەدا لە (ئەستەمبوڵ) یان لەشوێنێکی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ئەوان دەربچێ .. میسر لەسەردەمی (محەممەد عەلی پاشا) وە جۆرێک لەسەربەخۆیی هەبوو، بۆیە میقداد وەک کەسێکی دیاری بنەماڵەی بەدرخانییەکان، کۆچی بۆ ئەوێ کرد و ڕۆژنامەکەی لەوێ دوور لە گوشاری دەوڵەتی عوسمانی دەرکرد. میسر ئەو کات زیاتر هەژموونی بەریتانییەکان بەسەریدا زاڵ بوو.

(میقداد مەدحەت) تەنها ٥ ژمارەی لەڕۆژنامەکە دەرکرد، دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵ و ئیتر لە ژمارە (٦) وە (عەبدولڕەحمان)ی برای کاری دەرکردنی ڕۆژنامەکەی لەئەستۆ

گرت و ئەویش نەیتوانی لەقاهیرە درێژە بەدەرچوونی (کوردستان) بدات و لە ژمارە (٦) وە لە ئاوارەبوونی دووەمیدا لەئەوروپا دەستی بەدەرچوون کردەوە، ژمارەکانی (٦- ١٩) لەجنێڤ و (٢٠- ٢٣) جارێکی دیکە لە (قاهیرە) و ژمارە (٢٤)یش لە (لەندەن) و ژمارەکانی (٢٥-٢٩) لەشاری (فۆلکستۆن / بەریتانیا) و هەردوو ژمارەی (٣٠-٣١) یش جارێکی تر لە (جنێڤ) دەرچوون.

دوایین ژمارەی ڕۆژنامەکەش کە(٣١)لە ڕۆژی دووشەممە ٦ی موحەڕەمی ١٣٢٠ک بەرامبەر (١٤ی نیسانی ١٩٠٢) دەرچووە. واتە (کوردستان) چوارساڵ کەم یەک هەفتە یان کەم ٨ ڕۆژ تەمەنی کردووە.

شایانی باسە تا ئێستا ژمارە (١٩)ی کوردستان کە بەحساب لەشاری (جنێڤ) دەرچووە، نەدۆزراوەتەوە و سۆراخی نییە، بەڵام هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی لێرەو لەوێ بەردەوامە.

ڕۆژنامەی کوردستان بە(زمانی کوردی) شێوەزاری (جەزیرە و بۆتان) کە بەشێکە لەزاراوەی کرمانجی سەروو، دەردەچوو.. هەروەها لەژمارە(٤) وە بە (زمانی تورکی)یش وتاری بڵاو کردۆتەوە، بەتایبەتی (عەرزوحاڵ - سکاڵانامە) و (نامەی کراوە - آچیق مکتوب) کە ئاراستەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و خودی (سوڵتان عەبدولحەمید) دەکران. نووسینەکانیشی هەموو بە ڕێنووسی عەرەبی (ئارامی)یە، کە ئەوکات لەسەرتاپای دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ گشت زمانەکان بەکارهاتووە.

ڕۆژنامەی کوردستان بە(زمانی کوردی) شێوەزاری (جەزیرە و بۆتان) کە بەشێکە لەزاراوەی کرمانجی سەروو، دەردەچوو.. هەروەها لەژمارە(٤) وە بە (زمانی تورکی)یش وتاری بڵاو کردۆتەوە

پێش چەند ساڵێک نووسەر و توێژەری بواری ڕۆژنامەنووسی کوردی (عەبدوڵا زەنگەنە) ناوەڕۆکی هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی هێناوەتە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی لە باشوور (سۆرانی) .. هەرچەندە ناوبراو ١٠ ژمارەی بەرایی لە ژمارە ٨ ی گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بڵاوکردۆتەوە و ژمارەکانی دیکەشی هەر بەسۆرانی لە گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس ی سەندیکا) بڵاوکراونەتەوە، وەلێ بەداخەوە هێشتا بۆی نەلواوە وەکو چاپکراوێکی سەربەخۆ، چاپی بکاتەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان، خۆی نیومانگی بووە، بەڵام لەبەر نالەباری هەلو مەرجی دەرچوونی، جگە لە (٥) ژمارەکەی خولی یەکەمی سەردەمی (میقداد مەدحەت بەدرخان)ی دامەزرێنەر، کە لە قاهیرە دوو هەفتە جارێک (ڕۆژانی پێنج شەممە) بەڕێکو پێکی دەردەچوو، ئیتر لەبەر ناجێگیریی شوێنی دەرچوونی و گوازرانەوەی لەنێوان ئەم وڵات و ئەو شاردا، نەیتوانیوە بەشێوەی نیومانگی تەواو دەربچێت، بەڵکو زۆرجار دوادەکەوت. ئەوەبوو

لەژمارە «٢٥»ـەوە ئیتر بەڕەسمی لەجیاتی (پازدە ڕۆژ جارکی) ، لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نووسراوە (هیڤی جارکی دردکڤە) واتە مانگی جارێک دەردەچێ..

هەروەها (کوردستان) وەکو ئاماژەم پێدا نەیتوانی تاکو ژمارە «٣١» ی کەدوا ژمارەی بوو، بەردەوام لەقاهیرە دەربچێ، بەڵکو ناچار لەنێوان پایتەخت و شارەکانی ئەورووپاو (قاهیرە) دا دەسووڕایەوە و بەردەوام لە کۆچدا بوو..

یەکێک لەو خاڵانەی کە لەباسی ڕۆژنامەی (کوردستان) دا شیاوی ئاماژەپێدانە ،ئەوەیە کەهەر لەیەکەمین ژمارەیەوە لەسەرەوە نووسیویەتی (هەرجارەی دووهەزار دانە لەڕۆژنامەکە بەبێ بەرامبەر- بەبەلاش- دەنێرم بۆکوردستان)، دواتر لە (ژمارە ٢٠)وە دیارە بەحوکمی زیاتر دوورکەوتنەوەی ڕۆژنامەکە لەکوردستان و ئاستەنگی گواستنەوە ، (عەبدولرەحمان بەدرخان) ژمارەکەی کەمکردۆتەوە و کردوویە بە (دووسەد) دانە کە گوایە دەینێرن بۆکوردستان.

بەڵام ئایا بە کردەیی ئەو ژمارانە گەیشتوونەتە کوردستان یان نەخێر، ئەوە زۆر ڕوون نییە لەڕاستیدا، چونکە ئەو سەردەمە هۆیەکانی گواستنەوە و بەرید، وەکو پێویست بەردەست و ئاسان نەبووە، جگە لەڕێگری دەوڵەتەکانیش. ڕەنگە ئەوەش لەبەر ئەو هۆکارانە و هەروەها نەبوونی ئەرشیف و کتێبخانە بووبێ، کە بەداخەوە هیچ کام لەژمارەکانی ڕۆژنامەکە لە هیچ پارچەیەکی کوردستان نەدۆزرایەوە.

میقداد مەدحەتی دامەزێنەر و خاوەن و سەرنووسەری یەکەمی کوردستان، بەپێی ئاماژەکان کەسێکی دیندار بووە، مۆرکی ئیسلامەتی بەتەواوی و بەزەقی بە نووسینەکانیەوە، چ وەک سەروتار، چ وەک وتارو بابەت دیارە

میقداد مەدحەتی دامەزێنەر و خاوەن و سەرنووسەری یەکەمی کوردستان، بەپێی ئاماژەکان کەسێکی دیندار بووە، مۆرکی ئیسلامەتی بەتەواوی و بەزەقی بە نووسینەکانیەوە، چ وەک سەروتار، چ وەک وتارو بابەت دیارە و بۆ پاڵپشتی قسە و بۆچوونەکانی، زۆربەی جار (ئایەتی قورئان و فەرموودەی شیرین و قسەی پێشەوایانی ئیسلامی) کردۆتە پاڵپشت و بەڵگە. تەنها لەژمارەی یەکەمدا

جگە لە دەسپێکی (سەروتار) کە بە دەستەواژەی (بسم الله الرحمن الرحیم) و شوکر و حەمد و ستایشی خوادەستی پێکردووە، کە ئێمەی بە موسڵمان خەلق کردووە، لە وتارێکی دوور و درێژدا کەهەمووی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و هاندانی کوردە بۆ بەدەسهێنانی زانست و زانیاری، ئایەتێکی قورئان و پێنج فەرموودەی پێغەمبەر و وتەی پێشەوا و زانایانی هێناوەتەوە بۆ پاڵپشتی قسەکانی.

(میقداد مەدحەت بەدرخان) کەسێکی سەربەخۆو بێلایەن بووە لەڕووی ئینتمای حیزبی و گرۆییەوە، بەڵام کەسێکی موسڵمانی کوردپەروەری دڵسۆز بووە بۆ گەل و نیشتمانەکەی.

هەر ناولێنانی ڕۆژنامەکە بە(کوردستان)، ئاماژەیەکی گەورەیە و دەیسەلمێنێ، کە میقداد خەمی کورد و کوردستانی بووە و وەک خۆی دەڵێ بۆ خێر و خزمەتی کوردان ڕۆژنامەکەی لەسەرحسابی خۆی و بەماندووبوونی خۆی دەردەکات، بۆیە بە ناوەکەی و بە شیتەڵکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو (٥) ژمارەی سەرەتای (کوردستان) بۆمان دەردەکەوێ کە میقداد مەدحەت بەدرخان وەک بیروبۆچوون، ڕێبازێکی (ئیسلامی - نەتەوەیی) یان (نەتەوەیی - ئیسلامی) هەبووە و (کوردستان)یش ئاراستەکەی نیشتمانی نەتەوەیی - ئیسلامی بووە و میقداد پێی وابووە کە گەلی کورد خاوەنی ناسنامەی لێک گرێدراوی(نەتەوەیی و ئاینی) خۆیەتی.

ئەمەش هەم لەبنەماڵەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە و هەم لەو سەردەمەشدا ئەم ناسنامەیە باو بووە.

- میقداد لە ڕۆژنامەکەیدا بەنەرمی موخاتەبەی دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتان عەبدولحەمیدی کردووە و هێرشی توندی نەکردووەتە سەریان، بەڵکو داواکارییەکانی لەشێوەی سکاڵا و عەرزوحاڵ بڵاوکردۆتەوە..

هەروەها میقداد لەنووسینەکانیدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و جیابوونەوەی کوردی لە دەوڵەتی عوسمانی و مافی سیاسی بۆ کورد نەکردووە، چونکە

هەروەها میقداد لەنووسینەکانیدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و جیابوونەوەی کوردی لە دەوڵەتی عوسمانی و مافی سیاسی بۆ کورد نەکردووە

لەلایەک بیری نەتەوەیی بە مەفهومە سیاسییە ئایدۆلۆجیەکەی، هێشتا بەتەواوی نەخەملیبوو . لەهەمانکاتدا عوسمانییەکانیش بەناوی نەتەوەی تورکەوە، دەوڵەتیان بەڕێوە نەدەبرد، بەڵکو دەوڵەتی عوسمانییان وەک چەترێک وێنا دەکرد، کە هەموو نەتەوە موسڵمانەکان لەژێریدا کۆبوونەتەوە ، لە (تورک و کورد و عەرەب و چەرکەس و هتد).

مێژوونووسی گەورەی کورد (ئەمین زەکی بەگ) دەڵێ: تاکو تورکەکان باسی نەتەوەی تورک و دەوڵەتی تورکیایان نەکرد، ئێمەش باسی کوردایەتی و سەربەخۆیی کوردستانمان نەکرد، بەڵام کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، تورکەکان بەسەرکردایەتی (مستەفا کەمال) دەوڵەتی نوێی تورکیایان دامەزراند، ئێمەش ئیتر مافی خۆمان بوو وەک نەتەوەی کورد باسی خۆمان بکەین.

ڕەنگە بەشێک لەو شێواز و دەربڕینە نەرمەی میقداد مەدحەت بەدرخان، لە پەیامەکانیدا بۆ (باب العالی) پەیوەندی بە کەسایەتی خۆی و باکگراوەندی ئیسلامییەوە و هەروەها نیازی گەڕانەوەی بۆ (ئەستەمبوڵ)ەوە هەبووبێت.

لەپاش گەڕانەوەی میقداد مەدحەت بەدرخان بۆ ئەستەمبوڵ و بەجێ هێشتنی (ڕۆژنامەی کوردستان)، (عەبدولڕەحمان بەدرخان)ی برای بەحوکمی ئەندامێتی لە کۆمەڵەی (اتحادوترقی) یان پەیوەندی و هاوسۆزی بۆیان، تاڕادەیەک ئاراستەی ڕۆژنامەکەی گۆڕی و شێوازی پەیامەکانی کە ئاراستەی (باب العالی) دەکرد، تاڕادەیەک توند بوو.

> ڕۆژنامەی (کوردستان) ئەگەرچی لەو دوو خولەدا ژمارەیەکی زۆری لێ دەرنەچووە و لاپەڕەکانیشی زۆرنەبوون، بەڵام بەهایەکی مێژوویی و سیاسی و کەلتووریی گرنگی هەیە

بۆیە هەندێ لە لێکۆڵەران پێیان وایە (کوردستان) لەبنەڕەتەوە، یان لانیکەم لەخولی دووەمیدا لەسەردەمی عەبدولڕەحمان بەدرخاندا، زمانحاڵی (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) بووە و بەسپۆنسەری ئەوان دەرچووە. دیارە کە ئەم کۆمەڵەیەش پەیوەندی بە (ڕێکخراوی ماسۆنی جیهانییەوە) هەبووە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم، ڕۆژنامەی (کوردستان) ئەگەرچی لەو دوو خولەدا ژمارەیەکی زۆری لێ دەرنەچووە و لاپەڕەکانیشی زۆرنەبوون، بەڵام بەهایەکی مێژوویی و سیاسی و کەلتووریی گرنگی هەیە و شیاوی ئەوەیە کەتوێژینەوەی زیاتر لە سەر ناوەڕۆکی ژمارەکانی بکرێ، لەهەردوو خولدا و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە زیاتر شی بکرێتەوە، نەک تەنها باسی لایەنی شەکڵی و هەلو مەرجی دەرچوونی و ئەو شتانە بکرێ.

- **سەرچاوەکان :-**

+ کوردستان.. یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی / د. کەمال فوئاد - چاپی یەکەم بەغدا ١٩٧٢، چاپی سێیەم، تاران ٢٠٠٦- دەزگای بەدرخان.
+ زانیارییە تایبەتەکانی نووسەر لەسەر ڕۆژنامەکە و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەگشتی.

پڕۆفایل ...

- نووسەر و ڕۆژنامەنوس.
- لەدایکبووی خانەقین ١٩٦٠.
- بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی لە زانکۆی بەغدا ١٩٨٥ -١٩٨٦.
- ماستەر لەهەمان پسپۆریی لە زانکۆی سانت کلیمێنتس ٢٠٠٨.
- ژمارەیەک کتێب و نامیلکەی هەیە لەبواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی و بواری دیکەدا.
- سەدان وتاری بڵاوکراوەی هەیە، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئێراق و کوردستان.
- ئەندامی دەستەی دامەزێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی باڵا و سکرتێری پێشووی سەندیکاش بووە.
- لە ١٩٩٧ - ٢٠٠٥ سەرنووسەری ڕۆژنامەی یەکگرتوو بووە.
- بەشداریی لەچەندین کۆنگرە و وۆرکشۆپی ناوخۆ و دەرەوەی کردووە، بەتایبەت لەبواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی و کاری سەندیکاییدا، لەوانە لەبەغدا و تاران و عەممان و پاریس و مۆسکۆ و ئیسپانیا..
- ئێستا خانەنشینە و دانیشتووی هەولێرە.

داستانی دەسەڵاتی چوارەم لە جیهان و کوردستاندا

محمد عزیز لۆتەری

٢/١

ڕێخۆشکردنێکی مێژوویی:

هەرچەندە لە ڕوانگەی هەموو ئاین و ڕۆشنبیرییەکان، بوون و نووسین و ئاخاوتن یەک سەرەتایان هەیە، چ لە مەلەکوتی باڵای خوا و فریشتەکان، چ لە جیهانی مرۆڤایەتی؛ کەسێک سەیری تەورات و قورئان و ئاڤێستا و کەنزەبرا و ڤیدا و زەبوور و ئینجیل بکات، زۆر باش ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، یان سەیری لەوحە نووسراوەکانی سۆمەر و بابل و ئاشوور و ئەهرامەکانی میسر و بێستوونی ئێران و نووسراوە دێرینەکانی هیند و چین و گریک و شام و یەمەن بکات، بۆی دەردەکەوێت کە دیاردەی نووسین و خوێندن و یاساناسی و ئاینداری هەمیشە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا دوانە بووە.

بەڵام کاتێک دێینە سەر مێژووی نوێ، بە تێڕوانینی ڕۆژئاوایی، مرۆڤ و نووسین و ئاخاوتن، مرۆڤ و ژیری و هۆشیاری لێک دەترازێن؛ هەزاران ساڵ مرۆڤ وا وێنا دەکرێت کە ئاژەڵێکی هیچ لەباران نەبووە. ئەورووپاییەکان وەک چۆن بۆ هەموو سەروەری و دەسەڵاتێک سەرەتایەکیان داناوە کە لای خۆیانەوە دەست پێ دەکات، بۆ دەستپێکی ڕۆژنامەنووسیش بە هەمان شێوە. من لێرە باسی هەموو ئەو بڵاوکراوە و نووسراوە خولی و وەرزی و ساڵانانە ناکەم کە لە پێش داهێنانی چاپەمەنی لە ئەورووپا لەناو گەلان نووسراون، وە چاو لەو گریمانانەش دەنوقێنم کە دەڵێن چاپەمەنی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و ئەلیکترۆنی زۆر جاری تر لە ژیانی مرۆڤایەتی پەیدا بووە و بەڵام بەهۆی سەرکێشییەک دووبارە مرۆڤ گەڕاوەتەوە دواوە.

بەڵکوو ڕاستەوخۆ بە باسی ڕۆژنامە و گۆڤاری دوای داهێنانی چاپخانە دەکەم، کە لەلایەن مسگەرێکی ئەڵمانی بەناوی یوحەنان گۆتنبێرگ (١٣٩٨ - ١٤٦٨) داهێنرا؛ و یەکەم کتێبێک کە پێی چاپ کرا ئینجیل بوو لە ساڵانی ١٤٥٢ - ١٤٥٥. لەبەر زۆریی ڕمێنی ئینجیل و زۆرفرۆشی، ئەم داهێنانە لە ئەڵمانیا زیاتر بۆ بڵاوکردنەوە و چاپکردنی ئینجیل بەکار هات کە بۆ ئەو کاتە داهاتەکەی زۆر بوو. ناوبراو لە شاری ماینتسی ئەڵمانیا ژیا و مرد، کە ئەو کاتە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریی ڕۆمای پیرۆز. دوای ئینجیل بە لاتینی (صكوك الغفران) (١٤٥٤ - ١٤٥٥ز) کە بە پارەیەکی زۆر دەفرۆشران و بەهەشت لە دنیا کڕین و فرۆشتنی لەسەر بوو؛ کتێبی سێیەم تەوڕات و چوارەمیش بەشێک لە تەوڕات بوو، تا نووسراوەی حەوتەم و هەشتەمیش هەر نووسراوی مەسیحی بووە. ئەمەش ڕەتی ئەوە دەکاتەوە کە گەل و زانایانی ئەورووپا زۆر دژی کەنیسە بووبێتن.

> یەکەم چاپخانەی کوردی لە ناو خاکی کوردستان، چاپخانەکەی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودە لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٠ و چاپخانەی دووەمیش چاپخانەی زاری کرمانجیی گیوی موکریانییە لە ١٩٣٨ و دوای ئەویش چاپخانەکەی کوردستانی کۆماری مەهابادە

لە دوای ئەڵمانیا چاپخانە لە ساڵی ١٤٦٤ز گەیشتە شاری (سوبیاکۆ) لە ئیتالیا کە یەکەم چاپخانە بوو لە دەرەوەی ئەڵمانیا، دواتر لە سویسرا شاری (بال): لە ساڵی ١٤٦٨، و فەرەنسا شاری (پاریس): لە ساڵی ١٤٧٠، و لە ئیسپانیا: ١٤٧٢، و لە هۆڵەندا شاری (ئۆتریخت): ١٤٧٣، لە ئینگلتەرا (برۆج دوای لەندەن): ١٤٧٣ - ١٤٧٦، لە دانمارک شاری (ئۆدێنسێ): ١٤٨٢، لە سوێد شاری (ستۆکهۆڵم): ١٤٨٣، پورتوگال شاری (لیشبۆنە): ١٤٨٧. تا ساڵی ١٥٠٠ز ئەو شارانەی لە ئەورووپا چاپخانەیان تێدا بوو ٢٨٠ شار بوو لە بیست وڵاتی ئەورووپی و ژمارەی چاپکراوەکان گەیشتە دە هەزار کە زۆربەیان ئایینی و ئەدەبی بوون. چاپخانە لە ساڵی ١٥٣٩ چووە ناو مەکسیک لە دەرەوەی ئەورووپا و یەکەم شوێن لە ئەمریکا مەکسیک بوو، لە ساڵی ١٥٥٥ گەیشتە ڕووسیا، جولەکە لە ١٤٩٣ چاپخانەیان هێنابوو بۆ ئەستەمبوڵ، بەڵام ماوەیەکی زۆر تەنیا شتی خۆیان پێ چاپ دەکرد. وە یەکەم جار کتێبی چۆنێتیی حەجکردنی مەسیحییەکان بۆ قودس بە زمانی عەرەبی، لە ساڵی ١٤٨٦ز لە ئەڵمانیا چاپ کرا لەلایەن قەشەیەکی هۆڵەندییەوە. ئیتاڵییەکان لە ١٥١٤ز لە شاری (فانۆ) یەکەم چاپخانەیان بە پیتی عەرەبی دانا کە بە چاپخانەی ڤاتیکان ناسراوە، کە تایبەت بوو بە چاپکردنی کتێبی پیرۆز بە عەرەبی. بەڵام زمانی عەرەبی وەک پیتەکان دەیەم زمان بوو لە دوای لاتینی (١٤٥٥) و ئەڵمانی (١٤٦٠) و ئیتاڵی (١٤٦٤) و ئیسپانی (١٤٧٢) و ئینگلیزی (١٤٧٣) و کرواتی یەکەم زمانی سلاڤی (١٤٧٤) و عیبری (١٤٧٥) و فەرەنسی و یۆنانی هەردووکیان (١٤٧٦)، وە سلۆڤینی (١٥٠٨) و ئەرمەنی (١٥١٢) و عەرەبی وەک زمانی پاراو (١٥١٤)؛ یازدە و دوازدە و سێزدە و چواردەم زمان بوون بۆ چاپ. و ڕۆمانی (١٥٤٤) و ڕووسی (١٥٥٣) و سەنسکریتی (١٥٧٨)، سریانی ١٦١٠ و فارسی ١٦٣٩ دووەم زمانی ئیسلامییە دوای عەرەبی و، تورکی عوسمانی ١٧٢٩ز بوو کە چاپخانە لە ئەستەمبوڵ دانرا. وە یەکەم چاپخانەی عەرەبی لە حەلەب ١٧٠٦ و لە میسر بولاق ساڵی ١٨٢٢ز بوو، لە تەورێزیش یەکەم چاپخانە ساڵی ١٨١٦ دانرا. وە لە عێراقیش لە ساڵی ١٨٢١ چاپخانە هاتووەتە بەغدا. هەرچەندە دەگوترێت چین و یابان و کۆریا زۆر لە پێش ئەورووپا چاپیان زانیوە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نەبووە؛ چین لە سەدەی شازدە و

نیپاڵ لە ١٨٠٠، کۆریاش لە ١٨٥٠ و هیندستان لە ١٥٥٦ بەهۆی مۆبەشیرە پورتوگالییەکان و یابان ١٨٧١ و فلیپین ١٥٩٣ لەلایەن تەبشیرییەکان بووە.

سەبارەت بە یەکەم جاری چاپی کتێب بە کوردی، دەگوترێت کە کەسێک بەناوی (مۆریتسۆ گارزۆنی) هاووڵاتیی ئیتاڵی کە مژدەدەری ئایینی مەسیحی بووە هاتووەتە کوردستان، بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ناو کوردانی مووسڵ و ئامێدی ژیاوە، وەک مژدەبەخشی ئایینی مەسیحی کاری کردووە؛ هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی فەرهەنگێکی زمان دابنێت. لە نێوان ساڵەکانی ١٧٦٤ و ١٧٧٠ فەرهەنگی کوردی و ئیتاڵی داناوە کە ٤٥٠٠ وشە لەخۆ دەگرێت و ٢٨٨ لاپەڕەیە؛ لە دوا لاپەڕەی کتێبەکەیدا نووسراوە لە ٢٧ نۆڤەمبەری ١٧٨٦ بڵاو کراوەتەوە، بەڵام وا پێدەچێت لەم مێژووە دابێتی بە چاپخانە و لە ساڵی ١٧٨٧دا لە چاپخانە تەواو بووە و بڵاو کراوەتەوە. ئەو فەرهەنگە جارێکی تر لە ساڵی ١٨٢٦ چاپ کراوەتەوە. ناوەڕۆکی کتێبەکە بەم جۆرەیە: پێشەکی، ئەلفابێ، ئەلفابێی لاتینی کوردی بە ئەلفابێی فارسی بەراورد کردووە بە ٣٢ پیت لە ئەلفبا تا ی، ڕێزمان، ژمارەکانی کوردی، فۆرمی جیاواز و پێچەوانە، وشەکانی کوردی و ئیتاڵی، نوێژی یەکشەممە بە کوردی، سڵاوی مەلائیکەتان، پەراوێز. بەڵام سەبارەت بە یەکەم چاپکرانی کوردی کە کورد خۆیان نووسیویانە، کەشکۆڵێک لە ساڵی ١٨٤٤ لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە کە بەشێکی ئەو کەشکۆڵە شیعری هەورامییە. ئینجیل بە زمانی کوردی بەڵام بە پیتی ئەرمەنی، یەکەم جار لە ئەستەمبوڵ لە ساڵی ١٨٥٦ چاپ کراوە.

لە ساڵی ١٨٥٨ دیوانی مەلا عوسمانی جەلالی لە بەغدا چاپ کراوە. بەڵام یەکەم چاپخانەی کوردی لە ناو خاکی کوردستان، چاپخانەکەی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودە لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٠ و چاپخانەی دووەمیش چاپخانەی زاری کرمانجیی گیوی موکریانییە لە ١٩٣٨ و دوای ئەویش چاپخانەکەی کوردستانی کۆماری مەهابادە. کەواتە زمانی کوردیش زۆر دوا نەکەوتووە لە زمانەکانی تر؛ لەوانە بوو ئەگەر پێویستیی تەبشیر و مژدەدەری ئایینی و فراوانخوازی و چاوچنۆکیی ئەورووپاییەکان نەبوایە، نەیاندەهێشت کە کەس لە گەلانی تر چاپکردن فێر بن، بەڵام زۆربەی گەلان بەهۆی مژدەدەریی

تێکستەکانیان چاپ کران. دیسان لێرەش ئەو بەناو دوژمنایەتییەی نێوان کەنیسە و ئەوروپاییە ئیمپریالیزمەکان لێرەش ڕاست دەرناچێت و ئەوەی لە بابەتی دژایەتیی ئەورووپا و ئایینەکەی زۆر زەق دەکرێتەوە، هەموو لە پێناو هەڵخەڵەتاندنی گەلانە تا خۆیان لە ناسنامەی ئایینی داماڵن تاکو پاروویەکی ئاسن بن بۆ ئەورووپاییەکان.

سەرەتای بەکارهێنانی چاپ بۆ بواری ڕۆژنامەگەری لە جیهاندا:

دیسان بۆ ئەمەش وەک چاپ ئاماژە بە چین دەکرێت، بەڵام ئەم دیاردانەی چاپ و ڕۆژنامە و ڕۆکێت و باروتی چینی نەگوازراونەتەوە بۆ هیچ کوێیەک و هەر لە چین مردوون، بۆیە ناتوانین وەک سەرەتا ئاماژەیان پێ بکەین. بۆیە یەکەم ڕۆژنامە ئاماژە بە ڕۆژنامەی ئەڵمانی **Relation aller Fürnemmen und] [gedenckwürdigen Historien** واتە: ئەو هەواڵە هەڵبژاردانەی کە پێشەنگ و ستراتیژین، ئاماژەی پێ دەکرێت کە لە شاری شتراسبورگ لە ساڵی ١٦٠٥ز دەرچووە و خاوەنەکەی (یۆهان کارۆلۆس) بووە. دووەمیش هەر ئەڵمانی بووە کە ڕۆژنامەی ئەڤیسا لە ساڵی ١٦٠٩. سێیەم ڕۆژنامەی **Courante uyt Italien, Duytslandt** ی هۆڵەندی بوو لە ئەمستردام لە ساڵی ١٦١٨ز بە واتای هەواڵەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا. چوارەمیش ڕۆژنامەی مژدە نوێیەکان **Tijdinghen** (البشائر الجديدة) لە ساڵی ١٦٢٠، پێنجەم ڕۆژنامە هەفتەنامەی هەواڵی **Corante** بوو لە ئینگلتەرا لە ساڵی ١٦٢١ز، شەشەم ڕۆژنامە هەر یەک لە فەرەنسا بەناوی **La Gazette** لە ساڵی ١٦٣١ز هەواڵنامەیان هەبووە و ناوی غەزەتە لەوەوە هاتووە کەچی ئێستا وا دەزانرێت وشەیەکی تورکییە. وە بە هەمان ناو لە ساڵی ١٦٤١ لە کەتەلۆنی، وە لە ١٦٤٥ لە سوید **och Inrikes Tidningar** دەرچوو، تا ئێستاش بە هەمان ناو هەر بەردەوامە و بۆیە کۆنترین ڕۆژنامەی جیهان دادەنرێت کە تا ئێستا مابێتەوە، بەڵام لە ٢٠٠٧ بووەتە ئەلیکترۆنی.

وە لە ساڵی ١٦٦١ بە ئیسپانی غەزەتەی مەدرید دەرچوو، وە لە هەمان ساڵ بە پۆڵەندی دەرچوو، وە لە ساڵی ١٦٦٤ بە ئیتاڵی دەرچوو. ئەوەی لە ١٦٦٤ بە ئیتاڵی دەرچوو بەناوی **Gazzetta di Mantova** تا ئێستاش بە هەمان ناو هەر بەردەوامە و ناوی غەزەتەی کردە ناوێکی جیهانی. وە لە ئەمریکاش یەکەم ڕۆژنامە لە بۆستن

لە ٢٥ / ٩ / ١٦٩٠ دەرچووە و یەکەم گۆڤاریش لە جیهان ١ / ٨ / ١٧٥٠ بڵاو بووەتەوە. لە ئوسترالیا یەکەم ڕۆژنامە کە غەزەتەی سیدنی بوو لە ١ / ٨ / ١٨٣٣ بڵاوکرایەوە. کۆنترین ڕۆژنامە لە جیهانی ئیسلامیی عەرەبی لەلایەن کۆتا پاشای مەمالیکەکان لە عێراق، داود پاشا، لە ساڵی ١٨١٨ دەرچوو بەناوی گۆرناڵی عێراق بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی؛ بەڵام عوسمانییەکان کە لە ساڵی ١٥١٨ مەمالیکیان لە میسر ڕووخاند، داود پاشاشیان لە ١٨٣١ ڕووخاند و هیچ دانەیەک لەو ڕۆژنامەیە دەست ناکەوێت، بۆیە دەڵێن کە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژهەڵات ڕۆژنامەی (الوقائع المصرية)ـە کە لە ساڵی ١٨٢٨ لە میسر بە عەرەبی و تورکی دەرچوو کە تا ئێستاش بەردەوامە. لە دەوڵەتی عوسمانیش کۆنترین ڕۆژنامە بە تورکی ڕۆژنامەی (تقويم وقائع) بوو کە لە ١٨٣١ز لە ئەستەمبوڵ دەرچوو و، ڕۆژنامەی زەورا لە سەردەمی مەدحەت پاشای عوسمانی لە بەغدا لە ساڵی ١٨٦٩ دەرچوو، وە یەکەم ڕۆژنامەی فارسی (کاغذ اخبار) لە ساڵی ١٨٣٧ز دەرچوو. بۆیە نابێت کورد لەو بێدەوڵەتی و بێدەرامەتییە خۆی بە کەم بزانێت کە زۆر لە گەل و نەتەوە خاوەن ئیمپراتۆرەکان دوا نەکەوتووە و یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ز بەرامبەر ٣٠ی ذي القعدةی ١٣١٥ی کۆچی بە زمانی کرمانجیی بۆتانی لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە (١٨٥٨ - ١٩١٥) بەناوی ڕۆژنامەی کوردستان دەرچوو.

ڕووماڵێکی خێرای ڕۆژنامەی کوردستان:

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە (٣٠)ی ذی القعدةی (١٣١٥)، بەرامبەری (٢٢)ی نیسانی (١٨٩٨) بڵاو کرایەوە تا ژمارە پێنج، پاشان ژمارە (٦) تا (١٩)ی لە (جنێف) دەرچوو، دووبارە ژمارە (٢٠) تا (٢٣)ی کەوتەوە قاهیرە و ژمارە (٢٤) لە لەندەن و ژمارە (٢٥) تا (٢٩) لە فۆلکستۆن و ژمارە (٣٠) و (٣١) جارێکی تر لە (جنێف) دەرچووە؛ (٢٦) ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە کتێبخانەی دەوڵەتی لە شاری (ماربۆرگ) لە ئەڵمانیا تا ئێستا پارێزراون. ڕۆژنامەی کوردستان کە دوا ژمارەی لە (١٤)ی نیسانی (١٩٠٢ز) دەرچوو، لە سەرەتاوە تا ژمارە (٢٤) پانزە ڕۆژ جارێک دانرابوو بۆ دەرچوونی، لە ژمارە (٢٥)ـەوە بوو بە مانگانە و لە ماوەی

چوار ساڵی تەمەنی لەبەر بارودۆخی ناهەموار تەنیا (٣١) ژمارەی لێ دەرچوو، هەر ژمارەی دوو هەزار دانە دابەش دەکرا بەسەر ڕۆشنبیرانی هەموو بەشەکانی کوردستان.

لیستی ڕۆژنامە و چاپەمەنییە کوردییەکان:

١ - کوردستان، ڕۆژنامە، قاهیرە / جنێف، یەکەم ژمارەی ساڵی ١٨٩٨، بە گشتی ٣١ ژمارە.

٢ - ڕۆژنامەی (کورد) لە ئەستەمبوڵ (زیاتر بە گۆڤار دەچێت بەڵام لە بەرگەکەی نووسیویانە غەزەتە)، زمانحاڵی ئۆرگانی کۆمەڵەی (تعاون و ترقی کورد) بووە، لە پایزی ١٩٠٨ (پیرەمێرد) هەڵبژێردراوە بە خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارەکە کە ١٩ ژمارەی لێ دەرچووە؛ یەکەم ژمارەی لە ٢٢ / ١١ / ١٩٠٨ دوا ژمارەی لە ١٧ / ١ / ١٩٠٩ دەرچووە. لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: ڕۆژنامەیەکی دینی، زانستی، سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە. کەسایەتییە کوردەکانی وەکوو سەعید نورسی، خەلیل خەیاڵی، پیرەمێرد، ئیسماعیل حەقی... بابەت و وتاریان تێدا نووسیوە.

٣ - ڕۆژا کورد: گۆڤاری مانگانە، ئەستەمبوڵ، ١٩١١ - ١٩١٢، زمانحاڵی کۆمەڵەی [جڤاتا هیڤی تەلەبێ کوردان]. لە ١٩ی مانگی ٦ی ١٩١٣ یەکەم ژمارەی بڵاوکرایەوە و ژمارەی دووەمی لە ١٩-٧-١٩١٣؛ دیارە ژمارەکانی ٤-٥ چوونە ساڵی ١٩١٤. ئەم جڤاتە کە قوتابییە هەرە نزیکەکانی سەعید نورسی، کە هەریەک لە خەلیل خەیاڵی و حەمزە موکسی و ئەحمەد ڕامز کوردیزادە و محەممەد مێهری هەورامانی و ئیسماعیل حەقی بابان و مستەفا شەوقی مەهابادی بوون؛ لەسەر بەرگی گۆڤارەکە نووسرابوو: «ئایینی، سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی». عەبدولکەریم کوڕی حاجی عەبدوڵڵای حەمە شارباژێڕی (١٨٨٠ - ١٩٢٩)، خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نووسینی بووە. کاتێک گۆڤارەکە بڕیاری یاساغکرانیان بۆ دەرچووە، ماوەیەک ناوەکەی گۆڕاوە بە «هەتاوی کورد» و پاشان ئەویش ڕاوەستاوە؛ خاوەن ئیمتیازی

> لە دەوڵەتی عوسمانیش کۆنترین ڕۆژنامە بە تورکی ڕۆژنامەی (تقویم وقائع) بوو کە لە ١٨٣١ز لە ئەستەمبوڵ دەرچوو

گۆڤارەکەش لەلایەن تورانییەکان بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە بەڵام بە تکا و لەبەر شێوانی وڵات ڕزگاری بووە. بنکەی (ژین) لە سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٥ بە هەوڵی بەڕێز عەبدوڵڵا زەنگەنە و ژمارەیەک نووسەر بە نووسینەوەی نوێ، لە چاپیان داوەتەوە.

٤ - ڕۆژنامەی مەشرووتییەت ١٩١٢ - ١٩١٣: مەرجداریێتی = دەستوور، کە زمانحاڵی ئەو گرووپە بوو کە شەریف پاشای خەندان لە دوای ڕۆیشتنی بۆ پاریس و ڕزگاربوونی لە هەوڵی تیرۆرکران لەلایەن ئیتیحادییە تورانییەکان بەناوی (گرووپی ئیصلاحی بنچینەیی) دروستی کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تورانییەکان. شایانی باسە (٥٤) ژمارەکەی ڕۆژنامەی (مەشرووتییەت) لە ئەرشیفی هەردوو کتێبخانەی حکوومەتی سوێد لە (ئۆپسالا) و (ستۆکهۆڵم) پارێزراون.

> محەممەد ئەمین بۆزئەرسەلان و زنار سلۆپی، پێیان وایە (سەعید نورسی و حەمزە موکسی بەڕێوەبەری گۆڤاری (ژین) بوون و لەگەڵ خەلیل خەیاڵی) ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تەعالیی کوردستان بوون، دواتر چەندین کەسایەتیی کورد بوونەتە ئەندام

٥ - گۆڤاری کوردستان: هەفتانەیەکی سیاسی، ئیجتماعی، ئەدەبی، عیلمی بووە؛ زمانحاڵی کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعارفی کورد کە لە ساڵی ١٩٠٨ وەک بەشی ڕۆشنبیریی کۆمەڵی تەعاون و تەرەقیی کورد بووە. ئەم کۆمەڵەیە سەعید نەورەسی (١٨٧٧ - ١٩٦٠) و قوتابییەکانی و کۆمەڵێک ڕۆشنبیری تر دایانمەزراندووە، محەممەد مێهری هەورامی (١٨٨٩ - ١٩٥٧) سەرنووسەری بووە. لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە و (٣٧) ژمارەی لێ دەرچووە؛ یەکەم ژمارەی لە ١٩١٧ز دەرچووە، پاش دەرچوونی ژمارەی ٣٧، لەلایەن کەمالیستەکانەوە لە ١٩١٨ز داخراوە.

٦ - گۆڤاری وەلقان: کە زمانحاڵی کۆمەڵەی ئیتیحادی محەممەدی بووە، کە کۆمەڵێک کەسایەتیی موسڵمانی کورد لە کاردانەوەی ئیتیحاد و تەرەقیی تۆرانی لە ساڵی ١٩٠٨ دایانمەزراندبوو؛ سەرنووسەری ئەو

گۆڤارەش دەروێش وەحدەتی (١٨٧٠ - ١٩٠٩) بوو کە تۆرانییەکان پاش داخستنی گۆڤارەکەی، دەروێش وەحدەتییان لە ساڵی ١٩٠٩زدا لە سێدارە دا.

٧ - گۆڤاری بانگی کورد: ژمارەی یەکەمی لە (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩١٤ز) دەرچووە، هەر (١٥) ڕۆژ جارێک ژمارەیەکی لێ دەرچووە؛ هەر پێنج ژمارەکانی لە چاپخانەی (ئاداب) لە شاری بەغدا چاپ کراون. بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی لە شاری بەغدا جەمال بابان (١٨٩٣ - ١٩٦٥ز) سەرنووسەری بووە؛ بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی ١٩١٤ی جیهانییەوە وەستاوە. ئەم گۆڤارە دەبێتە یەکەم گۆڤاری کوردی کە لە عێراق چاپ کرابێت.

٨ - ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی: یەکەم ژمارە ڕۆژی سێشەممە (١٨)ی ڕەبیعولئەوەڵی (١٣٣٦ ک)، (١)ی کانوونی دووەمی (١٩١٨ز) لە شاری بەغدا بە زمانی کوردی و بە ڕێنووسی فارسی و ئەلفبێی عەرەبی دەرچووە تا ساڵی (١٩١٩ز) توانرا (٦٧) ژمارەی بڵاو بکرێتەوە؛ سەرەتا هەفتەی (٢) ژمارە و پاشان بووەتە هەفتانە. سەرپەرشتیارانی ڕۆژنامەکە (میجەرسۆن) (١٨٨١ - ١٩٢٣ز)ی حاکمی سیاسیی ئینگلیز و شاعیر و ئەدەبدۆستی کورد (شوکری فەزڵی)ش (١٨٨٢ - ١٩٢٦ز) یەکێکی تر بووە لە سەرپەرشتیاران، هەروەک د. کەمال مەزهەر ئاماژەی پێ کردووە. ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ڕۆژنامەی چاپکراوە بە کوردی لە عێراق.

٩ - گۆڤاری ژین: کە لە ساڵانی ١٩١٨ - ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، زمانحاڵی ئۆرگانی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان بووە؛ ئەو کۆمەڵەیە (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) ساڵی ١٩١٨ لەسەر دەستی حەمزە موکسی و خەلیل خەیاڵی و سەعید نورسی دامەزرا. محەممەد ئەمین بۆزئەرسەلان و زنار سلۆپی، پێیان وایە (سەعید نورسی و حەمزە موکسی بەڕێوەبەری گۆڤاری (ژین) بوون و لەگەڵ خەلیل خەیاڵی) ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تەعالیی کوردستان بوون، دواتر چەندین کەسایەتیی کورد بوونەتە ئەندام؛ لەوانە: ئەمین عالی بەدرخان، شێخ سەعیدی پیران، شەریف پاشای خەندان، تۆفیق وەهبی، ئیحسان نوری پاشا، پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەنووس، عەزیز یامولکی، ئەمین زەکی بەگ، عەبدولکەریمی

حاجی عەوڵا شارباژێری. شەریف پاشای خەندانیش بە ناوی کۆمەڵەی ناوبراوەوە -لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە لە ساڵی ١٩١٩- بە نوێنەری کورد بەشداری کۆنگرەی ئاشتیی پاریسی کردووە، بەڵام دواتر کە زانی کۆمەڵەی گەلان ڕاستگۆ نین دەستی لە کار کێشایەوە. پاشان شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی بووەتە سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە؛ ئەم بەڕێزە لەو پێناوەشدا گیانی بەخت کرد و ساڵی ١٩٢٥ لە شاری ئامەد لەسەر دەستی تاقمەکەی ئەتاتورک لە سێدارە درا و شەهید کرا. بەڵام گۆڤاری ژین هەر لە دوو ساڵی ١٩١٨ - ١٩١٩ز (٢٥) ژمارەی لێ دەرچووە بە زمانی کوردی و تورکی؛ سەرەتا کەسێک بەناوی ئەشرەف حەمزە و دواتر کەسێک بەناوی مەمدوح سەلیم بەرپرسی بوون کە پێدەچێت نازناو بن.

١٠ - پێشکەوتن: ڕۆژنامە، سلێمانی، ١٩٢٠ - ١٩٢٢، ١١٨ ژمارە. ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە ڕۆژی پێنجشەممە (٢٩)ی نیسانی (١٩٢٠ز) (١١)ی شەعبانی (١٣٣٨ک) لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بە تایبەتی (مێجەرسۆن)ــەوە لە سلێمانی بڵاو کرایەوە؛ (١١٨) ژمارەی لێ دەرچووە و تا (٢٧)ی تەمموزی (١٩٢٢ز) بەردەوام بووە. یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە کە لە سلێمانی چاپ بکرێت و کۆمەڵێک نووسەری گەورەی پێگەیاند.

١١ - ڕۆژنامەی کورد: سمکۆی شکاک لە ١٩١٩ بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردیی سەربەخۆ شۆڕشێکی بەرپا کرد و لە ١٩٢٢ خۆی بە پادشای کوردستانی سەربەخۆ ڕاگەیاند و حکوومەتی پێکهێنا و ڕۆژنامەی کوردی بە هاوکاری مەلا محەممەدی قزڵجەیی دەرکرد؛ ئەم ڕۆژنامەیە نۆبەرەی ڕۆژنامە کوردییەکانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. بەڵام سوپای ئێران پەلاماری دا و پەنای برد بۆ تورکیا.

١٢ - ڕۆژنامەی بانگی کوردستان: سلێمانی، ١٩٢٢ - ١٩٢٦ز. ڕۆژنامەی دواڕۆژەکانی ئینگلیز و دەمی گەڕانەوەی شێخ مەحموودە لە هیندستانەوە؛ ڕۆژنامەکە زمانحاڵی جەمعییەی کوردستان بوو بە سەرۆکایەتیی مستەفا پاشای یاموڵکی، سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی بووە. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و

سەربەخۆ بووە. هەفتانە لە شاری سلێمانی دەردەچوو؛ یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە بە هەفتەیەک دوای وەستانی پێشکەوتن، واتا لە مانگی ئابی ١٩٢٢ دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز، بەڕێوەبەری بەرپرس و سەرنووسەر: مستەفا پاشا یامولکی. دوای چاپکردنی چواردە ژمارە لە سلێمانی، بەشێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکە لە بەغدا چاپ کران. ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و تورکی بوون؛ لە ساڵی ١٩٢٦، ڕۆژنامەکە ڕاگیرا.

١٣ - ڕۆژی کوردستان : یەکەم ژمارەی لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز و بەرپرس: م. نوری و سەرپەرشتیار: عەلی کەمال بووە. هەموو ژمارەکانی لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمووددا دەرچووە کە ١٥ ژمارە بووە. هەفتەی جارێک دەرچووە.

١٤ - بانگی حەق: جێگەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (بانگی حەق) لە ساڵی ١٩٢٣دا لەلایەن (شێخ مەحموودی حەفید)؛ ئەشکەوتی جاسەنە بە دووریی ٥٠ کم دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری سلێمانییەوە، دەکەوێتە ناوچەی سوورداش لەسەر ڕێگای (سلێمانی _ دوکان). جاسەنە لە پشتی گوندی کانی خان و بە بناری چیایەکی گەورەوەیە. لە ڕێکەوتی ٣ / ٢ / ١٩٢٣ هێزەکانی سوپای ئینگلیزی بە فڕۆکە هێرش دەکەنە سەر شاری سلێمانی؛ شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان، خۆی بەدەستەوە نادات و ڕوو دەکاتە سوورداش و ئەشکەوتی جاسەنە دەکاتە پەناگە؛ هەروەها چاپخانەکەی بردووە بۆ ئەشکەوتی جاسەنە و لە ٢٨ / ٣ / ١٩٢٣ یەکەم ڕۆژنامەی (بانگی حەق)ی بڵاو کردەوە. یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ٨ی مارسی ١٩٢٣ دەرچووە. تا نیسانی هەمان ساڵ سێ ژمارەی ڕۆژنامەکە دەرچوو. دوای دەرچوونی ئەو سێ ژمارەیە شێخ مەحموود ناچار بوو ناوچەی سوورداش بەجێ بهێڵێت، نەیتوانی چاپخانەکە لەگەڵ خۆی ببات و کەوتەوە دەستی ئینگلیزەکان، ئەوانیش گواستیانەوە بۆ سلێمانی.

١٥- ئومێدی ئیستیقلال: هەفتەنامە، سلێمانی، ١٩٢٣، ٢٥ ژمارە. حەفتەنامەیەکی ڕامیاری، وێژەیی، کۆمەڵایەتی بوو کە لەلایەن بزووتنەوەکەی شێخ مەحموودی حەفید، لە ساڵی ١٩٢٣ لە سلێمانی بە زمانی کوردی دەردەچوو. بەڕێوەبەر

و سەرنووسەری حەفتەنامەکە لای زۆربەی سەرچاوەکان ڕەفیق حیلمی بووە؛ ٢٥ ژمارەی لێ دەرچووە.

١٦- حەفتەنامەی دیاری کوردستان: سلێمانی، ١٩٢٥ – ١٩٢٦، ١٦ ژمارە. حەفتەنامەیەکی کۆمەڵایەتی و وێژەیی بوو کە لە ساڵی ١٩٢٥ لە بەغدا و بە سێ زمانی کوردی، عەرەبی و تورکی دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری حەفتەنامەکە ساڵح زەکی ساحێبقرانزادە بووە. یەکەم ژمارەی ڕۆژی کوردستان لە ١١ی مارسی ١٩٢٥ بڵاو کرایەوە و ١٦ ژمارەی لێ دەرچوو.

١٧- ڕۆژنامەی ژیانەوە: گۆڤاری هەفتانە، سلێمانی، ١٩٢٤ – ١٩٢٦، ٥٦ ژمارە. یەکەم ژمارەی ١٨-٨-١٩٢٤ و دوا ژمارەی ١٤-١-١٩٢٥ دەرچووە؛ ڕۆژنامەیەکی سەربە حکوومەتی ئینتداب بووە و جەمیل سائیب کوڕە خوشکی پیرەمێرد و پاشان محەمەد ئەدیب سەرنووسەری بوون. شێخ نوری شێخ ساڵح، جەمیل سائیب، مەحموود جەودەت، ڕەشید نەجیب، عەلی عیرفان، مستەفا شەوقی، زێوەر، حاجی قادری کۆیی، کەریم سەعید، ئەحمەد موختار، سەعید فەوزی، فایق بێکەس، ئەحمەد تۆفیق، تۆفیق وەهبی لە نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بوون.

١٨ - ڕۆژنامەی ژیان: گۆڤاری هەفتانە، سلێمانی، ١٩٢٦ - ١٩٣٨، ٥٥٦ ژمارە. پیرەمێرد. ڕۆژنامەی (ژیان) ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بووە؛ بۆ درێژەدان بە کار و کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دوای هەفتەیەک لە وەستانی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ئەم ڕۆژنامەیە دەستی بە دەرچوون کردووە. یەکەمین ژمارەی لە (٢١) ی کانوونی دووەمی (١٩٢٦ز) بڵاو کراوەتەوە و (٥٥٣) ژمارەی لێ دەرچووە؛ (٤٠٠) ژمارەی بە چوار بەرگ لەلایەن (بنکەی ژین)ەوە سەرلەنوێ چاپ کراونەتەوە. لە قۆناغی یەکەم، ژمارە (١-٨١) لە (٢١-١٢-١٩٢٦ تاکوو ٨-٩-١٩٢٧) محەممەد ئەدیب سەرنووسەر بووە، و لە ژمارە (٨٢-٢٥٩) عەلی عیرفان سەرنووسەر بووە؛ و لە قۆناغی سێیەم کە قەبارەکەشی لە ٦ لاپەڕەوە بووەتە دە لاپەڕە، لە ژمارە (٢٦٠-٣٣٠) لە ٤-٩-١٩٣٠ـەوە حوسێن نازم سەرنووسەر بووە؛ لە خولی چوارەم لە ژمارە (٣٢١-٥٥٣) حاجی تۆفیقی پیرەمێرد بووەتە سەرنووسەری.

١٩ - بڵاوکراوەی پەیژە: تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە لە ساڵی ١٩٢٧ و مستەفا شەوقی سەرنووسەری بووە. زاری کرمانجی، گۆڤاری دوو مانگە، ڕەواندز، (١٩٢٦ – ١٩٣٢). گیوی موکریانی.

٢٠ -زاری کرمانجی: گۆڤارێکی کوردی بوو کە لە ١٩٢٦ تاکو ١٩٣٢ بە سەرپەرشتیی حوسێن حوزنیی موکریانی بڵاو دەکرایەوە. ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە ٢٥ی ئایاری ١٩٢٦ لە ڕەواندز دەرچوو و بە دوای ئەوەدا ٢٤ ژمارەی لێ چاپ کرا. ئەم گۆڤارە یەکەم بڵاوکراوەیە لە باشووری کوردستان کە لە دەرەوەی پارێزگای سلێمانی و یەکەم بڵاوکراوەی پارێزگای هەولێرە.

٢١ - ڕۆژنامەی کەرکووک: شارەوانیی کەرکووک دەری دەکرد لە ساڵی ١٩٢٦ز؛ سەرەتا تەنیا تورکی بوو، دواتر عەرەبی و لە ١٩٣٠ کوردیشی تێکەوت و تا ساڵی ١٩٧٣ز ٢٠٢٣ ژمارەی لێ دەرچوو؛ زۆربەی نووسەران و شاعیرانی گەورە لێیان نووسیوە.

٢٢ - یادگای لاوان: لە ساڵی ١٩٣٣ - ١٩٣٤ ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح لە بەغدا دوو ژمارەیان لێ بڵاوکردووەتەوە.

٢٣ - ڕۆژنامەی ژین: هەفتانە، سلێمانی، ١٩٣٩ – ١٩٦٣، پیرەمێرد. ڕۆژنامەی ژین ڕۆژنامەیەکی کوردی بوو کە لەلایەن پیرەمێردی شاعیر لە سلێمانی چاپ دەکرا، وەک درێژکراوەیەکی ڕۆژنامەی ژیان. ڕۆژنامەی ژین ٥٥٣ ژمارەی لێ چاپ کرا (لێرەدا مەبەست گۆڕینی ناوی ژیانە بۆ ژین). یەکەم ژمارەی لە ١٩٣٩دا دەرکرد و تا کۆچی دوایی کرد لە ١٩٥٠دا بەردەوام بوو و بە ژمارە ١٠١٥ی گەیاند؛ دوای خۆیشی جەمیل سائیب و نووری ئەمین بەگ و گۆران و ئەحمەد زرنگ بەردەوام بوون تا ساڵی ١٩٦٣ گەیاندیانە ژمارەی کۆتایی (١٧١٤).

٢٤ - ڕۆژنامەی ڕێیا تازە (Rêya Taze): دوو هەفتەیی، یەریڤان، ١٩٥٥- ، زیاتر لە ٢،٥٠٠ ژمارە (بە پیتی سیرلیک و لاتینی). یەکەم ژمارەی لە ٢٥-٥-١٩٣٠ دەرچوو؛ هەڕاجیا کۆچەر (١٩٠٣ - ١٩٩٢) و پاشان جەردۆی گەنجۆ (١٩٠٤ - ١٩٤٥) سەرنووسەر بوون. لە ١٩٣٧ - ١٩٥٥ بە داوای تورکیا ڕاگیرا؛ لە ساڵی (١٩٥٥ - ١٩٩٠) حاجی جندی (١٩٠٨ - ١٩٩٠) و میرۆ ئەسعەد (١٩٠٨ - ٢٠٠٨) سەرنووسەر بوون، پاشان ئەم ڕۆژنامەیە تا

٢٠٠٦ بەردەوام بوو؛ ئێستاش تا ساڵی ٢٠٢٣ ساڵی چەند دانەیەکی لێ دەردەچێت. ئەم ڕۆژنامەیە بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردییە و یەکەم ڕۆژنامەی بەشە کوردستانی پێنجەمە.

٢٥ - گۆڤاری هاوار: گۆڤاری مانگانە، دیمەشق، ١٩٣٢ - ١٩٣٥ و ١٩٤١ - ١٩٤٣، ٥٧ ژمارە. جەلادەت بەدرخان. گۆڤاری هاوار گۆڤارێکی کوردی بوو کە لە ١٥ی ئایاری ١٩٣٢ تا ١٥ی ئابی ١٩٤٣ بەردەوام بووە لە چاپکردن، دواتر دوای دەرچوونی٥٧ ژمارە وەستا. جەلادەت عەلی بەدرخان دامەزرێنەری بوو، لە وڵاتی شام لە دیمەشق یەکەم ژمارەی دەرکرد. کەرەستەکانی گۆڤارەکە بە پیتی کوردی عەرەبی و لاتینی تا ژمارەی ٢٣ چاپ دەکران، پاشان لە ژمارەی ٢٤ـەوە تەنیا بە پیتی لاتینی سنووردار کران. ئەو ئەلفوبێیە کوردییە لاتینییەی کە جەلادەت بەدرخان ناساندی و لە گۆڤارەکەیدا بەکاری هێنا، ناوی «ئەلفوبێی هاوار» یان «ئەلفوبێی بەدرخان» بوو. ئەم گۆڤارە دەسپێکی بڵاوکراوەکانە لە کوردستانی ڕۆژئاوا و سووریا.

٢٦ - گۆڤاری ڕووناکی: لە هەولێر، حوسێن حوزنیی موکریانی لە ساڵی ١٩٣٥ - ١٩٣٦ز یازدە ژمارەی لێ دەرکردووە، لە شارەوانی مووسڵ چاپی کردووە.

٢٧ - ڕۆژنامەی زبان: (Ziban) گۆڤاری هەفتانە، سلێمانی، ١٩٣٧ - ١٩٣٩، ٧٠ ژمارە. یەکەم ژمارەی لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٣٧ دەرچوو؛ شارەوانی سلێمانی دەری دەکرد و مامۆستا ساڵح قەفتان سەرپەرشتی دەکرد و هەتا مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤١ ژمارە ٩٤ دەرچووە؛ هەموو جارێک چەند ژمارەیەک بۆ مینۆرسکی، ئەدمۆنز، شێخ مەحموود لەم گۆڤارە نێردراوە. هەر ساڵح قەفتان تەنیا یەک ژمارەی لە گۆڤاری زانستی لە ساڵی ١٩٣٨ دەرکردووە.

٢٨ - گۆڤاری گەلاوێژ: گۆڤاری مانگانە، بەغدا، ١٩٣٩ - ١٩٤٩. عەلائەددین سەججادی. گۆڤاری گەلاوێژ، گۆڤارێکی ئەدەبی و

ڕۆژنامە
و گۆڤاری نهێنی
لە سلێمانی وەک:
گۆڤاری ڕزگاری ١٩٤٥،
دەنگی جووتیاران ١٩٤٥ -
١٩٤٦، ڕووناکی ١٩٤٥،
دەنگی فەقێ ١٩٤٥،
دەنگی داس ١٩٥٦

فیکری و سیاسی، لە ١ / ١٢ / ١٩٣٩یەکەم ژمارەی کەوتووەتە بەردیدی خوێندەوارانەوە؛ خاوەن ئیمتیازەکەی مامۆستا برایم ئەحمەد و سەرنووسەرەکەشی مامۆستا سەججادی بوو. لە ماوەی ١٠ ساڵی کارکردنیدا ١٠٥ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، دواتر بە فەرمانی دەسەڵاتی حکوومی، لە ڕۆژی ١ / ٨ / ١٩٤٩ داخرا و مامۆستا برایم ئەحمەدیش بە ساڵ و نیوێک زیندانی کرا.

٢٩ - بڵاوکراوەی خورماڵ: لە ٦-١٩٤٠ تاکوو ١٠-١٩٤٠ کە ٢٤ ژمارە، و ڕۆژنامەی باسەرە لە قادرکەرەم لە ٥-١٩٤٢ تاکو ١٠-١٩٤٢ کە ٣٤ ژمارە، و ٧ ژمارە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ لە ١٩٤٦؛ هەموویان لەلایەن شاکر فەتاحەوە سەرەتا بە دەست و دواتر لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا چاپ کراون.

٣٠ - گۆڤاری نیشتمان: گۆڤارێکی دەوریی کوردی، زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژێ کاف) ژیانەوەی کوردستان بووە؛ لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ - ١٩٤٤ز لەلایەن کۆمەڵەی ناوبراوەوە بە نهێنی نۆ ژمارەی لێ دەرچووە و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە. ئەم گۆڤارە یەکێک لە کارە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی ناوبراو بووە، کە تاکە ڕێکخراوی نەتەوەیی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

٣١ - بڵێسە: مامۆستا هێرش ڕەسووڵ ئاماژە بە بڵاوکراوەیەک دەکات کە لە شاری ڕانیە لە ساڵانی ١٩٤٢یان ١٩٤٤دا دەرچووبێت و کۆمەڵێک مامۆستا دەریان کردبێت، بەڵام ئەو سەردەمە لە شاری ڕانیە هیچ چاپخانە و ئامێرێک نەبووە، بۆیە دەبێت لە هەولێر یان لە سلێمانی یان لە بەغدا چاپ کرابێت.

٣٢ - گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە ١٩٤٣ - ١٩٤٨: تۆفیق وەهبی و محەممەد بابان دەریان دەکرد و زۆربەی نووسەرە ناودارەکانی کۆکردبووەوە، لە بەغدا دەردەچوو؛ لە ساڵی ٢٠١٠ عەبدوڵڵا زەنگەنە هەر ٢١ ژمارەکەی چاپ کردەوە.

٣٣ - گۆڤاری هەڵاڵە: گۆڤارێکی سیاسیی ئەدەبی بووە لە شاری بۆکان، لەلایەن کۆمەڵەی لاوانی کوردستان بڵاو کراوەتەوە کە زمانحاڵی کۆمیتەی ناوخۆیی حیزبی دیموکراتی کوردستان - لقی بۆکان بووە؛ ساڵی ١٩٤٦ز بڵاو کراوەتەوە. دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت: هەڵاڵە

سێ ژمارەی لێ دەرچووە؛ یەکەم لە ڕەشەمێی ١٣٢٤ (کۆتایی مانگی فێبریوەری و سەرەتای مانگی مارتی ١٩٤٦)دا لە بۆکان لەلایەن حەسەنی قزڵجییەوە دەرکراوە.

٣٤ - گۆڤاری ڕۆناهی(Ronahî) : گۆڤاری دوو مانگە، دیمەشق، ١٩٤١ - ١٩٤٥، ٢٨ ژمارە. جەلادەت بەدرخان ساڵانی (١٩٣٢ - ١٩٤٢) ز لە شام و لە شاری دیمەشق، گۆڤارەکانی (هاوار، ڕۆژانوو، ستێر، ڕۆناهی) لەلایەن هەردوو برا (جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان) دەردەچوون، بە شێوەی کرمانجیی سەروو کە نووسەرانی بەتوانای وەک (جگەرخوێن، عوسمان سەبری، نورەددین زازا، قەدری جان... هتد) بەشدارییان تێدا دەکرد. دەتوانین ئەم سەردەمە بە سەردەمێکی چیرۆکی کوردیی کرمانجیی سەروو دابنێین؛ بۆ یەکەمین جاریش لە گۆڤاری (هاوار) دەست کرا بە نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی، هەروەها کۆمەڵێک چیرۆکی بەپێز لە زمانەکانی فەڕەنسی و ئینگلیزییەوە لەلایەن ئەم نووسەرانەوە کراون بە کوردی.

٣٥ - هەفتەنامەی ڕۆژا نوو: (Roja Nû) بەیرووت، ١٩٤٣ - ١٩٤٦، ٧٣ ژمارە. ڕۆژا نوو بە کورمانجی (Roja Nû): هەفتەنامەیەکی کوردی کورمانجی بوو کە بە ئەلفوبێی لاتینی لە بەیروت بڵاو دەکرایەوە. هەفتەنامەکە ٧٣ ژمارەی لێ دەرچوو؛ سەرەتا بە زمانی کوردی و فەڕەنسی دەرچوو، دواتر ژمارەیەک بە زمانی کوردی و ئەوی دیکەی بە فەڕەنسی لەلایەن دکتۆر کامەران عالی بەدرخان بڵاو کراوەتەوە.

٣٦ - کوردستان: ڕۆژنامە، مەهاباد، ١٩٤٥ - ١٩٤٦، ١١٣ ژمارە.

٣٧ - کوردستان: پێداچوونەوەی ئەدەبیی مانگانە، مەهاباد، ١٩٤٥ - ١٩٤٦، ١٦ ژمارە.

٣٨ - گۆڤاری گروگاڵی منداڵان: لە ساڵی ١٩٤٦، لە تەمەنی کورتی کۆماری مەهاباد لایەنی منداڵانیشی پشتگوێ نەخستووە و چەند ژمارەیەکی لەو گۆڤارە بڵاو کردەوە.

٣٩ - ستێر: (Stêr) گۆڤاری هەفتانە، بەیروت، ١٩٤٦، ٣ ژمارە.

٤٠ - گۆڤاری نزار: عەلائەددین سەججادی گۆڤاری (نزار)ی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە بەغدا دەرکردووە و خۆی سەرنووسەری بووە؛ نزار گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی بووە، (٢٢) ژمارەی لێ دەرچووە و ساڵی ١٩٤٩ز داخراوە،

لـە بەرگـی دەرەوەیـدا بـە کـوردی نـووسراوە: «گۆڤارێکـی حەفتەیـی سیاسـیی کـوردی و عەرەبـی».

٤١ - ڕۆژنامـەی خورنشـین: کاتێک د. موسەدەق لـە (٨)ی ئـازاری (١٩٥١ز) چاکسـازی کـرد، هەندێـک لـە ڕووناکبیرانـی کـورد دەرفەتەکەیـان قۆسـتەوە. لـەو سـاڵانەدا هێشـتا تارمایـی کۆمـاری لەسـێدارەدراوی کوردسـتان بەسـەر ڕەوشـی ژیانـی کـوردەوە دەبیـنرا، خەباتـی کولتـووری لـە ڕێگـەی ڕۆژنامەگەرییـەوە لـە تارانـی پایتەختـی ئێرانـدا هەڵایسـا. سـەرەتا بـە ڕۆژنامـەی (کوهسـتانی) د. ئیسـماعیل ئـەردەڵان دەسـتی پـێ کـرد، دووەمیـن هەنگاویـش ڕۆژنامـەی خورنشـین بـوو کـە بـە هـەردوو زمانـی کـوردی - فارسـی لـە شـاری تـاران سـاڵی (١٩٥١ز) بـڵاو کرایـەوە، کـە سـەرجەم بابەتەکانـی وێڕای پشـتیوانیی سیاسـەتی خۆماڵیکردنـی نـەوت بـۆ هەلومەرجـی گەلـی کـورد لـەو سـەردەمە هەسـتیارەدا جێگـەی بایـەخ بـوو.

٤٢ - هەتـاو: گۆڤـاری دوو هەفتەیـی، هەولێـر، ١٩٥٤ - ١٩٦٠، ١٨٨ ژمـارە. سەرنووسـەر و خـاوەن ئیمتیـازی گیـوی موکریانـی بـوو، زۆربـەی شـاعیران و نووسـەرانی هەولێـر و کەرکـووک و سلێمانی لێیـان نووسـیوە.

٤٣ - هیـوا: گۆڤـاری دوو مانگانـە، بەغـدا، ١٩٥٧ - ١٩٦٣، ٣٦ ژمـارە. زۆرێـک لـە نووسـەران و شـاعیرانی کـورد لێیـان نووسـیوە و یانـەی سـەرکەوتنی کـورد دەری کـردووە.

٤٤ - گۆڤـاری شـەفەق: لـە سـاڵی ١٩٥٨ لـە کەرکـووک دەرچـووە و عەبدولقـادر بەرزنجـی دەری کـردووە، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٥٩ گوازراوەتـەوە بـۆ سلێمانی و ناوەکـەی بووەتـە بەیـان و عەبدوڵـڵا گـۆران سەرنووسـەری بووە تـا سـاڵی ١٩٦٣ز دەرچـووە و لەوبـەدوا داخـراوە. ڕۆژنامـەی پێشـکەوتن کـە محەممـەد بریفکانـی سەرنووسـەری بـوو، لـە سـاڵی ١٩٥٨ - ١٩٦٣ زیاتـر لـە هـەزار دانـەی ٨ لاپەڕەیـی لـێ دەرچـوو لـە بەغـدا بـە هـەردوو زمانـی عەرەبـی و کـوردی. هـەر بریفکانـی لـە ١٩٦٥ - ١٩٦٧ ڕۆژنامـەی دەنـگ و باسـی بـە عەرەبـی و کـوردی لـە بەغـدا دەردەکـرد، هەندێـک جـار حەفتانـە و هەندێـک جـار ڕۆژانـە بـوو.

٤٥ - ڕای گـەل: گۆڤـاری مانگانـە، کەرکـوک، ١٩٥٩ - ١٩٦٢، ٣٤ ژمـارە. زمانحاڵـی پارتـی نیشـتمانیی دیموکراتیـی جادرچـی بـوو، تـا سەرنووسـەرەکەی تیـرۆر کـرا دەرچوو.

٤٦ - ئازادي: گۆڤاری دوو هەفتەیی، کەرکووک، ١٩٥٩ - ١٩٦١، ٥٦ ژمارە.

٤٧ - گۆڤاری بلێسە: گۆڤاری مانگانە، سلێمانی، ١٩٥٩ - ١٩٦٠، ١٠ ژمارە. نەقابەی مامۆستایان لە سلێمانی دەری دەکرد.

٤٨ - ڕۆژنامەی نەورۆز / سلێمانی: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٥٩دەرچووە؛ ڕۆژنامەیەکی رامیاری و ئەدەبی و زانیاریی کۆمەڵایەتی بوو، خاوەن و لێپرسراوی پارێزەر کەمالی میرزا کەریم بوو، هەفتەی جارێک دەردەچوو. لە ژمارە ٧ی بەدواوە بەشێکی بۆ عەرەبی تەرخان کرا؛ هەتا مانگی مایسی ١٩٦٠، ١٩ ژمارەی لێ دەرچوو.

٤٩ - ڕۆژنامەی ڕاستی: کە جرجیس فەتحوڵڵا سەرنووسەری بوو، یەکەم ڕۆژنامە بوو کە لە مووسڵ لە ساڵی ١٩٥٩ - ١٩٦٠ بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەرچوو، ٢٤ ژمارەی لێ دەرچوو.

٥٠ - ڕۆژنامەی بڕوا / سلێمانی: یەکەم ژمارەی لە ٢ی تەموزی ١٩٦٠ و دوا ژمارەی کە ٩٥ بوو لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣ دەرچووە؛ ڕۆژنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی بوو، خاوەن و لێپرسراو و سەرنووسەری کەمالی میرزا کەریم بوو، ئەم ڕۆژنامەیە سەر بە شیوعییەکان بوو.

٥١ - ڕۆژنامەی ڕاپەڕین / سلێمانی: یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٦٣ و دوا ژمارەی کە ٢٠٧ بوو لە ڕۆژی ١٩ / ١٢ / ١٩٦٨دەرچوو؛ ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو، خاوەنەکەی عەبدولعەزیز ئەلتالبی بوو، سەرنووسەرەکەشی پارێزەر سدیق عەبدوڵڵا موختار بوو.

٥٢ - ڕۆژنامەی ڕزگاری: لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٩ سەرنووسەری جەلال تاڵەبانی بوو، تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو.

٥٣ - ڕۆژنامەی دەنگی کورد: بە عەرەبی و کوردی لە بەغدا، سەرنووسەری حەوێزی بوو، لە نێوان ١٩٦٠ - ١٩٦١ز دا ٧٤ ژمارەی لێ دەرچوو.

٥٤ - ڕۆژنامەی برایەتی / سلێمانی: ژمارەی یەکەمی لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٧١دا و ژمارەی ١٧ی لە ١٨ی ١٠ی ١٩٧٢ دەرچوو؛ پاشکۆی ڕۆژنامەی (التأخی) بوو، سەرنووسەری دارا تۆفیق و ڕەمزی قەزاز سەرپەرشتییان

دەکرد. ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتی بوو، هەفتەی جارێک دەردەچوو.

٥٥- ڕۆژنامەی ژین / سلێمانی: ژمارەی یەکەمی لە ڕۆژی پێنجشەممەی ١٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧١ دەرچوو؛ خاوەنەکەی کاکەی فەلاح، سەرنووسەری عەبدولقادر بەرزنجی بوو.

٥٦- ڕۆژنامەی ڕاپەڕین ١٩٦٤ - ١٩٦٨: سدیق موختار سەرنووسەری بوو، ٢٠٧ ژمارەی لێ دەرچووە. زۆر بڵاوکراوە و گۆڤار کە ژمارەی کەمیان لێ دەرچووە و دواتر بزر بوون، وەک: نیشتمان، مارسی ١٩٥٩ یەک ژمارە؛ نەورۆز، مانگی نەورۆزی ١٩٥٩ سێ ژمارە؛ بڵێسە، لە مانگی ئابی ١٩٥٩ و تا مانگی مایسی ١٩٦٠، ١٠ ژمارەی لێ دەرچوو؛ هیوای کوردستان، لە ١٩٥٩ - ١٩٦٠ز ١٣ دانەی لێ دەرچوو؛ هونەر ١٩٥٩؛ بڵاوکراوەی ئاشتی ١٩٥٩، یەکێتی مامۆستایان لە سلێمانی دەری کردووە بۆ منداڵان. ڕۆژی نوێ، لە مانگی نیسانی ١٩٦٠ هەتا ساڵی ١٩٦١، ١٨ ژمارەی لێ دەرچووە، سکرتێری نووسین کامەرانی شاعیر بوو؛ ڕابەر، لە مانگی نیسانی ١٩٦٦ تا ١٩٦٨، ٣ ژمارەی لێ دەرچوو، سەرنووسەرەکەی مستەفا ساڵح کەریم بوو؛ گۆڤاری گزنگ ١٩٦٧؛ گۆڤاری سلێمانی، لە ١٩٦٨ تاکوو ١٩٧٠ز ١٥ ژمارەی لێ دەرچوو؛ ڕزگاری ١٩٦٩ - ١٩٧٠ز ١٥ ژمارەی لێ دەرچوو، نەوشیروان مستەفا سەرنووسەری بوو؛ گۆڤاری دەنگی مامۆستا، کە زمانحاڵی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان / لقی سلێمانی بوو لە ١٩٧١ - ١٩٧٣ دەرچوو؛ چیا، تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچوو؛ گۆڤاری ئەستێرەی منداڵان، کە سەرنووسەرەکەی ساڵح یوسفی بوو، لە هاوینی ١٩٧٢ دەرچوو، پاشکۆی ڕۆژی کوردستان بوو؛ بڵاوکراوەی کاژاو، قوتابخانەی ناوەندیی کاژاوی کوڕان لە سلێمانی بڵاوی دەکردەوە لە ١٩٨٤ز.

ڕۆژنامە و گۆڤاری نهێنی لە سلێمانی وەک: گۆڤاری ڕزگاری ١٩٤٥، دەنگی جووتیاران ١٩٤٥ - ١٩٤٦، ڕووناکی ١٩٤٥، دەنگی فەقێ ١٩٤٥، دەنگی داس ١٩٥٦.

ژیان و مێژووی میدیای کوردی لە شاری بەغدا (١٩١٢ - ١٩٩١):

هەندێک لەو بڵاوکراوانەی بەغدا کە لە دوای ساڵی ١٩٥٨ دەرچوون: [ڕۆژنامەی ئازادی لە ١٩٥٩، خاوەنی ئیمتیاز و لێپرسراوەکەی (دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ بووە)؛ گۆڤاری دەنگی قوتابی لە مایسی ساڵی ١٩٥٩ دەرچووە؛ گۆڤاری (ئافرەت) بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە لە ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن ڕابیتەی ئافرەتانی عێراق بووە؛ ڕۆژنامەی (دەنگی کورد) لە ٩ / ٢ / ١٩٦٠ بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، خاوەنەکەی پارێزەر (عومەر جەلال حەوێزی) بووە؛ گۆڤاری (چارەسەرکردنی کشتوکاڵ) گۆڤارێکی مانگانە بووە بە زمانی کوردی و عەرەبی لە بەغدا دەرچووە، (محەممەدی مەلا کەریم) سەرپەرشتیی بەشە کوردییەکەی کردووە؛ گۆڤاری ڕووناکی لە تشرینی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز و نووسینەکەی حافز مستەفا قازی بووە؛ گۆڤاری عێراقی نوێ دەرچووە؛ لە ٤ / ٣ / ١٩٦١ ڕۆژنامەی کوردستان دەرچووە، پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیاز بووە، مام جەلال تاڵەبانی سەرنووسەری بووە؛ گۆڤاری تووتن، ڕۆژنامەی دەنگوباس، ڕۆژنامەی برایەتی یان برایی یان گۆڤاری برایەتی، ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارە بەم ناوە بە شەش خولدا تێپەڕیوە، یەکەم ژمارەی لە ٦ / ٥ / ١٩٦٧ دەرچووە، ٧٢ ژمارەی لێ دەرچووە، لە قۆناغەکانی تریش بە ژمارە و تیراژی جیاواز دەرچووە؛ گۆڤاری کاری میللی لە ١١ / ١١ / ١٩٦٨ دەرچووە؛ ڕۆژنامەی ڕووناکی پاشکۆی گۆڤاری (النور) بووە، ژمارە ١ی لە ٢٣ / ٥ / ١٩٦٩ دەرچووە؛ گۆڤاری بەیان، گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و هونەریی گشتی بوو، ژمارە ١ی لە ٢٦ / ١١ / ١٩٦٩ دەرچووە؛ ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ١ی لە ٩ / ١ / ١٩٧٠ دەرچووە؛ گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری) لە ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن (جەمال خەزنەدار) ئامادە کراوە؛ لە ١٩٧٠ گۆڤاری (خەباتی قوتابیان) دەرچووە] .

هەر لە ساڵی ١٩٧٠ز گۆڤارەکانی (شۆڕشی کشتوکاڵ) و گۆڤاری (زانیاری) و بڵاوکراوەی (بڵێسە) بڵاو کراونەتەوە. گۆڤاری (گێتی پووڵ) گۆڤارێکی ئەدەبی و هونەری بووە، پاشان گۆڤاری (پەروەردە و زانست) لە ساڵی ١٩٧١ بڵاو

کراوەتـەوە. گۆڤـاری (نووسـەری کـورد) لـە ئاداری سـاڵی ١٩٧١ دەرچـووە، سەرنووسـەرەکەی (دکتـۆر مـارف خەزنـەدار) بـووە؛ لـە هەمـان سـاڵ ڕۆژنامـەی (ڕێـگای یەکێتـی) و ڕۆژنامـەی (دەنگـی جووتیـار) و گۆڤـاری (ڕۆژی کوردسـتان) و (گۆڤـاری ڕوانگـە) دەرچوونـە.

گۆڤـاری (کۆلیجـی ئەدەبیـات) لـە سـاڵی ١٩٧٢ دەرچـووە، ڕۆژنامـەی (بیـری نـوێ) یەکـەم ژمـارەی لـە ١٧-٦-١٩٧٢ دەرچـووە. گۆڤـاری (هۆشـیاریی کرێـکاران) و گۆڤـاری (ئامـۆژگاری) دەرچوونـە. گۆڤـاری (کـۆڕی زانیاریـی کـورد ـ کـۆڕی زانیاریـی عێـراق). گۆڤـاری (ڕۆشـنبیریی نـوێ) ژمـارە (سـفر) ی لـە ١١ / ١١ / ١٩٧٣ دەرچـووە. ڕۆژنامـەی برایەتـی خولـی پێنجـەم، لـە ١ / ١ / ١٩٧٤ دەرچووە. گۆڤارەکانـی (ئامانـج، ڕزگاری، ئەسـتێرە، بڵاوکـراوەی ئەرشـیف و کتێبخانـە) و ڕۆژنامـەی (ناوخـۆی پارتـی) تاکـوو سـاڵی ١٩٧٦ دەرچـوون.

گۆڤـاری (شـۆڕشـگێڕ) لـە سـاڵی ١٩٧٧دەرچـووە، دواتـر بڵاوکـراوەی (الاذاعـة الكردیـة) بـە زمانـی عەرەبـی دەرچـووە. هەمـان سـاڵ پاشـکۆی (ڕۆژنامـەی عێـراق) دەرچـووە، لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٧٨ گۆڤـاری پاشـکۆی (شـۆڕشـی کشـتوکاڵ) بـڵاو کراوەتـەوە. گۆڤـاری (ئاینـدە) ژمـارە ١ی لـە ٨ / ٢ / ١٩٧٩ بـڵاو کراوەتـەوە، دواتـر گۆڤـاری نووسـەری کـورد ـ خولـی دووەم بـڵاو کراوەتـەوە. پاشـان لـە کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٨٠ بڵاوکـراوەی ئافرەتـی کـورد بـڵاو کراوەتـەوە. گۆڤـاری (ڕەنگیـن) ژمـارە ١ی لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٨٧ دەرچـووە. ڕۆژنامـەی (ئاسـۆ) ژمـارە ١ی لـە ٢٢ / ٧ / ١٩٨٩بـڵاو کراوەتـەوە، دواتـر لـە هەمـان سـاڵ ڕۆژنامـەی (بـزاڤ) دەرچـووە.

بڵاوکراوەکانی شاری هەولێر لە دوای ساڵی ١٩٥٨:

]گۆڤـاری ژیـان، گۆڤـاری دەنگـی قوتابیـان، ڕۆژنامـەی الاخـلاص، گۆڤـاری ئامانـج، ڕۆژنامـەی هەولێـر لەلایـەن شـارەوانی هەولێـر چـاپ کـراوە ژمـارە ١ی لـە ٢٢ / ٨ / ١٩٦٢ دەرچـووە، گۆڤـاری تیشـک، گۆڤـاری البرعـم الاخـضر. لـە سـاڵی ١٩٧٠ دیسـان گۆڤـاری هەولێـر بـڵاو کرایـەوە لەلایـەن (سـەعدی دزەیـی) و نووسـەر و چیرۆکنـووس (محەممـەد مەولـوود مـەم)، گۆڤـاری ڕێژنـە، گۆڤـاری چیـا،

گۆڤاری ڕەهێڵە، گۆڤاری بیری نوێ، گۆڤاری البداية، گۆڤاری نووسەری نوێ، گۆڤاری بەرەو ڕووناکی، گۆڤاری بۆ پێشەوە، گۆڤاری ڕۆشنبیر، بڵاوکراوەی یاخیبوون، گۆڤاری خەرمانەی وشە، گۆڤاری چوارچرا، بڵاوکراوەی دەنگی قوتابیان، بڵاوکراوەی کاروان، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، بڵاوکراوەی میهرەجانی یەکەمی ڕۆشنبیری کوردی، بڵاوکراوەی ئابووریزان، گۆڤاری کشتوکاڵ، گۆڤاری ئەدەبی بێگانان. گۆڤاری کاروان ژمارە ١ لە ١٩٨٢. گۆڤاری کشتوکاڵ، بڵاوکراوەی خانزاد، بڵاوکراوەی هاودەنگ، گۆڤاری ئاسۆس، بڵاوکراوەی فۆلکلۆر، ڕۆژنامەی کاروانی وەرزش. بڵاوکراوەی گردەمەند، گۆڤاری نەورۆزی عێراق، بڵاوکراوەی هەولێر، گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ، گۆڤاری کاروان بۆ زانستی [.

بڵاوکراوەکانی دوای ساڵی ١٩٥٨ لە کەرکوک:

ڕۆژنامەی ئازادی، ڕۆژنامەی لقی حیزبی شیوعی عێراق لە کەرکوک و خاوەنی ئیمتیاز پارێزەر (نافع یونس) بوو لە ١ / ٥ / ١٩٥٩ دەرچوو؛ ڕۆژنامەی گاورباغی، گۆڤاری دەنگی قوتابیان، ڕۆژنامەی ڕای گەل، گۆڤاری پێشڕەو، بڵاوکراوەی بێ ئیش، گۆڤاری پشکۆ، بڵاوکراوەی بەرزنجە، بڵاوکراوەی شەپۆلەکان، گۆڤاری باوەشاسوار، گۆڤاری با بە گو ڕ گو ڕ، گۆڤاری گزنگ، گۆڤاری نێرگز.

ژیان و مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە دەڤەری بادینان (١٩٥٠ - ١٩٩١):

ڕۆژنامەی (ئاکرێ) بڵاوکراوەیەکی هەفتانە بووە لە قەزای ئاکرێ، لەلایەن شاکر فەتاح قایمقامی ئاکرێ سەرپەرشتی کراوە، لە ١٥ / ٧ / ١٩٥٠ بڵاو کراوەتەوە. گۆڤاری (سکرین) بڵاو کراوەتەوە لە ساڵی ١٩٥٣، پاشان چەندین گۆڤار و بڵاوکراوەی تر دەرچووە وەک: (گۆڤاری هێڤی، گۆڤاری

> بڵاوکراوەی خەباتی ئافرەتان، گۆڤاری هەنگاو، گۆڤاری ڕابەر، ڕۆژنامەی بارزان، گۆڤاری ڕێبەر، بڵاوکراوەی پێشکەوتن، گۆڤاری (دەنگی باوەڕ) کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دەری کردووە، گۆڤاری قەندیل، بڵاوکراوەی بەیان

چیا، گۆڤاری ڕەوشەن، گۆڤاری چرای ڕەش، بڵاوکراوەی لاوان، گۆڤاری پەیڤ، گۆڤاری دەنگێ مە، بڵاوکراوەی دهۆک).

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بە نهێنی و لە شاخەکانی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٥٨ز:

]ڕۆژنامەی (ڕزگاری) زمانحاڵی پارتی، بڵاوکراوەی دەنگی فەلاح، بڵاوکراوەی دەنگی داس، بڵاوکراوەی کانێسکان، بڵاوکراوەی گۆیژە، بڵاوکراوەی ڕووناکی، گۆڤاری ئافرەتی ئازاد، بڵاوکراوەی دەنگی فەقێ، بڵاوکراوەی یەکێتیی فەلاح، بڵاوکراوەی گەنجان، گۆڤاری مرۆڤ، بڵاوکراوەی ئازادیی کوردستان، بڵاوکراوەی نرکەی جووتیار، ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، بڵاوکراوەی خەباتمان، بڵاوکراوەی خەباتی کوردستان، ڕۆژنامەی خەباتی کوردستان، بڵاوکراوەی ئازادی کوردستان، بڵاوکراوەی (صوت کردستان)، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان؛ ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٦٢ دەرچووە تا ٨ / ٢ / ١٩٦٣ بەردەوام بووە. گۆڤاری ڕزگاری. ڕۆژنامەی خەبات سەرەتا بە ئاشکرا لە ١١ / ١ / ١٩٥٩ مۆڵەتی وەرگرتووە، یەکەم ژمارەشی لە ٤ / ٤ / ١٩٥٩ لە شاری بەغدا چاپکراوە و بڵاو کراوەتەوە. پاشان بڵاوکراوەی دەنگی کوردستان لە ئەشکەوتی (گردە ڕەش) لە سنووری سلێمانی دەرچووە، بڵاوکراوەی دەنگی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٦٣ بڵاو کراوەتەوە، گۆڤاری ڕزگاری کوردستان، بڵاوکراوەی ئاسۆی کورد، بڵاوکراوەی بۆ پێشەوە، بڵاوکراوەی (نشرة الاخبار)، گۆڤاری ئاگر، گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە) لە ساڵی ١٩٦٧ دەرچووە، ڕۆژنامەی ئاڵای کارگەران، گۆڤاری دەنگی کوردستان، گۆڤاری سەفین، گۆڤاری هەڵمەت، گۆڤاری (الکادر)، گۆڤاری مەشخەڵ، بڵاوکراوەی بروسکە، گۆڤاری ڕزگاری، بڵاوکراوەی ڕەنج، بڵاوکراوەی پێشکەفتن، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری (ئاڵای سوور) ئۆرگانی نهێنیی کۆمەڵەی مارکسی لینینیی کوردستان بووە و بە زمانی کوردی یەکەم ژمارەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ لە شاری کەرکوک دەرچووە. ڕۆژنامەی (الشرارة) ژمارە ١ی لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ لە دیمەشق و دواتر لە شاخ دەرچووە؛ ئەم ڕۆژنامەیە بە پێنج قۆناغ دەرچووە تا ساڵی ١٩٨٨. بڵاوکراوەی ڕەنجدەر، بڵاوکراوەی بەلاغی عەسکەری، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ؛ لە ساڵی ١٩٩٣دەبێتە گۆڤاری ڕێبازی نوێ،

ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش، بڵاوکراوەی هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، بڵاوکراوەی تێکۆشان، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە (حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق) لە ساڵی ١٩٧٩ چاپی کردووە و بڵاوی کردووەتەوە. بڵاوکراوەی ڕێگای کوردستان، ئۆرگانی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعیی عێراق بووە، یەکەم ژمارەی دوای دەرچوونیان بۆ شاخ بووە لە ١ / ١ / ١٩٨٠. بڵاوکراوەی (بزووتنەوە) ئۆرگانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان بووە، ژمارە ١ لە خولی یەکەمی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ بڵاو کراوەتەوە. گۆڤاری ڕێبازی پێشمەرگە، گۆڤاری نەورۆز.]

> تەنیا لە قەزای ڕانیە لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ - ٢٠١٥دا، سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ئەو دەڤەرە پێیدا تێپەڕیوە، کەچی ٨٣ گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی وەرزی لەو دەڤەرە چاپ و بڵاو کراونەتەوە

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٨٢ سێ بڵاوکراوەی دەرچواند بەم ناوانە: (اخبار کوردستان) پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ (البلاغ) پاشان بۆ (بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان) بە زمانی کوردی. بڵاوکراوەی (النصير الثقافي)، گۆڤاری (الخنادق)، بڵاوکراوەی تێکۆشانی قوتابیانی کوردستان، بڵاوکراوەی تیشک، گۆڤاری ڕێبازی خوێندکاران، بڵاوکراوەی ناوخۆ، بڵاوکراوەی (فجر النصير)، بڵاوکراوەی ئاڵای سووری کوردایەتی؛ ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) ژمارە ١ی لە مانگی شوباتی ١٩٨١ بە ٤٨ لاپەڕە دەرچواندووە. لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ساڵی ١٩٨١ بڵاوکراوەی (ئەلندا پێشمەرگە) بڵاوکرایەوە. ژمارە ١ی لە ٢٥ / ٥ / ١٩٨١ دەرچوو. گۆڤاری پێروو، بڵاوکراوەی مەتین، بڵاوکراوەی ڕێگای ئازادی ئۆرگانی ناوەندی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان عێراق بوو. پاشان گۆڤاری سۆسیالیست لە هەمان ساڵ بڵاوکراوەتەوە. هەروەها گۆڤاری نووسەری کوردستان، بڵاوکراوەی هەرور، گۆڤاری هەنگاو، بڵاوکراوەی (صوت الاسبوع)، گۆڤاری شەهیدانی کوردستان و،

گۆڤـاری سۆسیالیسـت (لەلایـەن بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان ـ ئـەو بزووتنەوەیـەی لەنـاو یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان مابوونـەوە) .

بڵاوکـراوەی ڕاپەڕیـن (الانتفاضـة) لەلایـەن فەوجـی سـێی حیزبـی شـیوعی لـە بادینـان، یەکـەم ژمـارەی لـە بەهـاری ١٩٨٢ دەرچـووە. گۆڤـاری ڕاپەڕیـن ژمـارە ١ی خولـی یەکەمـی لـە مانگـی تەممـوزی سـاڵی ١٩٨٢ دەرچـووە لەلایـەن کۆمیتـەی هەولێـری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان. گۆڤـاری پێشـمەرگە وەک پاشـکۆی گۆڤـاری ڕاپەڕیـن لەلایـەن مەڵبەنـدی سـێی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٨٣ دەرچـووە.

هەروەهـا گۆڤـاری ڕێبـازی لاوان، گۆڤـاری پێشـەنگ، گۆڤـاری خەباتـی مامۆسـتا، بڵاوکـراوەی ژیانـی ڕێکخراوەییـمان، ڕۆژنامـەی کۆسـار، ڕۆژنامـەی بەهدینـان، گۆڤـاری نووسـەری نـوێ، گۆڤـاری خەباتـی قوتابیـان، گۆڤـاری کوردایەتـی، بڵاوکـراوەی گازیـا خوێنـدکاران و بڵاوکـراوەی گازیـا خوێندکار و لاوان. گۆڤـاری ئەسـتێرە لـە ڕێکەوتـی ١ / ٢ / ١٩٨٣ ژمـارە ١ی لەلایـەن یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بڵاوکرایـەوە. بڵاوکـراوەی (ڕێیـا سـەرکەفتنێ) لەلایـەن بـەرەی نیشـتمانیی دیموکراتـی عێراقـی (جـود) ژمـارە ١ی لـە ٥ / ٢ / ١٩٨٣ دەرچـووە.

بڵاوکـراوەی دۆزا گـەل، گۆڤـاری گزنـگ، بڵاوکراوەی دەنگی کوردسـتان، گۆڤـاری سـەنگەر، گۆڤاری هەڵوێسـت، بڵاوکـراوەی سـوورێن، بڵاوکـراوەی (کفـاح الانصـار)، بڵاوکـراوەی دەنگـی شۆڕشـی عێراق، گۆڤـاری سروشـت، گۆڤـاری بابەگوڕگـوڕ، گۆڤـاری ئاسـۆی ئیسـلام، گۆڤـاری رافـد زێـوە، بڵاوکـراوەی ڕۆشـنبیری، بڵاوکـراوەی شـانۆ. بڵاوکـراوەی (الانتفاضة) لەلایەن ڕاگەیاندنـی فەوجـی ١ی مووسـڵی حیزبـی شـیوعیی عێراقـی دەرچـووە. بڵاوکـراوەی ڕێنوێـن، گۆڤـاری پاڵـە، گۆڤـاری (دەنگـی پێشـمەرگە) حیزبـی شـیوعی دەری کـردووە، بڵاوکـراوەی دەنگڤـەدان لاوان، بڵاوکـراوەی ئـاڵای پێشـمەرگە، بڵاوکـراوەی پەیامـی شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق، گۆڤـاری دەنگـی لاوان و قوتابیـان، بڵاوکـراوەی (رسـالة ثـورة کردسـتان العـراق) و، گۆڤـاری ڕزگاری. گۆڤاری (بابەگوڕگـوڕ) لقـی سـێی (پ.د.ک) دەری کـردووە لـە سـاڵی ١٩٨٤.

بڵاوکـراوەی قوتابیانـی عێـراق، گۆڤـاری ڕۆشـنبیریی عێـراق، بڵاوکـراوەی خابـوور، بڵاوکـراوەی

ژێڵوان، گۆڤاری بیری نوێ، گۆڤاری نووسەری چیا، گۆڤاری گزنگی بچووکان، گۆڤاری هەڵمەت ژمارە ١ لە ١٩٨٥ دەرچووە لەلایەن لقی سلێمانی و کەرکوکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی پێشمەرگەی دیموکراتی عێراق. ڕۆژنامەی ڕزگار (دەنگی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان) لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە. گۆڤاری هۆرە، گۆڤاری ئەزمەر، گۆڤاری پەیامی برایەتی، گۆڤاری هەڵوێست لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیی ئاڵای شۆڕش بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ١٩٨٦.

گۆڤاری هیوای قوتابیان و لاوان، گۆڤاری دەنگی ئافرەت، بڵاوکراوەی ئاڵای ئازادی (ئۆرگانی ناوەندی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) یەکەم ژمارەی لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٦ بڵاو کردووەتەوە. گۆڤاری پێشکەوتن (ئۆرگانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق / ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) دەری کردووە. بڵاوکراوەی تێکۆشەری حیزب، گۆڤاری دەنگی کرێکار، بڵاوکراوەی (طریق الاتحاد)، گۆڤاری ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم، بڵاوکراوەی سەربەخۆیی، بڵاوکراوەی خەباتی ئافرەتان، گۆڤاری هەنگاو، گۆڤاری ڕابەر، ڕۆژنامەی بارزان، گۆڤاری ڕێبەر، بڵاوکراوەی پێشکەوتن، گۆڤاری (دەنگی باوەڕ) کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دەری کردووە، گۆڤاری قەندیل، بڵاوکراوەی بەیان.

بڵاوکراوەی کۆمەڵە یەکەمین ژمارەی لە پایزی ساڵی ١٩٨٧ بە ٣٠ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە و ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستان سەرپەرشتی دەکرد. گۆڤاری ڕاپەڕینی خوێندکاران، بڵاوکراوەی (نشرة الاخبارية)، بڵاوکراوەی دەنگی قوتابیان و لاوان ـ پێشڕەو، بڵاوکراوەی ئاخبار مەتین، بڵاوکراوەی لەگەڵ موجاهیدان دا، بڵاوکراوەی ئاڵا.

ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی (ئۆرگانی ناوەندی حیزبە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان) لە خولی یەکەمدا، ژمارە ١ی لە ڕێکەوتی ٢٠ / ٩ / ١٩٨٨ بە زمانی کوردی لە گوندی ڕاژان بە ١٢ لاپەڕە دەرچووە. ڕۆژنامەی (الجبهة الكردستانية)، گۆڤاری پەیامی کرێکاران، گۆڤاری هەڵوێستی ئەدەبی، گۆڤاری پێشکەوتنی ڕۆشنبیری، گۆڤاری کەلتوور، بڵاوکراوەی بۆ پێشەوە، بڵاوکراوەی ژیانی نوێ، بڵاوکراوەی هەواڵی نوێ، گۆڤاری تەرازوو، گۆڤاری ژیلەمۆ،

ڕۆژنامەی ئاسۆی کرێکار، گۆڤاری بانگ، بڵاوکراوەی خەباتی کرێکار.

گۆڤاری ڕەنگاڵە گۆڤارێکی هونەری بووە، ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە و لە چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپ کراوە. گۆڤاری تەوار لەلایەن یەکێتیی ژنانی کوردستان ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٩٠ بڵاو کراوەتەوە. بڵاوکراوەی ئاڵای شۆڕش (ئۆرگانی ناوەندیی ئاڵای شۆڕش) ژمارە ١ی لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٠ دەرچواندووە. پاشکۆی ڕاپەڕین، بڵاوکراوەی بەرنامە، ڕۆژنامەی چرای ئازادی، گۆڤاری نۆژەن و گۆڤاری قەڵا.

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دیاردەی زۆربوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری حیزبی و ناوچەیی بۆ ماوەیەک زۆر هەڵکشا؛ تەنانەت د. پێشڕەو ڕەسووڵ دەڵێت: «تەنیا لە قەزای ڕانیە لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ - ٢٠١٥دا، سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ئەو دەڤەرە پێیدا تێپەڕیوە، کەچی ٨٣ گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی وەرزی لەو دەڤەرە چاپ و بڵاو کراونەتەوە.»

ئەمە بێجگە لەوەی کە هەر یەکە لە حیزب و ئاراستە سیاسییەکان لە هەر دەڤەرێک چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەرکردووە. هەروەها وەزارەت و دامودەزگا و دامەزراوەکانی حکوومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناحکومیش بە سەدان بڵاوکراوەیان لەم ٣٤ ساڵەدا هەبووە. ئەمە بێجگە لە پارچەکانی تری کوردستانی گەورە؛ ڕۆژنامەنووسی لە جیهان و کوردستانیشدا بە کرانەوەی ئاسۆ ئەلیکترۆنییەکان ئەوەندە فراوان بووە کە کۆکردنەوەیان لە بیبلۆگرافیا و ئەرشیفکردنیان خۆزگەیەکی مەحاڵە، بۆیە منیش خۆم لە قەرەی ئەو مەحاڵە نادەم و لە بەشی داهاتوودا باسی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ڕابوونی ئیسلامی لە کوردستان دەکەم.

لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان:

١- ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی مێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠ د .مەغدید سەپان، هەولێر ٢٠٠٨.

٢- صحافة الجبل، معجم مفهرس لصحافة المقاومة الكوردستانية .د.احمد قرني اربيل ٢٠٢٠.

٣- مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری لە جیهاندا ، فاتح سلام . چوارچرا ،سلێمانی ٢٠١٠.

٤- عبدالستار رمضان روزبياني، نشأة الصحافة الكردية.. صفحات ومواقف، تأريخ النشر:٢٠٢٥/٠٤/٢١موقع

المسري، الرابط: https://almasra. iq/128677 .

٥- مراد الشوابكة، موقع الموضوع، أين طبعت أول صحيفة في العالم؟، ٢٥ سبتمبر ٢٠١٨، الرابط: https://maw- doo3.com.

٦- يحيى باطا، أول جريدة في العالم، ١٢ يناير ٢٠٢٢ الرابط : https://maw- doo3.com.

٧- تسنيم الفقيه، أين ظهرت الصحف لأول مرة؟ نوفمبر ٢٠٢١ ، موقع الموضوع الرابط mawdoo3.com/ https://.

٨- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان . بەرگی (١)، ناوی بابەت: ڕۆژنامەی کوردستان، ل:٤٦٧

نووسەری بابەت: د.عومەر عبدالعزیز .

٩- گۆڤاری ڕۆژنامەنوس /ژ ٩زستانی ٢٠٠٦، ناوی بابەت : بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەري ئیسلامی کوردی١٩٩١- ٢٠٠٦ز ل:٢٨٦ ، نووسەری بابەت: د. ئەحمە ئیبراهیم وەرتی.

٩- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان ، بەرگی (٤)، ناوی بابەت: ڕۆژنامەی ڕێیا تازە، ل٤٠٨ نووسەری بابەت: د.عومەر عبدالعزیز.

١٠-ماڵپەڕی ئازاد سەڵواتی، ناوی بابەت: حەوتونامەی دیاری کوردستان، لینکی بابەت:.https://www.azadsalawati .ch/?p=3570

١١- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان ، بەرگی (٤)، ناوی بابەت: ڕۆژنامەی ژیان، ل:٤١٥ ، نووسەری بابەت: د. کارزان محمد.

١٢- ماڵپەڕی ئازاد سەڵواتی: ناوی بابەت: حەوتونامەی ئومێد استقلال، لینکی بابەت:.https://www.azadsalawati ./ch/wp-content/uploads/2024

١٣- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان، بەرگی (٤)، ناوی بابەت: گۆڤاری نزار، ل:٤٨٠، نووسەری بابەت: د. بهاء الدین ئەحمەد .

١٤- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی،٢٠٠٤.

١٥- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان ، بەرگی (٤)، ناوی بابەت: گۆڤاری نیشتمان، ل:٤٨٦، نووسەری بابەت: د.عومەر عبدالعزیز.

١٦- ماڵپەڕی زانیاری، بابەتی: ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، نووسەری بابەت: کەنار ئەبوبکر، بەرواری ١-٧-٢٠٢٢.

١٧- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان ، بەرگی (٤)، ناوی بابەت: گۆڤاری هەڵاڵە، ل:٤٩٦ ، نووسەری بابەت: د.شیلان عومەر.

١٨- پەیجی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، بەرواری: ٢٤-٠٦-٢٠٢٤، ڕانانی کتێبی ئینسایکلۆپیدیای میدیای کوردی لە باشووری کوردستان، م.ی د.سامان جلال، نووسەری بابەت: حەیدەر مەنتک.

١٩- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان، بەرگی (٤)، ناوی بابەت: ئەشکەوتی جاسەنە، ل:٢٥٢، نووسەری بابەت: د. ئاراس محمد ساڵح.

٢٠- خەباتی کورد و ڕەهەندی ئیسلامی، د. عومەر عبدالعزیز. دەزگای بڵاوکردنەوەی تەفسیر، چ١ هەولێر، ٢٠١٦.

٢١- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان، بەرگی (٣)، ناوی بابەت: بانگی کورد، ل:٤٠٠، نووسەری بابەت: د. بهاء الدین ئەحمەد.

٢٢- پەیجی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سلێمانی - پارێزگای سلێمانی، لینکی بابەت: https://slemani.gov.krd ، بەروار :٢٠١٨/٠٤/٢٥.

٢٣- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان، بەرگی (٣)، ناوی بابەتەت: ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ل٤٠٧، نووسەری بابەت: د. کارزان محمد.

٢٤- گۆڤاری Études Kurdes. ناوی بابەت : Kurds in the Islamic movement, Islamists in Kurdistan: The Muslim Brotherhood and Kurdish Islamist movements ، لینکی بابەت: etudeskurdes.org.

٢٥- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان، بەرگی (٣)، ناوی بابەت: ڕۆژنامەی ژیانەوە، ل:٤٣٣، نووسەری بابەت: د. یەحیا عومەر ڕێشاوی.

٢٦- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان، بەرگی (٣)، ناوی بابەت: گۆڤاری دەنگی غەریبان، ل:٥٠٩، نووسەری بابەت: د. عومەر عبدالعزیز.

٢٧- ڕۆژنامەنووسی لۆکاڵی لە ڕانیە:(١٩٩١-٢٠١٥)، د. هیرش رسول و ئاراز ڕەمەزان، چ١، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٨- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان، بەرگی (٥)، ناوی بابەت: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ل٤٤٤، نووسەری بابەت: د. ئاراس محمد سالح.

٢٩- ماڵپەڕی کوردوپیدیا-گۆڤاری بڵێسە لینکی: https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20161115230634134758&lng=1;

٣٠- ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان، بەرگی (٦)، ناوی بابەت: ڕۆژنامەی خۆرنشین، ل:٤٤١، نووسەری بابەت: د. کارزان محمد.

کورتە باسێک دەربارەی
ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی ودونیاکەی

کەمال عەبدوڵڵا گەورە

ئێستا کە ساڵی دووهەزار و بیست و شەشی دوای لەدایک بوونی گەورەمان مەسیحە درود و سەلامی خوای لەسەربێ، زیاتر لەسەدە و چارەگێک بەسەر مێژووی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی تێدەپەڕێت، ئەویش ڕۆژنامەی (کوردستان)ـە کە بۆ یەکەمجار لە (قاهیرە)ی پایتەختی میسری دێرین، میقداد بەگی کوڕی میر بەدرخان پاشا دەری دەکرد و تا دوا ژمارەی ٣١ سی ویەک ژمارەی لێدەرچوو.

نامەوێ لێرەدا باسی ئەو مێژووە و هۆکارەکانی ئەوەی بۆ لە میسر دەرچووە و لە ئەستەنبوڵ دەرنەچووە و لەبەرچی وا زوو کۆتایی پێهات وهۆکارەکانی دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار لەتاراوگە و هتد بکەم، ئەوەی مەبەستمە و زۆر بەلامەوە گرنگی و بایەخی هەیە، ئەوەیە ئایا ڕۆژنامەگەری لەژیانی ئێمەی کورددا چی لەچی گۆڕیوە؟

ئایا کاری میدیایی و بوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەمڕۆماندا تا چەند دەوری لەبەرەوپێشبردنی دنیای ڕۆشەنبیری و ڕووناکبیری ئێمەی کورددا بینیوە بەگشتی و لەم هەرێمی کوردستانەی باشووردا بە تایبەت؟

ئایا زانکۆکانی ئێمە کاریگەرییان لەسەر دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەیە ؟

سیاسەت میدیا ئاڕاستە دەکات یاخود بە پێچەوانەوە میدیا سیاسەتی حزبەکان دەگۆڕێ؟ ئایا ڕۆژنامەکانی

ئێمە توانیویانە قۆناغی بڵاوکردنەوەی نەشرەی سەردیوارەکانی قوتابخانەکان تێپەڕێنن یاخود هەر لەو بازنە کلاسیکییەدا دەخولێنەوە؟ ئەمانە و سەدان پرسیاری تر، بەڵام با جارێ چیتر ئەو پرسیارانە نەکەم، لەبەرئەوەی پێم وانییە دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار لەژیانی ئێمەی کورددا کاریگەری وەدەوری ڕیشەیی و بنەڕەتی و گرنگ وازی بکات و ئەگەر بۆ ماوەی چەند ساڵێک هەرچی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی هەیە دابخرێت و ڕابگیرێت پێم وانییە کەلێنێکی زۆر گەورە بخاتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و بواری ئابووری و تەواوی کایەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریمانەوە ! هۆکارەکەش ئەوەیە ئێمەی کورد بەگشتی میللەتێکی بێفەرهەنگ و سەقافەتین وتا ئێستاش لەشکرێک مرۆڤی نەخوێندەوارمان هەیە، بەو مانایە نا کەخوێندنەوە و نووسین نەزانن، نا نەخێر بەواتای ئەوەی خوێنەری کتێب نین و ئەهلی خوێندنەوە نین، بەواتایەکی ڕوونتر میللەتی ئێمە جگە لە نوخبەیەک و دەستەیەک

ئەگەر
بۆ ماوەی
چەند ساڵێک هەرچی
ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی
هەیە دابخرێت و ڕابگیرێت
پێم وانییە کەلێنێکی زۆر گەورە
بخاتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و
بواری ئابووری و تەواوی
کایەکانی ژیانی کۆمەڵی
کوردەواریمانەوە !

ڕۆشەنبیر دەنا باقی دیکە بەدیندار و بێدینەوە ناخوێنێتەوە. لەم سەردەمەدا بە بیانووی ئەوەی دنیا پێشکەوتووە و دنیای دیجیتاڵی و ئەلەکترۆنیاتە و مرۆڤ ئەو دەرفەت و مەجالەی نییە وەکو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بخوێنێتەوە.

جان دۆست لەڕۆمانی میرنامەدا لەسەر زاری خانی مەزن دبێژێ ئەز میللەتەکین ژبەر نال کرنا سمێ ئەسپان نەکارین قیرائەت و خوێندنەوێ بکەین، ئەمڕۆ لەبەر تەکنەلۆژیا و دوێنێ لەبەر ناڵکردنی سمی ئەسپەکانمان دەرفەتی خوێندنەوەمان وەکو میللەتی کورد بەگشتی هەرگیز بۆ نارەخسێ؟ من خۆم مامۆستای بنەڕەتیم دەیان مامۆستا دەناسم زیاتر لەچارەگە سەدەیەکە کاری مامۆستایی دەکەن و یەک تاقە کتێب چییە تا ئێستا نەیان خوێندۆتەوە، ئاخر گوڵبرای من، تۆ ئەگەر شتێک لەسەر زمان، ئەدەبیات، ئاین، پەروەردە نەخوێنییەوە بەس پێم ناڵێی چی بە منداڵی خەڵک دەڵێی؟ ئایا تۆ وەحیت لە ئاسمانەوە بۆ دێ؟!

لەو گفتوگۆیەی لەنێوان مەلا بەختیار و مامۆستا عەلی باپیردا کرا، قسەی ئەو پیاوە فەڕەنسییەی کە ناوبژیوانیان بوو، زۆر کاری تێکردم، کاتێک گوتی من هەقی ئەوەم نییە، کامیان براوە بوون و کامییان هەوادار و لایەنگریان زیاترە، پرسیاری من ئەوەیە ئەو دوو مرۆڤە مادام دوو سەرکردەی ئەم وڵاتەن و دوو قائید و پێشەوای خەڵکن و کاریگەرییان بەسەر ڕۆحی کەسانێک کە شوێنکەوتە و هەوادارییانن هەیە، ئەوانە تا ئەمڕۆ چییان کردووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵای ئەم هەرێمە؟ ئەگەر من لەوێ بام و بمتوانیبایە وەڵامی بدەمەوە، دەمگوت ئەو دوو پیاوە سیاسییەی کورد هەر یەکەیان لیشاوێک و لەشکر و سوپایەک کادیری تەوەزەل و نەخوێندەواریان هەیە و بەدرێژایی ڕۆژ خەریکی کاوێژکردنەوەی کۆمەڵێک قسەی بێ بەهای پڕوپووچن و خەریکی موناقەشە و گفتوگۆی بێزەنتین و ناتوانن هەنگاوێک بۆ پێشەوە بڕۆن.

ئاخر پێم وانییە هیچ کۆمەڵگایەک لەمێژوودا هەبێ هێندەی کۆمەڵی کوردەواری سیاسی بێ و هەموو چین و توێژەکانی ورد و درشت و گەورە و بچووک و نێرومێی خەریکی سیاسیەت بن! دووسەت ساڵ پێش ئێستا گەڕیدەی ئینگلیز (کلاودێس جیمس ڕیچ) کە هاتۆتە کوردستان و شاری سلێمانی و دیوەخانی کەیخەسرەوی پاشای جاف نووسیویەتی کوردەکان وەکو ئینگلیزەکان حەزیان لە سیاسەت کردنە. سەیرە تۆ میللەتێکی سیاسی بیت و دژە کتێب و خوێندنەوەش بی؟ جا بەڕاستی ئەگەر کاری میدیایی و سۆشیال میدیا و بوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کاریگەرییان لەسەر ڕێڕەوی ژیانی تاک و کۆی ئێمەی کورد هەبوایە، ژیانمان بەم جۆرەی ئێستا نەدەبوو، ئێمە تا ئێستاش میلەتێکی بێ دەوڵەتین و تاکە میللەتین لە هەموو ڕۆژهەڵات و لە جیهانیش دا، کە دەوڵەتمان نییە، کەواتا ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان هەروەکو پەرلەمانەکەمان ئەوەندەی بابەتی تەرفیهی و قازانج و بەرژەوەندی تایبەت بوون، هۆکارێک نەبوون بۆ خزمەتکردنی میللەت و بەرەوپێش بردنی بواری مەعریفی و

> پێم وانییە هیچ کۆمەڵگایەک لەمێژوودا هەبێ هێندەی کۆمەڵی کوردەواری سیاسی بێ و هەموو چین و توێژەکانی ورد و درشت و گەورە و بچووک و نێرومێی خەریکی سیاسیەت بن!

ڕۆشەنبیریمان.

لەم ساڵانەدا کەسێ گوتی ئەوڕوپاییەکان دەڵێن ڕۆژنامەکانی کوردستان لەگەڵ بڵاوکراوە و نەشرەی سەردیوارەکانی جارانی قوتابخانەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، واتا زیاتر هەواڵنامەن لەوەی بابەتی گۆڕانکاری بن! هەروەکو بەختیار عەلی دەڵێ: میللەتێک کتێبخانەی گەورەی نەبێ ناتوانێ زانکۆی جددی و ڕاستی هەبێ، ئەگەر بەڕاستی و بە مانای داهێنان و بەرهەمهێنان ز ا نکۆ ی ڕاستەقینەت نەبوو، ناتوانی میدیایەکی کاریگەرت هەبێ، ئێمە بەسەدان سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامە و گۆڤارمان هەیە و هیجیش بەرهەمێکی وای نەبووە. نامەوێ هەموو کاری میدیایی و سۆسیال میدیا و مێژوو ژیان و دونیای ڕۆژنامەگەری کوردی زەڕبی سفربکەم، بەڵام لەکۆتاییدا دەپرسم، ئەدی بۆ ئێمە تا ئێستا ڕۆژنامە نووسێکی دیاری وەکو

هەتا وەکو حوجرە و خانەقاکانی سەدەکانی ڕابردوومان نەبنە کانگا و داینەمۆی بەرهەمهێنان و دروستکردنی مرۆڤگەلی لە جۆر و شێوەی مەلای گەورە و مامۆستای مودەڕیس و نالی و مەولەوی و مەلای جزیری و حاجی قادر و ئەحمەدی خانی، دنیای ڕۆژنامەگەری ئێمەش هەر کاوێژکردنەوەی ڕابردوو، هەر خولانەوە لە بازنەی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتیدا دەبێ و لێی دەرناچێ

محمد عەلی بیلاندی تورکیمان نییە، بۆ ڕۆژنامەنووسێکی لە شێوەی ئەمیری تاهیری و ئیحسان نەڕاغی ئێرانیمان نییە؟ کێمان هەیە بەڕاستی پسپۆڕ و خەبیری کاروباری ئێرانی یاخود تورکی یاخود ئیسرائیلی بێ؟ بەختیار عەلی لە کتێبی کۆتاییەکانی سەدەی خەون لەکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕۆژنامە دا، باسی (جیهاد خازن)ی سە رنو و سە ر ی ڕ ۆ ژ نا مە ی حەیاتی لەندەنی دەکات ودەڵێ پیاوێکی زۆر دژە جوو و ئەنتی سامییە، بیروبۆچوونەکانی نیگای عەرەبێکی توندڕەو و فاشی بەرجەستە دەکەنەوە، بەڵام ئەم پیاوە پسپۆڕە لەهەموو کون و کەلەبەرێکی ئیسرائیلدا، پسپۆڕە لە هەموو وردەکارییەکانی پەیوەندی ئیسرائیل بەدەرەوەی خۆی، پسپۆڕە لەهەردەزگا و کونجێکدا، ئیسرائیل لە دونیادا دەستی پێ دەگات، هەموو ئەندامانی لۆبی

ئیسرائیلی لە خۆرئاوا و ئەمریکا دەناسێت و ئاگای لەجووڵەیانە....

تۆعەزیزم یەک ڕۆژنامەنووسی کوردم پیشانبدە، نەوەک بتوانێت ڕاپۆرتێکی ورد و دەوڵەمەند لەسەر حیزبەکانی باشووری عێراق بنووسێت، بەڵکو ڕاپۆرتێکی ورد لەسەر بەرەی تورکمانی و جووڵەیان و کاریان لە کەرکوکدا بنووسێت، بەحیساب کەرکوک جەوهەری کێشەکانی ئێمەیە... من خۆشم پێم وانییە تاسەت ساڵی دیکەش بتوانین لە بواری میدیایی و ڕۆژنامەنووسیدا ئەو دەورەی ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی بینیویەتی یاخود نیۆیۆرک تایمز و واشنتن پۆست بینیویانە، یاخود تەنانەت ئەو دەور و ڕۆڵەی ڕۆژنامەی شەرقلئەوسەت و حەیات بینیویانە یان ڕۆژنامە گرنگەکانی ئێران و تورکیا بینیویانە، ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەنووسانی ئێمە بتوانن ببینن و بیگێڕن، لەبەرئەوەی بۆ گۆڕاکاری ڕیشەیی لەو بارودۆخەدا پێویستمان بە گۆڕانکاری ڕیشەیی و بنەڕەتی و بنچینەیی هەیە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، هەتا قوتابخانەکانمان و زانکۆکانمان بەڕاستی و لەواقیعدا نەبنە ناوەندی مەعریفی و سەنتەری داهێنان و بەرهەمهێنانی فکر و هزر و بیرێکی ڕوون و ئاشکرا و جوان، هەتا وەکو حوجرە و خانەقاکانی سەدەکانی ڕابردوومان نەبنە کانگا و داینەمۆی بەرهەمهێنان و دروستکردنی مرۆڤگەلی لە جۆر و شێوەی مەلای گەورە و مامۆستای مودەڕیس و نالی و مەولەوی و مەلای جزیری و حاجی قادر و ئەحمەدی خانی، دنیای ڕۆژنامەگەری ئێمەش هەر کاوێژکردنەوەی ڕابردوو، هەر خولانەوە لە بازنەی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتیدا دەبێ و لێی دەرناچێ.

سەرچاوەکان:

- کۆتاییەکانی سەدەی خەون (بەختیار عەلی).
- گەشتی ڕیچ بۆکوردستان (کلاودێس جیمس ڕیچ)، وەرگێڕانی حەمەی حەمەباقی.
- چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ١٨٩٨-١٩١٨، بەرگی یەکەم، نەوشیروان مستەفا.

پڕۆفایل...

- کەمال عەبدوڵڵا حوسێن، ناسراو بە کەمالی عەوڵا گەورە.
- مامۆستای بنەڕەتی، ساڵی ١٩٩٨ پەیمانگای مامۆستایانی تەواوکردووە.
- ساڵی ٢٠١٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ڕاپەڕین بەدەستهێناوە.

ڕۆژنامەگەری یاسایی کوردیی لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١

دادوەر عەباس هەمزە خدر

ماجستێر لەیاسای تایبەت

پێشەکی

ڕەگ و ڕیشاڵی ڕۆژنامەگەریی یاسایی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا، ڕەگ و ڕیشاڵێکی قووڵ و بڵاوە، ڕۆژنامەگەریی یاسایی زۆر لە ڕۆژنامەگەریی ئاسایی دوا نەکەوتووە.

بۆ ئەوەی باسەکەمان لێ بڵاو نەبێ و ئامانجەکەمان لێ بزر نەبێت، باسەکەمان لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەست پێ دەکەین.

لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و دروستبوونی قەوارەیەکی یاسایی بە ناوی هەرێمی کوردستان، ئیتر لەو کاتەوە هەموو کایەکانی ئەو ڕووبەرەی ناوی لێنرا هەرێمی کوردستان، لە زۆربەی بوارەکانیدا گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەردا هات، لە ناویاندا کایەی ئیعلامی و بەتایبەتیش کایەی ڕۆژنامەگەریی، بە وردتریش لە بواری ڕۆژنامەگەریی یاساییدا. خۆم یەکێک بووم لەو کارەکتەرە سەرەکییانەی کە لەو بوارەدا قەڵەمم بەکار خستووە و هێور هێور تا کۆتاییش بەردەوام بووم.

هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە، کاری ڕۆژنامەگەریی یاسایی شانبەشانی ئەوانی تر دەستی پێکرد، بە نووسینی ڕیپۆرتاژ و

هەواڵی یاسایی لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانەوە هاتینە مەیدان، تا توانیمان چەند هەفتەنامە و گۆڤاری وەرزی دەربکەین، کە هەمووی تایبەت بوو بە بواری یاسایی و بڕیارەکانی دادگا و هەواڵی بواری قەزا و دادوەری. لەم بارەیەوە، لە سەرەتای دروستبوونی کەناڵە تەلەڤیزیۆنە لۆکاڵەکانەوە، بە بەرنامە و چاوپێکەوتن کاری باشمان کرد. لە تەلەڤیزیۆنی گەلی کوردستان و تەلەڤیزیۆنی یەکگرتووەوە تا گەیشتە کەناڵە ئاسمانییەکان، تا ئێستاش لەگەڵیان بەردەوامین. لە ڕۆژنامەکان، بۆ نموونە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ئیتیحاد، برایەتی، خەبات، یەکگرتوو، ڕابوون. لە گۆڤارەکانیش: پەیامی ڕاستی، جەماوەر، شەقڵاوە.

وردە وردە کارەکانمان بەردەوام بوو، تا گەیاندمانە دەرکردنی چەندین گۆڤاری مانگانە و وەرزی لەوانە: گۆڤاری یاساپارێزی و پارێزەر و هتد.. ئیتر کار گەیشتە ئاستێکی دڵخۆشکەر؛ دەیان، بەڵکو سەدان نووسەر و کتێبی یاسایی دەرکەوتن و تەنانەت چەندین کتێبخانە و چاپەمەنیی یاسایی لە هەموو شارەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم ئامادەن و کار و بەرهەمیان بەردەوامە.

> قسەوباس لەسەر پرەنسیپەکانی دادگای تەمیز و بڕیارەکانی تری دادگای تەمیز و دادگاکانی ترەوە، کاریگەریی سەرەکیی هەبوو لەسەر ئەوەی کە وردە وردە زمانێکی کوردیی تایبەت بە نووسینەوەی یاسا و بڕیارەکان دەربکەوێت

مەبەست لە ڕۆژنامەگەریی یاسایی؛

دەتوانین بە کورتی بڵێین، مەبەستمان لە ڕۆژنامەگەریی یاسایی ئەمانەیە:

١) بڵاوکردنەوە و چاپکردنی یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکانی بواری یاسا، بە هەر جۆرێکی پەخشکردن بێت؛ جا بە ڕێگای چاپکردن بێت لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، یان بەهۆی پەخشکردنەوەی بێت لە ئامرازەکانی تری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنەوە.

٢) شیکردنەوە و نووسین لەسەر بابەتە یاساییەکان و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان، لە ڕوانگەی یاسا بەرکارەکان و ڕوونکردنەوەیان.

٣) بەدواداچوونی کار و چالاکییەکانی دادگاکان و ئەنجومەنی دادوەری.

٤) بەدواداچوونی کار و چالاکییەکانی وەزارەتی داد. هەڵبەت، بەشێکی زۆری دام و دەزگا یاسایی و حکوومییەکان لەلای ئێمە، جارێ لە ڕووی ئیدارییەوە، وابەستەن بە وەزارەتی دادەوە؛ وەکو دەزگای داواکاری گشتی، فەرمانگەکانی تۆماری خانووبەرە، دادنووسەکان، چاودێریی ناکامەکان، فەرمانگەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا و یاساکان و... هتد.

٥) پەرەدان بە ڕۆشنبیریی یاسایی و مافی مرۆڤ.

هەموو ئەمانە و زیاتریش پەیوەندیدارن بە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی بواری یاساکانەوە. هەڵبەت، ئێمە لەم دەرفەتە بچووکەدا و لەم زاویە تەسکەدا ناتوانین بە درێژی و بە وردی لەسەر هەموویان بووەستین، بەڵکو دەتوانین بە گشتی و بە درشتی لەسەریان قسە بکەین.

قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕۆژنامەگەریی یاسایی کوردستان:

ئەم بوارەی ڕۆژنامەگەرییە هەر لە زووەوە بە شێوەیەکی سەرەتایی هەبووە، هەر کە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا سەری هەڵداوە، ئەم بوارەش لەگەڵیدا هەبووە، هەرچەندە لە سەرەتای سەرهەڵدانی تا کۆتاییش، لە کوردستانی عێراقدا هەژموونی زمان و ڕۆشنبیریی عەرەبی، یان ڕاستتر ئەوەیە بڵێین هەژموونی زمانی فیقهی ئیسلامی، بەسەریدا زاڵ بووە و تاکو ئێستاش بەردەوامە.

بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دروستبوونی قەوارەی هەرێم، مۆرکە کوردەوارییەکەشی زیاتر دەرکەوتووە و مۆرکە عەرەبییەکەی کاڵتر بۆتەوە. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە وردە وردە، زاراوە و نووسین و دەستەواژەی کوردی زیاتر هاتنە ناو زمانی کوردییەوە. بۆ ئەم مەبەستە، چەندین سەنتەر و کۆمەڵە دامەزراون و کار و چالاکیی بەرچاویان پێشکەش بە ڕۆژنامەوانی و زمانی نووسینی یاساکان کردووە.

بۆیە دەتوانین بڵێین، پێشکەوتن و گەشەکردنی ڕۆژنامەوانیی یاسایی لە هەرێمی کوردستان

بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و جارێ هەر ماویەتی گەشەی زیاتر و بەرەوپێشچوونی توندتری پێ بدرێت.

بۆیە دەتوانین قۆناغەکان بەم شێوەیە دیاری بکەین:

یەکەم: لە سەرەتاوە، لەسەر شێوەی نووسین و چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوەی سنووردار دەستی پێکرد.

دووەم: لە قۆناغێکی تردا، وەکو هەوڵی تاکەکەسی، چەندان دادوەر و پارێزەر هەوڵیان دا تاکوو زمانی کوردی، شانبەشانی زمانی عەرەبی، لە دادگا و لێکۆڵینەوەکاندا بەکار بهێنرێت.

سێیەم: بەهۆی دەرکردن و دانانی کتێب و نامیلکەوە لەلایەن زۆرێک لە دادوەر و پارێزەر و یاساناسانەوە، قسەوباس لەسەر پرەنسیپەکانی دادگای تەمیز و بریارەکانی تری دادگای تەمیز و دادگاکانی ترەوە، کاریگەریی سەرەکیی هەبوو لەسەر ئەوەی کە وردە وردە زمانێکی کوردیی تایبەت بە نووسینەوەی یاسا و بڕیارەکان دەربکەوێت.

چوارەم: بڕیارێکی گرنگ لە وەزارەتی دادەوە دەرکرا، کە دەکرێت دادوەرەکان بڕیار بە کوردی بنووسن و زمانی کوردی دەکرێت ببێتە زمانی ڕەسمی و سەرەکیی ناو دادگاکان.

پێنجەم: دەرکردنی چەندین بڵاوکراوەی دەوریی یاسایی، کە کاریگەریی سەرەکییان هەبوو لە ڕەواجدان بە نووسین بە زمانی کوردی و تێگەیشتن لە زاراوە یاساییەکان، تا کار گەیشتە ئەوەی لە ئێستادا هەندێک بڕیار لەلایەن ئەندامانی دادگای تەمیزەوە بە کوردی دەنووسرێنەوە. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو کار گەیشتووەتە ئاستێک، توێژینەوەی ماجستێر و دکتۆراش لەو بوارەدا بە کوردی دەنووسرێت.

هەڵبەت، ئەوە لایەنێکی سلبییشی هەیە لەسەر توانا و لێهاتوویی توێژەر و قوتابیی بواری یاسا، چونکە زمانی کوردی لە بواری یاسادا جارێ هەژارە و کەم تفاقە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابیانی بواری یاسا فێری زمانی عەرەبی نەبن و بە زمانی کوردیش سەرچاوە زۆر کەمن.

شەشەم: لە ئێستادا، کار گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کتێب و بڵاوکراوە و گۆڤاری وەرزی لە بوارە جیاجیاکانی یاسا و دادوەریدا هەن، بە شێوەی ئەکادیمی و تایبەتمەند کار دەکەن، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو دیراسەکردن و شیکردنەوەی بڕیار و

یاساکان بە قووڵی بە زمانی کوردی دەردەچن. کار گەیشتووەتە ئەوەی لە پەڕلەمانی بەغدا، هەندێک لە پەرلەمانتارە کوردەکان بە کوردی قسە دەکەن و پێشنیاز و داواکارییەکانیان دەخەنە بەردەمی پەڕلەمانتارەکانی تر. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە کە لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا، بە ڕوونی دان بەوەدا نراوە کە زمانی کوردی، هەر وەکو زمانی عەرەبی، زمانی ڕەسمیی هەموو عێراقییەکانە.

حەوتەم: بواری ڕۆژنامەگەریی یاسایی لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە قۆناغی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، تا ئێستا چەندین سایت و شوێنی ئەلیکترۆنی هەن و بەردەستن بە زمانی کوردی. یاساکان لەوێدا بڵاو دەکرێنەوە و بڕیارەکانی دادگاکان، سەرنج و تێبینیی کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی بە زمانی کوردی بەردەستن.

هەرچەندە گرفتێکی گرنگ و گەورە هاتووەتە بەردەم ڕۆژنامەگەریی یاسایی کوردی، ئەویش ئەوەیە کە کورد بە شێوەی گشتی زمانێکی کوردیی ستانداردی نییە بۆ نووسین و لێ تێگەیشتن، ئەوەی ئێمە لێرەدا باسمان کرد، تەنها قسەکردن بوو لەسەر زمانی کوردی بە شێوەزاری سۆرانی، لە کاتێکدا هەموومان دەزانین لە هەرێمی کوردستان چەندین شێوەزمان هەیە، وەکو بادینی و هەورامی و چەندانی دیکەش، ئەمە قەیرانێکی گەورەیە لە بەردەم ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گشتی و ڕۆژنامەگەریی یاسایی کوردی بە تایبەتی.

پەیوەندیی ڕۆژنامەگەریی یاسایی کوردی بە پرەنسیپی سەروەریی یاساوە:

ڕۆژنامەگەریی یاسایی کوردی لە هەرێمی کوردستان، ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی هەبووە؛ لە زەقکردنەوە و بەرچاوڕوونی خەڵکی بۆ پاڵپێوەنانی ڕەوڕەوەی پرەنسیپی سەروەریی یاسا، هەرچەندە ئەم ڕێڕەوە پڕ لە دڕک و داڵە و زۆر بە سستی بەرەو پێش دەچێت. خۆ ئەگەر بمانەوێت تەنانەت هەڵوەستەیەک بکەین لەسەر هۆکاری ئەم سستییەی بەڕێوەچوون و ئالیەت و ئامرازەکانی خستنە سەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆی، ڕووبەرێکی فراوانی دەوێت و ناتوانین لێرەدا مافی خۆی بدەینێ.

هەر بۆیە، لێرەوە تەنیا لەسەر ئەو خاڵانە دەوەستین کە ڕۆژنامەگەری بە گشتی و ڕۆژنامەگەریی یاسایی دەتوانن کاریگەری دروست بکەن

لەسەر کۆمەڵگە بۆ زیاتر زانینی یاساکان و ناسینیان، تا لەسەر ئەو بناغەیە بتوانین داکۆکی لە پرەنسیپی یاسا بەرکارەکان بکەین. بەو هۆیەوە، بتوانین سنووری خۆمان بزانین و لەوەش حاڵی ببین کە ئەگەر ئەوانی دی پێشێلی یاسایان کرد، دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکەین.

بۆیە، ناسینەوە و ئاشنابوون لەگەڵ یاسا بەرکارەکان، هەنگاوی یەکەمە کە هاووڵاتی پێویستە لێی ئاگادار بێت، ئینجا دەتوانێت هەڵسوکەوتی بەرامبەر بەپێی یاسا هەڵسەنگێنێت، ئەمەش بە پیادە کردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەکرێت:

١- پەرەدان بە ڕۆشنبیری یاسایی:

ئەمە بە چەند ڕێگایەک دەکرێت وەکو، کردنەوەی خول، چاپکردنی نامیلکە، هەڵواسینی ڕێنمایی و دەقی مادده یاساییەکان لە شوێنە گشتییەکان و... هتد.

بەڵام لە هەموویان کاریگەرتر، لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەرییەوەیە، وەکو: بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکان، ڕووبەری ڕۆژنامەکان، ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی و سۆشیاڵ میدیا بە هەموو جۆرەکانییەوە.

لەم ڕێگایەوە، هاووڵاتی دەتوانێت یاساکان بناسێت، کە یاساکانیشی ناسی، ماف و ئەرکەکانی خۆشی لەناو یاساکاندا دەدۆزێتەوە و پەیڕەویان دەکات. ڕۆژنامەگەریی کوردی لە هەرێمی کوردستان، تا ئاستێکی سنووردار توانیویەتی ئەم کارە بکات، جا چ بە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی بیستراو، بینراو یان نووسراو بێت.

٢- چاودێریی کارەکانی دەسەڵات بە گشتی:

ڕۆژنامەگەری بە گشتی و ڕۆژنامەگەریی یاسایی بە نووسین و بیستن و بینراوەوە، دەتوانێت و تا ئاستێک توانیویەتی کاریگەر بێت لەسەر کار و پلانەکانی حکومەت و دامودەزگاکان، سەبارەت

> زۆر جار ئەوانیش لە ڕێڕەوی خۆیان دەردەچن و سنوور دەبەزێنن، وەکو: دواندن و پیشاندانی کەسانی پەیوەندیدار بە دۆسیەیەکی تایبەت و هەستیارەوە، بۆ نموونە: پیشاندانی تۆمەتبارێک، یان وێنەگرتنی ئەو تۆمەتبارە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانێک، یان پیشاندان و بڵاوکردنەوەی دانپێدانانەکەی، یان ناو هێنان و ناساندنی بە بینەرەکان

بە پیادەکردنی یان پێشێلکردنی یاسا بەرکارەکان، بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، تا ئاستێکی باش ئاگاداریی کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتن بە گشتی، بۆ نموونە، کە لەناو خەڵکدا گوێڕادەگریت، ئەوە تێدەگەیت کە بەشێکی زۆری ئەو باج و گومرگ و ڕسوماتانەی دەسەڵات لەسەر کەلوپەلی ڕۆژانەی خەڵک فەرزی کردوون، نایاسایین، کەواتە ناڕەوان، هەروەها سەبارەت بە فرۆشتن و بە قاچاخ بردنی نەوت و غاز و فرۆشتن و هەڕاجکردنی زەوی و موڵک و ماڵی گشتی، زۆربەی هاووڵاتیانی هەرێم لەم گەندەڵی و ناعەدالەتییە تێگەیشتوون و چاویان کراوەتەوە. بەشێکی زۆری فەزڵی ئەم چاوکرانەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی کاریگەریی ڕۆژنامەگەریی یاسایی و ئەوانی تریش.

٣- چاودێریکردنی کاری دادگا و سەربەخۆیی و دەسەڵاتی دادوەری:

لەو بوارەشدا، ڕۆژنامەگەری خەباتێکی کەمی نەکردووە و بە زۆر ڕێگا و فۆرم بەم کارە هەستاوە، وەکو: چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی دادوەرەکان، موناقەشەکردنی بڕیارەکانی دادگاکان لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە (لە دادوەر و پارێزەر و مامۆستایانی زانکۆوە) لە گۆڤارە وەرزی و ئەکادیمییەکاندا، گوێگرتن و گەیاندنی داواکاری و گلەیی و گازندەی هاووڵاتیان سەبارەت بە لێپرسینەوە لە سەرپێچیکاران و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەن مافەکان و.... هتد.

بۆ نموونە، لەم سەروبەندەدا لە ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنیدا خوێندمەوە کە سێ دادوەری دادگای کۆیە، بە سەرپێچیی ڕێنمایی و یاساکان، کارەبایان لە فەرمانگەیەکی حکومەتەوە بۆ خۆیان ڕاکێشاوە، کە بە حوکمی کاری فەرمانگەکە، پێویستە کارەبای هەمیشەیی هەبێ، ئەم کارە هەڵوێست و وەزیفەی ڕۆژنامەگەرییە کە چاودێر بێت لەسەر هەمووان، بەبێ جیاوازی. دەتوانین بەم شێوەیە، دادوەرەکانیش کە کارەکتەری سەرەکیی سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنین و لەسەر هێڵی ڕاستی یاسا دەرچوون، بیانگەڕێنینەوە سەر ڕێڕەوی یاساکە.

بەڵام دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین کە میدیا و ڕۆژنامەگەریی بیستراو و بینراو و نووسراو، زۆر جار ئەوانیش لە ڕێڕەوی خۆیان دەردەچن و سنوور دەبەزێنن، وەکو: دواندن و پیشاندانی کەسانی پەیوەندیدار بە

دۆسیەیەکی تایبەت و هەستیارەوە، بۆ نموونە: پیشاندانی تۆمەتبارێک، یان وێنەگرتنی ئەو تۆمەتبارە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانێک، یان پیشاندان و بڵاوکردنەوەی دانپێدانانەکەی، یان ناو هێنان و ناساندنی بە بینەرەکان و... هتد.

ئەمانە هەموو، سەرپێچیی یاسا و ئێتیکێتی ڕۆژنامەوانین، ئەو کەسەی کە تۆمەتبارە و وێنەکەی بڵاو دەکرێتەوە، تانەیەکی گەورە و ڕووخێنەر لە سومعە و کەسایەتیی دەدرێت، لە کاتێکدا کە جارێ تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ نەبووەتەوە، کە بەسەریشیدا ساغ بووەوە، یاسا سزاکەی دیاری کردووە.

هەڵبەت، کە میدیا وێنەکەی بڵاو دەکاتەوە، ئەوە خۆی لە خۆیدا سزایەکی زۆر توند و سەختە بۆ ئەو تۆمەتبارە؛ ڕووشاندنی کەرامەت و سووکایەتیکردنە بەو مرۆڤە، لە لایەکی ترەوە، دیسان سزایەکی توندە بۆ کەسوکاری، کە هیچ تاوانێکیان نییە لەو قەزیەیەدا. بۆ نموونە، ئەو تۆمەتبارە دایک و باوکی هەیە، ژن و منداڵ و کەسوکاری هەیە، کاتێک ئەو کەسەیان لەسەر تۆمەتێک پیشان دەدرێت یان وێنەی بڵاو دەکرێتەوە، ڕەنگە تۆمەتەکەش زۆر قێزەون بێت، بێگومان کاریگەرییەکی زۆر خراپ و سلبی لەسەر سومعە و کەرامەت و مەکانەتی کەسوکاری بەجێ دەهێڵێت. هەموو ئەوانەش تاوان و سەرپێچیی یاسان، کە زۆرێک لە میدیا و ڕۆژنامەنووسانی لای ئێمە ئەنجامی دەدەن.

> دادوەرەکان دڕدۆنگییەکیان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان هەیە، ڕۆژنامەنووسانیش کاتێک ڕێگەیان پێ دەدرێت ئامادە بن، ڕەچاوی تایبەتمەندیی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی دادگاکان ناکەن. ئەمەش جووڵەیەکی هەستیارە، چونکە پەیوەستە بە مافی خەڵک و تۆمەتبار و داواکاری

زۆر جاریش، دەسەڵاتی گشتی و پۆلیس و ئاسایش بەرپرس و کەمتەرخەمن، چونکە خۆیان ئەم کارە نایاساییە ئەنجام دەدەن.

٤- پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان:

ڕۆژنامەگەریی کوردی لە هەرێمی کوردستان، لەو بوارەشدا تا ئاستێکی گونجاو کاری خۆی ئەنجام داوە، بەتایبەت ڕۆژنامەگەری و میدیای

سەربەخۆ، هەروەها ئەوانەش کە هێز و لایەنە ناڕازی و پیشەیی و موعارەزەکان لە پشتیانەوەن. ئەمەش بە ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ و بەدواداچوون، توانیویانە و دەتوانن زیاتریش داکۆکی لە مافی هاوولاتیان بکەن و ئەو لایەن و کەسانەش دیاری بکەن کە هەڵدەستن بە پێشێلکاری، تەنانەت دەتوانن دەنگی ئەو ستەملێکراوانە بگەیەننە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، بۆ نموونە، توانرا قەزیەی دەستگیرکردن و بەندکردنی چەندین میدیاکار و ڕۆژنامەنووسی ناوچەی بادینان بگەیەننە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و بۆچوونی ئازاد، لە ئەنجامدا، هەندێکیان هاتنە سەر خەت و فشاریان لەسەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دروست کرد.

لەمپەرەکانی بەردەمی ڕۆژنامەگەریی یاسایی:

١- نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەم بوارە: بە شێوەیەکی گشتی، ڕۆژنامەگەریی یاسایی، یان ڕوونتر بڵێین ڕۆژنامە و گۆڤارە تایبەتمەندەکان بە یاساوە، بە یاسایەکی تایبەت ڕێک نەخراون، بەڵکو هەروەکو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تری بواری میدیا، بەر یاسای ڕۆژنامەگەریی کوردی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) دەکەون. ئەمەش جۆرێک لە نیگەرانی و ئاڵۆزیی لەو بوارەدا دروست کردووە.

بۆ نموونە، بۆ بەدواداچوونی بڕیارێک، یەکێک لە دادگاکان پێویست بەوە دەکات هەندێک قەزیە بوروژێنێت، یان تیشکی بخاتە سەر، کە بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەریی گشتی، ڕەنگە بکەوێتە بەردەم لێپێچینەوە؛ ئینجا تۆمەتی ناوزڕاندن بێت، یان ئاشکراکردن و قسەکردن بێت لەسەر دۆسیەیەکی تایبەتیی خێزانی یان تاکەکەسی، یان دوور نییە توێژینەوە و بەدواداچوون لە قەزییەیەک بکرێت لە دادگای نەوجەوانان، تایبەت بە تۆمەتبارێک لە بەردەم ئەم دادگایە، کە یاسای گشتیی ڕۆژنامەگەری باسی لێوە نەکردووە، بەڵام بەپێی یاساکانی تر، دەبێت زۆر ڕەچاوی تایبەتمەندیی کەسی تۆمەتبار بکرێت لە بەردەم ئەم دادگایە، چونکە جارێ منداڵە یان نەوجەوانە، تەنانەت بە «تۆمەتبار»یش ناوی ناهێنرێت، بەڵکو بە «لادەر“ (جانح) ناو دەبرێت.

٢- لاوازیی پەیوەندیی نێوان دادگا و دادوەرەکان لەگەڵ بواری میدیادا:

هەرچەندە کارەکانی دادگاکان، بڕیارەکانی دادگا، کار و دەوامکردنی دادوەرەکان، بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوە و دادبینییەکانی دادگاکان، دانیشتنەکانی دادگا وەکو پرەنسیپ ئاشکران و دەرگا کراوەیە بۆ هەر کەسێک ئامادە بێت (بە مانای بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی دادگاکان بە (علنی) ە نەک)سری)، بەڵام کاری میدیا و بەدواداچوونی میدیایی لەو بوارەدا لاوازە وردتر بڵێین، هاوکاریی دوولایەنە لە نێوان دادگا و میدیادا وەکو پێویست ڕێک نەخراوە. دادوەرەکان دڕدۆنگییەکیان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان هەیە، ڕۆژنامەنووسانیش کاتێک ڕێگەیان پێ دەدرێت ئامادە بن، ڕەچاوی تایبەتمەندیی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی دادگاکان ناکەن. ئەمەش جووڵەیەکی هەستیارە، چونکە پەیوەستە بە مافی خەڵک و تۆمەتبار و داواکاری و... هتد.

٣- نەبوونی شارەزایی یاسایی: بەشێکی زۆر لە کارەکتەرەکانی بواری میدیا و ڕۆژنامەوانی، شارەزاییان لە بواری یاسادا نییە، هەرچەندە کەمێکیش بێت، ئینجا ئەوە تێنەگەیشتن بێت لە چەمکە یاساییەکان، یان چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕێوشوێنە یاساییەکان، هەموو ئەمانە ئیشکال و تێکگیران دروست دەکات لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و دادگا و دادوەرەکان، لە کاتێکدا پێویست دەکات ڕۆژنامەنووس، هەرچەندە لێهاتووییەکی سەرەتاییشی هەبێت، ئاگاداری ئەو بوارانە بێت، جا بە ئەنجامدانی دەورەی تایبەت بێت، یان ڕێکخستنی بەرنامەی هاوبەش بێت لە نێوان کۆلێژەکانی یاسا و ڕاگەیاندن، یان بە هەر شێوازێکی تر کە گونجاو بێت.

٤- تایبەتمەندیی زمانی یاسا: یاساکان زمانێکی تایبەتمەندیان هەیە؛ چەمک و دەقە یاساییەکان بە زمانی یاسایی نەبێت، لێک نادرێنەوە، زۆر قورسە کەسێک زمانی یاسا نەزانێت و لەڕۆحی یاساکان و ماناو مەبەستە یاساییەکان تێبگات، بۆیە بابای ڕۆژنامەنووس یان پەیامنێر، زۆر جار لەسەر جیاوازی نەکردن لە نێوان زمان و مانای چەمکە یاساییەکان و ئەوانی تردا، تووشی هەڵە لێکدانەوە دەبێت.

٥- کۆسپەکانی تر: ئەمە و چەندین لەمپەر و کەند و کۆسپی تر، کە بوونەتە هۆی سستبوونی ڕۆژنامەوانیی بواری یاسا، وەکو: فشارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کە

زۆر جار حیزب و کەسە حیزبییەکان ڕێگرن لە بەردەم بەدواداچوون، یان شیکردنەوە و قسەکردن لەسەر دادگا و دادوەر، یان فەرمانگەکانی تری پەیوەندیدار بە وەزارەتی داد و ئەنجومەنی دادوەری، هەروەها، گرفت و لەمپەری کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لە بواری باری کەسی و کاروباری خێزانی و تاوان و قۆناغی لێکجیابوونەوە، کە ڕەنگە بگاتە ئاستی تۆڵەسەندنەوە و کێشەی عەشایەری.

هەروەها، کەمیی بەدواداچوون و گرنگیپێدانی ئەو بوارە لەمپەرێکی ترە، کە بەراوردی بکەیت بە میدیا و ڕاگەیاندنی بواری سیاسی و ئابووری، وەرزش و... هتد. هەروەها، هەژاری لە بواری ئەرشیفکردنی داتا و تۆمارکردندا، کە وڵاتی ئێمە لەو بارەیەوە لە هەژار هەژارترە. ئەوەتا، تا ئێستا من بۆ ئەم مەبەستە تووشی گرفتێکی زۆر ئەستەم بووم، ئەرشیفێکم دەست ناکەوێت کە ناوی هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بواری یاسایی تێدا بێت، لەگەڵ کورتەیەک سەبارەت بە مێژووی دەرچوون و چەند ژمارەی لێ دەرچووە و کەی وەستاوە و خاوەنی ئیمتیاز و دەستەی نووسەران و... هتد.

هەموو ئەم لەمپەر و ئاڵۆزییانەی باسمان کردن و هی تریش، بوونەتە هۆی لاوازیی بواری ڕۆژنامەگەریی یاسایی لە هەرێمی کوردستان. لە بەرئەنجامدا، کەوتووینە بەردەم واقیعێکی ئاڵۆز و لاواز، کە دەتوانین بڵێین هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە تێگەیشتن و کارکردن لەگەڵ یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکان، بە گشتی کۆڵەوارن.

چارەسەر:

چارەسەر ئەوەیە کە دەکرێت ئەو لەمپەر و بەربەستانەی باسکران، لا ببرێن، یان لانیکەم کار بکرێت بۆ بچووککردنەوەیان، ئەگەر نەتوانرێت بە یەکجاری لا ببرێن..

گرنگترین ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بواری یاسا:

ناتوانین هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی بواری یاسا دەستنیشان بکەین، چونکە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و پاشەکشەی حکوومەتی ناوەندیی عێراق لە هەر سێ پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک، و دوابەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی هەرێمێکی

فیدراڵی بە ناوی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، لافاوێک لە میدیا و بڵاوکراوە لە هەرێمی کوردستان تەقییەوە، دەیان ساڵ بوو ئەم وڵاتەی ئێمە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمە دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەتە مەرکەزییەکانی بەغدا، بێجگە لە ئازادییەکی دیاریکراو و سنووردار، لە بواری میدیا و ڕۆژنامەگەریدا ڕووناکییەک نەبوو، تا لەوێوە ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەسپی خۆی تاو بدات.

تا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، هەموو ئەو توانا پەکخراو و قەتیسماوە، بواری بۆ ڕەخسا و لەناکاو تەقییەوە. هەر بۆیە، دەیان، بگرە سەدان بڵاوکراوە، هەڵڕژانە ناو دنیای خوێنەر و هاووڵاتیی کورد لە هەموو بوارەکانی میدیادا، بە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەوە، بەشێوەیەک تاکو ئێستا دەیان چاپخانە و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە هەرێمی کوردستاندا کاری خۆیان دەکەن.

هەر بۆیە، ئاسان نییە بتوانرێت هەموو ئەو بڵاوکراوانە دەست بکەون یان دیاری بکرێن. هەرچەندە بەدواداچوونیشم کرد، بەڵام نەمتوانی ئەرشیفێک بدۆزمەوە کە هەموو ئەوانەی تێدا کۆ کرابێتەوە، یان هەر نەبێت ژمارە سەرەتاییەکانی زۆربەی بڵاوکراوەکانی تێدا پارێزراو بێت. ئیتر ناچارین لێرەدا تەنیا چەند بڵاوکراوەیەک، ڕۆژنامە و گۆڤاری وەرزی بخەینە ڕوو، کە پێمان وایە گرنگەکانیانن:

١- **یاسا پارێزی:** گۆڤارێکی ساڵانە بوو، بابەتەکانی هەمووی پەیوەندیدار بوون بە سەروەریی یاسا و مافی مرۆڤەوە، ژمارەی یەکەمی لە ساڵی ١٩٩٦ دەرچوو، لەو کاتەدا کە یاسا و مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا، لە هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێک، بێنازتر و پەراوێزخراوتر بوو، ڕۆژ، ڕۆژی چەک و جەنگ و کوشتن و پێشێلکاری پێ ڕەزا بوو لە کاتێکدا کە سەد کەس بە دیلی کوژرابایە دوو بەرد تەقەیان نەدەهات، هەموو لا بێدەنگ بوون، بێجگە لە تفەنگ و چەخماخ، لەو کاتەدا ژمارەی یەکەمی گۆڤاری یاساپارێزی دەرچوو.

خاوەنی ئیمتیاز/ مەسعود مستەفا بوو، سەرنووسەر/ تارق مەحەمەد سەعید بوو. سکرتێری نووسین/ پارێزەر ئەحمەد عەبدوڵڵا خدر، لە هەولێر دەرچوو.

ئەو بڵاوکراوەیە بە قەبارەی گەورە بە نزیکەی (٢٥٠ - ٣٠٠) لاپەڕە دەردەچوو. بەشێکی تەرخان کرابوو بۆ بڵاوکردنەوە و چاپکردنی کتێبێک لە دوو توێی گۆڤارەکەدا، کە پەیوەندیدار بوو بە بواری یاسا و مافی مرۆڤ لە ژێر ناوی (کتێبی یاساپارێزی).

بۆ نمونە، کتێبێکی بەندە کە دەستنووس بوو لە ژمارەی (٤) ساڵی (١٩٩٩) لە ژێر ناوی (کورد و جینۆساید و کارەساتی نێودەوڵەتی) بڵاوکرایەوە.

لە ژمارە (٨) ساڵی (٢٠٠٣) [کتێبی ڕێکخستنی یاسایی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا] لە نووسینی دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا، کە بەشێک بوو لە تێزی دکتۆراکەی بە زمانی کوردی بڵاوکرایەوە.

٢- **پارێزەر:** گۆڤارێکی یاسایی وەرزییە، سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەری دەکات.

خاوەنی ئیمتیاز/ شێروان حەیدەری، سەر نووسەر/ ئیبراهیم موفتی، بەڕێوەبەری نووسین/ سەردار عەزیز خۆشناو، دەستەی نووسەران/ پارێزەران عەونی بەزاز، گۆڤەن فەتحی بابان، محێدین شێخانی.

ژمارەی یەکی ساڵی (٢٠٠٠) دەرچووە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو.

٣- **دادوەر:** گۆڤارێکی یاسایی دەورییە، یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان دەری دەکات.

خاوەنی ئیمتیاز/ یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان، سەرنووسەر/ دادوەر شوان محێدین. بەڕێوەبەری نووسین/ دادوەر سەردار عەزیز خۆشناو، دەستەی نووسەران/ دادوەران: عەبدولباست عەبدوڵڵا فەرهادی، مستەفا محەممەد داود، هاشم عەبدولماجد، جاسم جەزا، عوسمان یاسین عەلی.

ژمارە (١) لە ساڵی (٢٠٠٩) دەرچوو، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو.

٤- **پەیمانی دادوەری:** گۆڤارێکی یاسایی وەرزییە، ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان دەری دەکات.

خاوەنی ئیمتیاز دادوەر ئەحمەد عەبدوڵڵا زوبەیر، سەرنووسەر/ دادوەر د. محەممەد عەبدولڕەحمان سلێڤانی. جێگری سەرنووسەر/ دادوەر گەیلانی

سەید ئەحمەد. بەڕێوەبەری نووسین/ دادوەر دکتۆر دادیار حەمید سلێمان. دەستەی نووسەران/ دادوەران: د. عەبدولڕەحمان سلێمان عەلی. خدر حەسەن محەممەد. دکتۆر عوسمان یاسینی عەلی. حسێن محەممەد تەهماس. کەمال ڕەزا ئەحمەد.

بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو و ژمارەی (١) ساڵی (٢٠١٣) بڵاوکرایەوە.

٥- **تەرازوو:** گۆڤارێکی یاسایی وەرزییە، یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان دەری دەکات.

خاوەنی ئیمتیازات/ تۆفیق کەریم صادق، سەرنووسەر/ لوقمان عومەر حسێن، دەستەی نووسەران/ دادوەر گەیلان ئەحمەد، تاریق سەدیق گەردی، دکتۆر کەمال سەعدی، حیکمەت ئەحمەد کۆچەر، بەختیار غەفوور باڵەکی، ناسح سەلیم حەمەد.

ساڵی (١٩٩٨) ژمارەی (١) دەرچووە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو. بەشی زۆری نووسینەکانی بریتی بوون لە توێژینەوەی یاساناسەکان و چاپکردنی بڕیارەکانی دادگای تەمیز و هەواڵ و چالاکی یەکێتی مافپەروەران. شایەنی باسە ئەو کاتانە سەردەمی دوو ئیدارەی پارتی و یەکێتی بوو، لە سلێمانیش یەکێتی مافپەروەران بڵاوکراوەیەکیان چاپ دەکرد بە ناوی (هزری یاسایی)، بەداخەوە نەمتوانی بەدەستی بهێنم، تاکو لێرە چەند دیڕێکی لەسەر بنووسم.

٦- **وەقایعی کوردستان:** ڕۆژنامەی ڕەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، مانگی جارێک لە لایەن وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانەوە دەردەچێت. تایبەتمەندی ئەم بڵاوکراوەیە ئەوەیە تەنیا یاسا و بڕیار و ڕێنماییە ڕەسمییەکان بڵاو دەکاتەوە، هەر یاسا و بڕیار و ڕێنماییەک لەم بڵاوکراوەیەدا بڵاوبکرێتەوە، دەبێتە ڕەسمی و دەبێ کاری پێ بکرێت، ئەوەیش لێرەدا بڵاونەکرابێتەوە، بە ڕەسمی و کارپێکراو دانانرێ. ئەمانە هەموو لە کاتی بڵاوکردنەوەیان لەم ڕۆژنامەیەدا کاریان پێدەکرێت.

ژمارەی (١)ی ئەم ڕۆژنامە مانگانەیە لە ساڵی (٢٠٠٠) دەرچوو، تاکو ئێستاش بەردەوامە. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت، یاسا و مەرسوم و بڕیار و ڕێنمایەکان لەوێدا بە کوردی بڵاودەکرێنەوە، وەردەگێڕدرێن بۆ زمانی عەرەبی،

نوسخه کوردییەکەی بناغەیەکە و عەرەبییەکەی وەرگێڕانی ئەوە.

ئەو ڕۆژنامە ڕەسمییە کاتێک دەرچوو، کە دوای ئەوەی ئیدارەی هەرێم ڕاگەیەندرا، ئیتر نەتوانرا یاسا و نووسراوە ڕەسمییەکانی هەرێم لە جەریدەی واقایعی عێراقدا بڵاوبکرێنەوە.

- الوقائع العراقية :

ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی کۆماری عێراقە، سەرچاوەی یاسایی باوەڕپێکراوە بۆ پەخشکردنی یاسا و بڕیارە ڕەسمییەکانی دەوڵەت. ژمارە(١)ی لە١٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢١ چاپکراوە.

شایەنی باسە، ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية) لەسەر شوێنەواری گۆڤاری (الاحكام العدلية) دامەزراوە.

- مجلة الاحكام العدلية :

لە ساڵی (١٨٦٩) تا (١٨٧٦) ی زاینی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەردەچوو، لیژنەیەک سەرپەرشتی دەرکردنی دەکرد، کە بریتی بوون لە زانایانی شەریعەت و یاسا، کە سوڵتان عەبدولعەزیز پێکی هێنابوو.

بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە مەزهەبی فیقهی حەنەفی دەبەست. بە شێوەیەکی سەرەکی جەختی لە مامەڵە شارستانییەکان دەکردەوە، وەکو کڕین و فرۆشتن و کەفالە و وەکالەت و قەرز و ڕەهن و سەلماندن و ...هتد، بە کورتی وەکو یاسای شارستانی ئەمڕۆ بوو.

ژمارەی ماددەکانی (١٨٥١) مادده بوو، بێجگە لەپێشەکییەك و خاتیمەیەك و (٩٩) قاعیدەی فیقهی. یەکەم جار بوو لە مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی دا بنچینە فیقهییەکان بکرێن بە یاسا وەکو بەند و ماددە یاساییەکان دابڕێژڕێنەوە بە شێوەیەکی کورت و ڕوون و پڕمانا.

گۆڤاری (الاحكام العدلية) تاکو ئێستاش بە سەرچاوەیەکی سەرەکی و بنچینەی فیقهی یاسایی لە بواری یاسای شارستانیەتیدا دادەنرێت، هەروەها سەرچاوەیەکی سەرەکیش بووە بۆ یاسای شارستانیی عێراق و میسر و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی.

ئەو گۆڤارە زۆر ڕاقییە، قەواعیدی فیقهی زۆر جوان و کورت و ماناداری تێدا تۆمار کراوە، کە تاکو ئێستاش لە بواری فیقهی و قانونی دا کاریان پێدەکرێت وەکو: الضرر يزال،

اليقين لا يزول بالشك، العادة محكمة، الأمور بمقاصدها ......).

٧- گۆڤاری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (مجلة العقد الإجتماعي):

گۆڤارێکی زانستی نیو ساڵییە، لە لایەن ناوەندی توێژینەوەی یاسایی لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەچێت، تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی یاسایی بە هەر سێ زمانەکانی عەرەبی، کوردی و ئینگلیزی.

سەرنووسەر/ د. محەممەد سلێمان ئەحمەد. دەستەی نووسەران: د. عەبدولکەریم ساڵح عەبدولکەریم. ئومێد صباح عوسمان، د. خالد ئیبراهیم سەلیم، د. عرفان سەرحان، د. هادی موسلیم یونس.

ژمارەی (١) ساڵی ٢٠٢١ دەرچووە تاکو ئێستا (٩) ژمارەی لێ دەرچووە، بەردەوامە لە دەرچوون.

> لە هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی (٢٠٢١)ە وە کەوتۆتە کار، دوای نزیکەی دوو ساڵ کارکردن و داخڵکردنی داتا و زانیاری لە لایەن پەڕلەمانی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرێ و لە لایەن لیژنەیەکەوە کە پەڕلەمان پێکی هێناوە ئەم پڕۆژە گرنگە بە ئەنجام گەیشت، هەموو یاسا و بەرنامە یاساییەکانی لەناودا کۆکراوەتەوە لە ساڵی (١٩٩٢) تاکو ئێستاش

٨- گۆڤاری دراسات قانونیة و سیاسیة :

گۆڤارێکی وەرزی زانستییە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسایی و سیاسی لە زانکۆی سلێمانی دەری دەکات، ژمارەی (١)ی لە ئەیلولی ساڵی (٢٠١٣) دەرچووە، دوازدە ساڵە بە بەردەوامی دەردەچێت و ساڵی دوو ژمارە یان سێ ژمارەی لێ چاپ دەکرێت.

٩- گۆڤاری زانکۆ بۆ یاسا و ڕامیاری (مجلة زانكۆ للقانون والسياسة):

گۆڤارێکی زانستی باوەڕپێکراوە و ساڵی دوو جار دەردەچێت، کۆلێژی یاسا و زانستی سیاسی زانکۆی سەلاحەدین دەری دەکات، بە هەر سێ زمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی دەردەچێت، تاکو ئێستاش بەردەوامە لە دەرچوون و (٤٠) ژمارەی لێ چاپکراوە.

ژمارەی (١)ی لە ساڵی ٢٠٠٢ دەرچووە.

١٠- **گۆڤاری یەقین** (مجلة اليقين) للدراسات القانونية: گۆڤارێکی زانستی باوەڕپێکراوە، ساڵی دوو جار دەردەچێت، کۆلێژی یاسای زانکۆی دهۆک دەری دەکات، ساڵی (٢٠٢٥) ژمارەی (١)ی لێ دەرچوو تاکو ئێستا (٤) ژمارەی لێ چاپکراوە.

- پێگە ئەلکترۆنییەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەگەری یاسایی:

١- پەڕلەمانی کوردستانی عێراق Parliament.krd : پێگەی ڕەسمی پەڕلەمانی کوردستانە، کاروبارەکانی پەڕلەمان، هەواڵەکان، لیژنەکانی پەڕلەمان، یاساکان، ئەوانەی لەژێر مناقەشەدان و ئەوانەی کە دەرچوون، بڕیارەکان، پرۆژە یاساکان، کۆنووسی دانیشتنەکان، وێنە و ڤیدیۆکان، سەنتەری توێژینەوەی پەڕلەمان، بڵاوکراوەکانی پەڕلەمان، جەدوەلی کارەکانی پەرلەمان. لەوێدا بە وردی و شەفافی بڵاودەکرێنەوە.

٢- بنچینەکانی یاساکان (قواعد التشريعات): گرنگترین پێگەی ئەلکترۆنی هەرێمی کوردستانە، هەموو یاسا دەرچووەکانی عێراقی تێدایە لە ساڵی (١٩٢٧) وە تاکو ئێستا هەمووشیان جیاکراونەتەوە و کامەیان ئیلغا بۆتەوە، وە کامەیان جارێک کاری پێدەکرێت، کامەیان هەموار کراوە. ئەم پێگەیە کراوە بە دوو بەشەوە: بەشێکیان بۆ یاسا ئیتیحادییەکان تەرخان کراوە وە بەشەکەی تری بۆ یاساکانی هەرێم.

بەشەکەی هەرێم چەند ساڵێکە خراوەتە کار، تاکو ئێستا (٤١٣) یاسا و (٦٨٢) ڕێنمایی و (١٣٠) پرۆتۆکۆڵ و (١٥٢) پرۆژە یاسا و (٦٥) پەیڕەوی تێدا پارێزراوە. ئەم پێگەیە ئاسانکارییەکی زۆر باشی تێدایە بۆ هەر کەسێک کە بەدوای هەر یاسایەکدا بگەڕێت، بە ئاسانی دێتە بەردەستی، وردەکاری و زانیاری زۆر وردی لەخۆ گرتووە، دەتوانین بڵێین بوار و پێگەی ئەلیکترۆنی گەورەترین خزمەتی بە بواری میدیایی و ڕۆژنامەگەری کوردی کردووە. ئەم پێگەیە زۆر پێشکەوتووە، بۆ یەکەم جار لە عێراق ساڵی (٢٠٠٤) لە لایەن (برنامج العلم المتحدة النهائي) و لە سەر داوای ئەنجومەنی دادوەریی عێراق دامەزراوە، وردە وردە گەشەی پێدرا.

لـــە هەرێمـــى كوردســـتانيش لـــە ســـاڵى (٢٠٢١)ـــە وە كەوتۆتـــە كار، دواى نزيكـــەى دووو ســـاڵ كاركـــردن و داخڵكردنـــى داتـــا و زانيـــارى لـــە لايـــەن پەرلەمانـــى كوردســـتانەوە سەرپەرشـــتى دەكـــرێ و لـــە لايـــەن ليژنەيەكـــەوە كـــە پەرلەمـــان پێكـــى هێنـــاوە ئـــەم پـــرۆژە گرنگـــە بـــە ئەنجـــام گەيشـــت، هەمـــوو ياســـا و بەرنامـــە ياســـاييەكانى لەنـــاودا كۆكراوەتـــەوە لـــە ســـاڵى (١٩٩٢) تاكـــو ئێستاش.

- سەرچاوەكان:

١) قانون العمل الصحافي في كوردستان - العراق المرقم ٣٥ لسنة ٢٠٠٧.

٢) ڕێكخستنى ياسايى، دەركردن و بڵاوكردنەوەى ڕۆژنامە، لە هەرێمى كوردستان، نووسينى د. كەمال سەعدى مستەفا، نامەى دكتۆرايە بە زمانى كوردى.

٣) التنظيم القانوني للإعلام الألكتروني في التشريعات العربية والوطنية، للباحث قرموش فاطمة الزهرة، بحث منشور في مجلة العلوم القانونية والاجتماعية، في ٢٠٢٣/٣/١، العدد (٨).

٤) التنظيم القانوني للإعلام الالكتروني في إقليم كوردستان/ العراق، أيمان صفاءالدين جلال، بحث منشور في مجلة زانكۆى گەرميان، العدد (٤) لسنة ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣.

پرۆفايل...

- ١٩٦٢ لەگوندى سەرچياى ناحيەى بنگرد لەدايك بووە.
- لە ١٩٨٦ كۆلێجى ياساى زانكۆى بەغداى تەواو كردووە.
- لە١٩٨٩ لەدادگاى سليمانى بەياريدەرى دادوەرى دامەزراوە، دواى ئەوە لێكۆڵەرى دادى و دادنووس و جێبەجێكارى داد و بەڕێوەبەرى چاودێرى ناكامەكان بووە، لە هەولێر.
- لە ٢٠٠٢ لە دادگاى هەولێر ئەندامى داواكارى گشتى بووە.
- لە ٢٠٠٤ پەيوەندى كردووە بە دادگاى باڵاى تاوانەكان لەبەغدا و ئەندامى دەستەى جينايەتى چوارەم بووە.
- لە٢٠١١ خانەنشين بووە.
- لە ٢٠١٧ ماجستێرى لەياساى تايبەت لە جاميعەى ئيسلامى لوبنان وەرگرتووە.
- سێ كتێبى چاپكراوى هەيە: مافى مرۆڤ لە پەيماننامە و ياسا نێودەوڵەتيەكاندا. التصرفات الصورية في القانون المدني. بيرەوەرييەكانى دادوەرێك.

کاریگەری ئینفلۆنسەرەکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی

فۆمۆ وەک نموونە

پ.ی.د. صادق سەرگەتی

لە دە ساڵی رابردوودا، سۆشیاڵ میدیا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستاندا دروست کردووە. دەرکەوتنی «ئینفلۆنسەر“ (Influencer) ، بە واتای کەسە(کاریگەرەکان)ی سۆشیاڵمیدیا، وەک هێزێکی نەرم، تەنها کاریگەریان لەسەر گۆڕانکاری لە شێوازی کاتبەسەربردن نەبووە، بەڵکو کاریگەری قووڵیان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر، لەڕوی شێوازی ژیان و، تەنانەت بەها ئەخلاقی و کلتوورییەکانی کۆمەڵگە هەبووە. ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەری ئینفلۆنسەرەکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی، لە چەندین رەهەندی جیاوازەوە کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین، لە چوارچێوەی پرسی ئینفلۆنسەرەکان و ململانێی نێوان «خودی راستەقینە» و «خودی خەیاڵیی و دیجیتاڵی»، ئینفلۆنسەرەکان تەنها وێنە بڵاوناکەنەوە، بەڵکو “شێوازی نوێ بۆ ژیان“ نمایش دەکەن، ئەمەش چەندین کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەبووە و هەیە، وەك:

یەکەم: بەراوردکاری کۆمەڵایەتی :(Social Comparison)

تیۆری بەراوردکاری کۆمەڵایەتی بۆ یەکەمجار لەلایەن دەروونناس لیۆن فێستینگەر (Leon Festinger) لە ساڵی ١٩٥٤ خرایە ڕوو. ناوەڕۆکەکەی دەڵێت: مرۆڤەکان ئارەزوویەکی دەروونی دێرینیان هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی توانا و بیروباوەڕەکانی خۆیان، و بۆ ئەم مەبەستەش خۆیان بە کەسانی دەوروبەریان بەراورد دەکەن. بەپێی ئاراستەی بەراوردکارییەکە، دوو جۆری جیاواز لە خۆ دەگرێت، جۆری یەکەمیان، پێی دەوترێت: بەراوردکاری بۆ سەرەوە (Upward Social Comparison) کاتێک خۆمان بە کەسانێک بەراورد دەکەین کە لە ئێمە باشترن لە روی (دارایی، جوانی، یان سەرکەوتن و...هتد)، رەهەندە ئەرێنییەکەی دەبێتە هاندەر بۆ پەرەپێدانی خود، وە لایەنی نەرێنی ڕەنگە ببێتە هۆی هەستکردن بە کەمی و بێ هیوا بوون. دووەمیان بریتییە لە جۆری بەراوردکاری بۆ خوارەوە: (Downward Social Comparison) کاتێک خۆمان بە کەسانێک بەراورد دەکەین کە لە دۆخێکی نزمتردان لە ئێمە.

لە ئێستادا ئەم دیاردەیە گەیشتووەتە لوتکە؛ چونکە مرۆڤەکان تەنها وێنە «نموونەیی و بێخەوشەکان»ی ژیانیان بڵاودەکەنەوە. ئەمەش وادەکات بەکارهێنەر تووشی بەراوردکارییەکی ناڕاستەقینە ببێت، کە دەرەنجامەکەی زۆرجار خەمۆکی و دڵەڕاوکێیە. تاکی کۆمەڵگە کاتێک ڕۆژانە سەیری ستۆری و پۆستی ئینفلۆنسەرەکان دەکەن، تووشی بەراوردکارییەکی ناتەندروست دەبن. زۆرجار تاک ژیانی ئاسایی خۆی بەراورد دەکات بەو وێنە «بێخەوش و دەستکاریکراوە»ی ئینفلۆنسەرەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی کەمی (Inferiority Complex) لە لای و دواجار ئەگەری ئەوەی هەیە کە دووچاری خەمۆکی ببێت.

> مرۆڤەکان تەنها وێنە «نموونەیی و بێخەوشەکان»ی ژیانیان بڵاودەکەنەوە. ئەمەش وادەکات بەکارهێنەر تووشی بەراوردکارییەکی ناڕاستەقینە ببێت، کە دەرەنجامەکەی زۆرجار خەمۆکی و دڵەڕاوکێیە

دووهەم: تێکچوونی وێنەی جەستە (Body Image) :

بەکارهێنانی فلتەر و بڵاوکردنەوەی چەمکی جوانیی دەستکرد وایکردووە ڕێژەی پەنابردن بۆ نەشتەرگەری جوانکاری لە تەمەنێکی بچووکدا لە کوردستان زیاد بکات، چونکە چیتر قبووڵی ڕوخساری سروشتی خۆیان ناکەن.

سێهەم: دیاردەی «Fear Of FOMO -Missing Out »:

دیاردەی **FOMO** کە کورتکراوەی **(Fear Of Missing Out)**ـە و بە کوردی پێی دەوترێت "ترسی لەدەستچوون"، حاڵەتێکی دەروونییە کە تێیدا کەسەکە هەست دەکات کەسانی تر کاتی زۆر خۆش دەستەبەر دەکەن، ژیانێکی شاهانە دەژین، یان ئەزموونی شتێک دەکەن کە ئەم لێی بێبەشە. ئەم دیاردەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی سۆشیاڵ میدیا گەیشتە لوتکە و بوو بە مژارێکی گەرمی دەروونناسی، ئەم ترسە تەنها پەیوەندی بە «کات بەسەربردن»ەوە نییە، بەڵکو سێ ڕەهەندی سەرەکی هەیە، وەك:

أ- هەستی دابڕان: مرۆڤ بە سروشت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە؛ کاتێک دەبینێت کۆمەڵێک خەڵک (لە ڕێگەی ستۆری و پۆستەوە) پێکەوەن و ئەو لەوێ نییە، مێشکی وەک «هەڕەشەیەک بۆ سەر پێگەی کۆمەڵایەتی» وەری دەگرێت.

ب- بەراوردکاری بەردەوام: وەک پێشتر باسمان کرد، ئینفلۆنسەرەکان و هاوڕێکانت تەنها باشترین چرکەساتەکان نمایش دەکەن، ئەمەش وادەکات تۆ وا هەست بکەیت ژیانی ئەوان «لێوانلێو لە خۆشییە» و ژیانی تۆش «تاڵیو سوێرییە".

ج- پێویستی بە ئاگاداربوون: کەسەکە وای لێدێت ناتوانێت بۆ ماوەیەک مۆبایلەکەی دابنێت، چونکە دەترسێت هەواڵێک، نوکتەیەک، یان چالاکییەک ڕوو بدات و ئەو ئاگای لێی نەبێت.

نیشانەکانی **FOMO**، چۆن بزانیت تۆ یان کەسێکی دەوروبەرت تووشی ئەمە بووە؟: ئینفلۆنسەرەکان وا لە فۆڵۆوەر دەکەن هەست بکات ئەگەر

بەکارهێنانی فلتەر و بڵاوکردنەوەی چەمکی جوانیی دەستکرد وایکردووە ڕێژەی پەنابردن بۆ نەشتەرگەری جوانکاری لە تەمەنێکی بچووکدا لە کوردستان زیاد بکات

بەشدار نەبێت لە دوایین «ترێند» یان کڕینی نوێترین کاڵا، ئەوا لە کاروانی شارستانییەت دواکەوتووەو، شتێکی لەدەست دەچێت کە بۆی قەرەبوو ناکرێتەوە، لێرەدا ئاماژە دەکەین بە نیشانەکانی فۆمۆ:

١- پشکنینی بەردەوامی مۆبایل: تەنانەت لە کاتی نانخواردن، لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، یان پێش خەوتن.

٢- هەستکردن بە دڵەڕاوکێ: کاتێک دەبینێت هاوڕێکانت لە شوێنێکن و تۆیان بانگ نەکردووە یان نەتتوانیوە بچیت.

٣- خەرجکردنی پارەی زۆر: کڕینی شتومەک یان چوون بۆ شوێنێک تەنها بۆ ئەوەی «لە کاروانەکە دوا نەکەویت» نەک لەبەر ئەوەی حەزت لێیەتی.

٤- نەبوونی چێژ لە ئێستا: لەبری ئەوەی چێژ لەو ساتە وەربگریت کە تێیدایت، بیرت لای ئەوەیە کە خەڵکی تر ئێستا چی دەکەن.

> ئینفلۆنسەرەکان بوونەتە هۆی ئەوەی کۆمپانیا گەورەکان بودجەی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنەوە بگوازنەوە بۆ پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا

جێگرەوەی تەندروست بۆ JOMO چییە؟: لە بەرامبەر FOMOدا، چەمکێکی نوێ دروست بووە بە ناوی JOMO کە کورتکراوەی (Joy Of Missing Out)ە، واتە "چێژوەرگرتن لە لەدەستچوون»، ئەم چەمکە هانت دەدات کە بە ئەنقەست هەندێک چالاکی و هەواڵ پشتگوێ بخەیت بۆ ئەوەی سەرنجت بخەیتە سەر خۆت و ئارامیی دەروونیت، فێرت دەکات کە «پێویست ناکات لە هەموو شوێنێک بیت و هەموو شتێک بزانیت» بۆ ئەوەی دڵخۆش بیت.

چۆن بەسەر FOMOدا زاڵ بین؟:

- دیجیتاڵ دیتۆکس (Digital Detox): دیاریکردنی کات بۆ دوورکەوتنەوە لە سۆشیاڵ میدیا (بۆ وێنە: دوای کاتژمێر ٩ی شەو)، بە هیچ شێوەیەك سۆشیاڵ میدیا بەکار نەهێنین.
- گۆڕینی سەرنج (Shift Focus): لە جیاتی ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە چیت «نییە»، بیر لەوە بکەرەوە چیت «هەیە".
- پاککردنەوەی لیستی فۆڵۆوەرز: ئەنفۆڵۆکردنی ئەو کەسانەی (بە

تایبەت ئینفلۆنسەرەکان) کە تەنها هەستی کەمتری و دڵەڕاوکێت بۆ دروست دەکەن.
- ئەنجامدانی وەرزش، یان یاری بەکۆمەڵی سوودبەخش.
- کتێب خوێندنەوە.

چوارەم: ئینفلۆنسەرەکان وکاریگەرییە ئابوورییەکان:

لێرەدا ئینفلۆنسەر وەک «بزوێنەری بازاڕ» دەردەکەوێت. ئەم گۆڕانکارییە ئابوورییە دوو لایەنی جیاوازی هەیە، یەکەمیان بریتییە لە سەرهەڵدانی «سەرنجە ئابووری” (Attention Economy)لە ئابووری نوێدا، «سەرنجی خەڵک» چڕدەبێتەوە لەسەر گرانبەهاترین کاڵا. ئینفلۆنسەرەکان بوونەتە هۆی ئەوەی کۆمپانیا گەورەکان بودجەی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنەوە بگوازنەوە بۆ پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا. ئەمە بووەتە هۆی بوژانەوەی بزنسە بچووکەکان و دروستبوونی هەلی کار بۆ گەنجان لە بواری بازاڕگەریدا و، دووهەمیان برتییە لە« ئابووری بەکاربردن Consumerism Economy»، ئینفلۆنسەرەکان هانی کڕینی بێسوود (Impulsive Buying) دەدەن. زۆرجار خێزانەکان دەکەونە ژێر فشاری دارایی بۆ کڕینی کاڵایەکی گرانبەها تەنها لەبەر ئەوەی ئینفلۆنسەرێک ڕیکلامی بۆ کردووە. هەروەها نەبوونی سیستەمێکی باج لەسەر داهاتی ئینفلۆنسەرەکان، جۆرێک لە نادادی ئابووری و بازاڕگەرمی بۆ دروست کردوون.

پێنجەم: ئینفلۆنسەرەکان و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان:

ئینفلۆنسەرەکان تەنها ڕێڕەوی بازاڕ ناگۆڕن، بەڵکو خەریکی دارشتنەوەی «نۆرم» یان بەها کۆمەڵایەتییەکان، وەك:

أ- تێکچوونی شیرازەی خێزان و دروستبوونی «خێزانی نمایشی»:

یەکێك لە دیارترین کاریگەرییەکان، دەرخستنی ژیانی ناو خێزانە بۆ سۆشیاڵ میدیا، بۆ نموونە: زۆرێك لە ئینفلۆنسەرە خاوەن خێزانەکان، ساتە تایبەتییەکانی نێوانیان (وەك سوپرایزی ڕۆژی لەدایکبوون، یان تەنانەت کێشەکانیان) دەکەنە بابەتی ڤیدیۆیی. ئەمە وایکردووە خێزانی کوردیش هەست بە فشار بکات کە پێویستە هەموو خۆشییەکانیان نمایش بکەن. ئەگەر ئافرەتێك یان پیاوێك نەتوانێت ئەو سوپرایزە گەورانە بۆ هاوسەر، یان هاوژینەکەی بکات کە لە ئینستاگرام دەیبینن، ئەوا کێشەی

کۆمەڵایەتی و ساردی لە نێوان خێزانەکان دروست دەبێت.

ب- گۆڕانکاری لە زمانی گفتوگۆ و ناسنامەی نیشتمانی:

ئینفلۆنسەرەکان کاریگەرییان لەسەر زمانی کوردی هەیە، بەتایبەت لای نەوەی «Z»بۆ نموونە: بەکارهێنانی زۆری زاراوە بیانییەکان (ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی) لەلایەن ئینفلۆنسەرەکانەوە وەك (Vibe, Gorgeous, Trend) وایکردووە ئەم وشە گۆڕینە ببێتە جۆرێك لە «پۆز» یان «کەشخەیی» لای گەنجان، کە ئەمە لە درێژخایەندا مەترسییە بۆ سەر ڕەسەنایەتی زمانی کوردی.

> بەکارهێنانی زۆری زاراوە بیانییەکان (ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی) لەلایەن ئینفلۆنسەرەکانەوە وەك (Vibe, Gorgeous, Trend) وایکردووە ئەم وشە گۆڕینە ببێتە جۆرێك لە «پۆز» یان «کەشخەیی» لای گەنجان، کە ئەمە لە درێژخایەندا مەترسییە بۆ سەر ڕەسەنایەتی زمانی کوردی

ج- هاوردەکردنی نەریتی بێگانە (Social Contagion):

کۆمەڵگەی کوردی بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر هەندێك نەریت پەیڕەو دەکات کە پێشتر بوونیان نەبووە، تەنها لەبەر ئەوەی ئینفلۆنسەرەکان ترێندیان کردووە، بۆ نموونە: ئاهەنگی «ئاشکراکردنی ڕەگەزی منداڵ» (Gender Reveal) یان ئاهەنگی «تەڵاق». ئەمانە نەریتی غەریبن بە کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام ئێستا بوونەتە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و باری دارایی خێزانەکان قورس دەکەن تەنها بۆ ئەوەی لە سۆشیال میدیا پۆستی بکەن.

د- گۆڕانکاری لە چەمکی «نموونەی باڵا» (Role Models):

پێشتر گەنجان چاویان لە زانا، نووسەر، یان کەسایەتییە تێکۆشەرەکان بوو، بەڵام ئێستا ئینفلۆنسەر بووەتە «ڕۆڵ مۆدێل»، بۆ نموونە: لە ڕاپرسییەکانی ئەم دواییەدا دەرکەوتووە کە زۆرێك لە قوتابیانی سەرەتایی و ئامادەیی لە کوردستان، حەز دەکەن لە داهاتوودا ببنە «یوتیوبەر یان ئینفلۆنسەر» نەك پزیشك یان ئەندازیار. ئەمە نیشاندەری گۆڕانکارییەکی مەترسیدارە لە عەقڵیەتی نەوەی

داهاتوو کە بەدوای «ناوبانگی خێرا»دا دەگەڕێن نەك «زانستی قووڵ».

هـ -. پۆلێنکاری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای «فۆڵۆوەر»:

ئێستا لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا جۆرێك لە پۆلێنکاری دروست بووە؛ کەسەکان بەپێی ژمارەی فۆڵۆوەرەکانیان ڕێزیان لێ دەگیرێت یان بانگهێشتی بۆنەکان دەکرێن، بۆ نموونە: لە کردنەوەی دوکان یان پێشانگایەکدا، بانگهێشتکردنی کەسێکی خاوەن ملیۆن فۆڵۆوەر (تەنانەت ئەگەر بێ زانیاریش بێت) گرنگترە لای خاوەن کار لە بانگهێشتکردنی کەسێکی پسپۆڕ. ئەمە وایکردووە «کوالێتی» مرۆڤەکان کەم بێتەوە و تەنها «کەمی» (ژمارە) ببێتە پێوەر.

شەشەم: کاریگەریی ئینفلۆنسەرەکان لەسەر (گەنجان):

گەنجان (بەتایبەت نەوەی Z و Alpha) سەرەکیترین بەکاربەری سۆشیاڵ میدیان لە کوردستان، کاریگەرییەکان لەسەریان زۆر ڕیشەیین، وەك:

أ- تێکچوونی «کاژێری بیۆلۆژی» و دابڕانی کۆمەڵایەتی:

زۆربەی ئینفلۆنسەرە کوردەکان (بەتایبەت یوتیوبەر و ستریمەرەکان) چالاکییەکانیان لە درەنگانی شەودایە. ئەمە وایکردووە هەزاران گەنج تووشی شەونخونی ببن، کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاستی خوێندنیان و تەندروستیی جەستەییان. گەنجێك کە تا سەعات ٣ی شەو سەیری «لایڤی» ئینفلۆنسەرێك دەکات، ناتوانێت سەعات ٨ی بەیانی لە پۆلدا سەرنجی هەبێت، یان بچێت بۆ سەر کاروکاسبی خۆی.

ب- گەڕان بەدوای «پارەی خێرا» و گرنگینەدان بە خوێندن:

کاتێك گەنجێك دەبینێت ئینفلۆنسەرێك بەبێ بڕوانامەیەکی زانستی و تەنها بە «ڤیدیۆیەکی کۆمیدی یان نمایشی» خاوەنی باشترین ئۆتۆمبێل و خانووە، ئەم گەنجە تووشی «نیهێلیزمی پەروەردەیی» دەبێت. لای خۆی دەڵێت: «بۆچی ١٦ ساڵ بخوێنم و کۆتاییەکەی بێکار بم، لە کاتێکدا دەتوانم بە ڤیدیۆیەك ببم بە خاوەن پارە؟». ئەمە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر داهاتووی زانستیی هەرێمی کوردستان. ئەم بیرکردنەوەیە وایکردووە کە خولیای خوێندن لای

گەنجان لاواز ببێت.

ج- «خەمۆکیی پۆست-ستۆری»:

گەنجان تەنها ١٥ چرکە لە ژیانی ڕەنگاڵەی ئینفلۆنسەرێك دەبینن، بەڵام کاتێك مۆبایلەکانیان دادەنێن، ڕووبەڕووی واقیعی خۆیان دەبنەوە (بێکاری، کێشەی خێزانی، کەمیی داهات). ئەم جیاوازییە گەورەیە (Gap) دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام دروست دەکات.

حەوتەم: ئینفلۆنسەرەکان و کاریگەرییان لەسەر شیرازەی خێزان:

خێزانی کوردی کە خێزانێکی «ئاینیی ونەریتی و پێکەوەیی» بووە، ئێستا لەژێر فشاری «تاکگەرایی دیجیتاڵی»دایە و، مەترسیگەلێکی زۆر ڕووی تێکردووە، وەك:

أ- «بەکاڵاکردنی منداڵ» (Child Exploitation):

دیاردەی «دایکە ئینفلۆنسەرەکان» لە کوردستان زۆر زیادی کردووە. دایکەکە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکەی، لە ساتی خەبەربوونەوە تا نانخواردن و تەنانەت گریانەکانیشی، بڵاو دەکاتەوە بۆ کۆکردنەوەی لایك و وەرگرتنی ڕیکلام. ئەمە پێشێلکردنی تایبەتمەندیی (Privacy) منداڵەکەیە. ئەو منداڵە لە ژینگەیەکی «نا-سروشتی»دا گەورە دەبێت و وا ڕادەهێنرێت کە هەموو جوڵەیەکی دەبێت نمایش بێت.

ب- دروستبوونی «نەوەی بەراوردکار» لە نێوان هاوسەرەکاندا:

پێشتر پێوەری بەختەوەریی خێزان لە ناو ماڵەکەدا بوو، بەڵام ئێستا ئینفلۆنسەرەکان «پێوەری دەرەکی»یان دروست کردووە، بۆ نموونە، ئەگەر ژنێك ببینێت هاوسەری ئینفلۆنسەرێك بەبۆنەی «ڕۆژی هاوسەرگیری» گرانبەهاترین دیاریی بۆ کڕیوە و پۆستی کردووە، ئەمە دەبێتە فشار بۆ سەر هاوسەرەکەی خۆی. ئەم جۆرە بەراوردکارییە ساردیی سۆزداری و زۆربوونی ڕێژەی تەڵاقی لێدەکەوێتەوە، چونکە زۆربەی ئەو نمایشە هاوسەرگیرییانەی لە سۆشیاڵ میدیا

ئەگەر ژنێك ببینێت هاوسەری ئینفلۆنسەرێك بەبۆنەی «ڕۆژی هاوسەرگیری» گرانبەهاترین دیاریی بۆ کڕیوە و پۆستی کردووە، ئەمە دەبێتە فشار بۆ سەر هاوسەرەکەی خۆی. ئەم جۆرە بەراوردکارییە ساردیی سۆزداری و زۆربوونی ڕێژەی تەڵاقی لێدەکەوێتەوە

دەبینرێن، تەنها بۆ ڕیکلام و پارەن و واقیعی نین.

ج- گۆڕینی شێوەی خەرجییەکانی خێزان (Budget Priorities):

ئینفلۆنسەرەکان وایانکردووە خەرجییەکانی «جوانکاری، چێشتخانە و، جلوبەرگ» پێش خەرجییەکانی «پەرتووك، تەندروستی و، پاشەکەوت» بکەوێت. خێزانەکان ناچار دەبن پارەیەکی زۆر بدەن بەو خواردنگەیەی کە ئینفلۆنسەرێك وەك «باشترین» ناساندوویەتی، تەنها بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەوان وێنەیەك بگرن و پۆستی بکەن.

هەشتەم: کاریگەری ئینفلۆنسەرەکان لەسەر زمان:

کاریگەری ئینفلوێنسەرەکان لەسەر زمان دیاردەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی و زمانەوانییە کە بەهۆی باڵادەستی سۆشیاڵ میدیاوە دروست بووە. ئینفلوێنسەرەکان تەنیا شێوازی کڕین و ژیانمان ناگۆڕن، بەڵکو کار دەکەنە سەر ئەو وشانەی بەکاریان دەهێنین و تەنانەت شێوازی دەربڕینیشمان. لێرەدا گرنگترین کاریگەرییەکانیان دەخەینە ڕوو:

١- دروستکردنی زاراوەی نوێ (Slang):

ئینفلوێنسەرەکان زۆرجار وشەی تایبەت بە خۆیان یان وشەی «سەیر» بەکاردەهێنن کە دواتر دەبێتە ترێند. ئەم وشانە خێرا لەناو گەنجاندا بڵاو دەبنەوە و دەبنە بەشێک لە زمانی ڕۆژانە. بۆ نموونە: بەکارهێنانی وشەی وەک «Cringe» یان «Vibe» یان دەربڕینە کوردییەکانی وەک «ئەکتیڤ بن» و «سەپۆرت».

٢- سادەکردنەوەی زمان و کورتکردنەوە:

لەبەر ئەوەی ژینگەی سۆشیاڵ میدیا خێرایە، ئینفلوێنسەرەکان پەنا دەبەنە بەر کورتکردنەوەی ڕستەکان و بەکارهێنانی «ئیمۆجی» لەجیاتی وشە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی زمان بەرەو سادەیی بڕوات و کەمتر ڕەچاوی یاسا ڕێزمانییەکان بکرێت.

٣- تێکەڵکردنی زمانەکان (Code-Switching):

زۆربەی ئینفلوێنسەرە کوردەکان وشەی ئینگلیزی یان عەرەبی تێکەڵی قسەکانیان دەکەن. ئەمە وای کردووە نەوەی نوێ زمانێکی تێکەڵاو بەکاربهێنن کە زۆرجار بە «فۆرماڵ» دانانرێت، بەڵام لە پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکاندا باوە.

٤- گۆڕینی تۆنی دەنگ و شێوازی ئاخاوتن:

دیاردەیەک هەیە بەناوی «Influencer Accent» یان دەنگی ئینفلوێنسەر، کە تێیدا کەسەکان لاسایی شێوازی قسەکردنی ئینفلوێنسەرە دڵخوازەکانیان دەکەنەوە لە ڕووی بەرز و نزمی دەنگ و جەختکردنە سەر هەندێک پیتی دیاریکراو.

٥- دیاردەی «لاساییکردنەوەی زمانەوانی» (Linguistic Mimicry):

مرۆڤ بە سروشتی خۆی مەیلی هەیە لاسایی ئەو کەسانە بکاتەوە کە خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتین. ئینفلوێنسەرەکان وەک «Reference Group» یان گرووپی سەرچاوە دەردەکەون.

٦- ئەکۆمۆدێیشنی زمانەوانی (Speech Accommodation):

گەنجان بە نائاگایانە شێوازی قسەکردنیان دەگۆڕن بۆ ئەوەی لە ئینفلوێنسەرەکان بچن، تا وەک کەسێکی «سەردەمی» و «تێگەیشتوو» دەربکەون.

٧- تۆن و ئاواز (Intonation):

زۆرجار ئینفلوێنسەرەکان بە شێوازێکی درێژکراوە (Vocal Fry) یان بە تۆنێکی بەرز لە کۆتایی ڕستەکاندا (Upspeak) قسە دەکەن، کە ئەمە ئێستا لەناو بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیادا بووەتە عورف.

٨- گۆڕانی واتاسازی (Semantic Shift):

ئینفلوێنسەرەکان واتای وشە باوەکان دەگۆڕن. وشەیەک کە پێشتر واتایەکی هەبووە، لە فەرهەنگی ئینفلوێنسەرەکاندا واتایەکی تر وەردەگرێت. بۆ نموونە: وشەی «ئەفسانە» یان «Legend» پێشتر بۆ قارەمانە مێژووییەکان بوو، بەڵام ئێستا ئینفلوێنسەرەکان بۆ یارییەکی ڤیدیۆیی یان جلوبەرگێک بەکاری دەهێنن. ئەمە دەبێتە هۆی «لادانی واتایی» وشە ڕەسەنەکان.

وشەی «ئەفسانە» یان «Legend» پێشتر بۆ قارەمانە مێژووییەکان بوو، بەڵام ئێستا ئینفلوێنسەرەکان بۆ یارییەکی ڤیدیۆیی یان جلوبەرگێک بەکاری دەهێنن. ئەمە دەبێتە هۆی «لادانی واتایی» وشە ڕەسەنەکان

٩- زمانی ئاماژەیی و جەستەیی (Paralanguage):

ئینفلوێنسەرەکان تەنیا بە دەنگ کار ناکەن. جوولەی دەست، برۆ و، دەربڕینی دەموچاو کە لە ڤیدیۆکانیاندا دووبارە دەبێتەوە، دەبێتە بەشێک لە «زمانی

نائاخێو». خەڵک لە کاتی قسەکردنی ئاساییدا ئەو ئاماژانە بەکاردەهێنن کە لە تیکتۆک یان ئینستاگرام دەیبینن.

١٠- دروستکردنی «سۆسیۆلێکت» (Sociolect):

سۆسیۆلێکت واتە شێوەزارێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە چینێکی دیاریکراو. ئینفلوێنسەرەکان زمانێکیان دروست کردووە کە پێی دەوترێت «Digital Sociolect». ئەم زمانە پڕە لە کورتکراوە (Abbreviations). پڕە لە وشەی تێکەڵاو (Portmanteau). ئەو کەسەی ئەم زمانە نەزانێت، لە لایەن گرووپە گەنجەکانەوە وەک «کۆنەپەرست» یان «دابڕاو» تەماشا دەکرێت.

پێڕستی سەرچاوەکان :(References)

کوردی:

١- عەبدوڵڵا، هێمن (٢٠٢٢). سۆشیاڵ میدیا و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

٢- نەجمەدین، هاوڕێ (٢٠٢٥). ململانێی ناسنامە لە سۆشیاڵ میدیای کوردیدا، لەبڵاوکراوەکانی زانکۆی سلێمانی.

٣- ڕەشید، نەریمان (٢٠٢٣)، کاریگەری ریکلامی ئینفلۆنسەرەکان لەسەر ڕەفتاری کڕینی بەکاربەر. تێزی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

عەرەبی:

١- الشمري، خالد (٢٠٢١). تأثير مشاهير التواصل الاجتماعي على القيم المجتمعية. مجلة العلوم الاجتماعية.

٢- القادري، سوسن (٢٠٢٥). صناعة المحتوى الرقمي بين الترفيه والتثقيف. الدار العربية للعلوم.

٣- الزبيدي، عمر (٢٠٢٤). الآثار الاقتصادية لنمو سوق المؤثرين في الأسواق النامية. مجلة الاقتصاد الرقمي.

ئینگلیزی:

1-**Hasan, R., & Al-A'ali, E. (2025).** The Paradox of Authenticity: Educational vs. Lifestyle Influencers. **Journal of Digital Culture.**

2-**Khamis, S., Ang, L., & Welling, R. (2017).** Self-branding, 'micro-celebrity' and the rise of Social Media Influencers. **Celebrity Studies Journal.**

3-**Abidin, C. (2018).** Internet Celebrity: Understanding Fame Online. **Emerald Publishing Limited.**

4**Digital Intelligence Report (2026).** Social Media Trends in Iraq and Kurdistan Region. **TechInsights Publishing.**

5-**Przybylski, A. K., Murayama, K., DeHaan, C. R., & Gladwell, V. (2013).** Motivational, emotional, and behavioral correlates of fear of missing out. **Computers in Human Behavior, 29(4), 18411848-.**

6-**Herman, D. (2000).** Introducing short-term brands: A new brand management

tool. **Journal of Brand Management, 7(5), 330340-.**

7-https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S0747563213000800

8-https://link.springer.com/article/10.1057/palgrave.bm.2540137

9-Crystal, David .(2006) Language and the Internet.

10-McCulloch, Gretchen .(2019) Because Internet: Understanding the New Rules .

11-Zappavigna, Michele .(2012) Enacting Identity in Microblogging.

پرۆفایل ...

پ.ی.د. دکتۆر صادق حمەغریب حمەصالح (سەرگەتی).

- ساڵی١٩٦٨ لە گوندی سە رگە تی ناوچەی هەورامان، لە خێزانێکی ئاینپەروەردا لەدایك بووە،
- ساڵی٢٠٠٤دا، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی سلێمانی لە راگەیاندندا بەدەست هێناوە.
- ساڵی٢٠٠٨ دا، یەکەم بڕوانامەی ماستەری لە کوردستان و، لە رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی و میدیای نوێدا لە کۆلێژی راگەیاندنی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.
- ساڵی ٢٠١٧دا، یەکەم بڕوانامەی دکتۆرای لە کوردستان و، لە بواری(راگەیاندن و بەڕێوەبردنی قەیرانی سیاسی)دا، لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە.
- سەرۆکی رێکخراوی(مەلتی میدیا بۆ گەشەپیدانی میدیای ئەلیکترۆنی)یە.
- دەستەی دامەزرێنەری (ئەکادیمیای راگەیاندن بۆ توێژینەوەی سیاسی)یە
- ئەندامی لیژنەی یونسکۆ بووە بۆ دانان و گەشەپیدانی پرۆگرامی خوێندنی راگەیاندن لە پەیمانگا و زانکۆکانی کوردستان و عێراق.
- بەشداری سەدان بەرنامەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیی کردووە بۆ قسەکردن لەبارەی رەوشی میدیا و بوارە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان و جیهان.
- چەندین توێژینەوەی زانستی لە بواری میدیا و سیاسەتدا ئەنجام داوەو، وەك قسەکەری سەرەکی بەشداری دەیان وۆرکشۆپ و پانێلی ئەکادیمی کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی کردووە.
- دوو کتێبی چاپکراوی هەیە (رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی) و (ستراتیژییەتی راگەیاندن بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی).
- ئێستا پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەرە و میلاکە لە سەر بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین و، لە ساڵی٢٠٠٩ـە لەو بەشەدا وانە دەڵێتەوە.

ڕۆڵی عەلائەددین سەجادی لەبواری ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

به پێنووسی بەڕێزان:

پ.ی.نەوزاد سدیق محەممەد و پ.د.بەهادین ئەحمەد محەممەد

مامۆستایانی زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی/ بەشی تەکنیکیی میدیا

پێشەکی

مێژووی ڕووناکبیریی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەچەندین قۆناغ و سەردەمی جیاوازدا تێپەڕیوە. هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو قۆناغی هاوچەرخی ئەمڕۆی، زۆر نووسەر و ئەدیب و ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس ڕۆڵیان لەپێشخستنی ئەم کاروانەدا هەبووە.

یەکێك لەو ئەدیب و ڕووناکبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە (عەلائەددین سەجادی)یە، کە بەخامەی ڕەنگینی رووپەڕی گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکانی لەنیوەی یەکەمی سەدەی رابوردوودا رازاندۆتەوە و، بەتەنیا خۆی ٤٪ی کۆی کتێب و بەرهەمە کوردییەکانی لەسەردەمی خۆدا نووسیوە، بۆیە جێی خۆیەتی، کەباس لەڕۆڵی ئەو لەبواری پێشخستنی ڕووناکبیریی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی بکەین. بەتایبەت لەدەرچوواندنی هەردوو گۆڤاری (گەلاوێژ و نزار) دا لەنێوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٩). جگە لەئاماژەدان بەسەرجەم ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی، کە لەماوەی ژیانیدا نووسیەتی و چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ژیاننامەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی

ناوی عەلائەددین کوڕی نەجمەددین کوڕی عیسامەددینە. لەبنەماڵەی ناوداری (سەجادی) یە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەساڵی ١٩٠٧ ی زایینی لەشاری سنە هاتۆتە دنیاوە و لەکۆشی خێزانێکی ئاینپەروەردا پەروەردەکراوە. بۆ درێژەدان بەخوێندنی ئاینی بەفەقێیەتی لەساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویکردۆتە باشووری کوردستان.

ساڵانی (١٩١٨-١٩٢١) لەباڵەك و ڕەواندز خوێندوویەتی، پاشان ساڵی ١٩٢٣ هاتۆتە شاری سلێمانی. لەساڵی ١٩٣٠ لەمزگەوتی (حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە) بۆتە فەقێ لەحوجرە و مەدرەسەی مەلا مستەفای کوڕی حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە ناسراو بە (سەفوەت). لەمڕووەوە چەند دەستنووسێکی ماوە بەخەتی خۆی، کە ساڵی (١٣٥٠ ی کۆچی بەرامبەر ١٩٣١ز) بەناوی (سەیید عەلائەددین نەجمەددین کوردستانی و حوسەینی) نووسیویەتی و، لەناوەندی ڕۆشنبیری (پ.د.عیزەدین کوڕی مەلا مستەفای سەفوەت لەشاری سلێمانی) پارێزراوە. لەساڵی ١٩٣٨ ی زاینی دا ئیجازەی مەلایەتی (مۆڵەتی زانستە شەرعییەکان)ی لەسەر دەستی (مەلا شێخ باباعەلی تەکیەیی) وەرگرتووە. دواتر چۆتە بەغدا و لەمزگەوتی (نەعیمە خاتوون) لەگەڕەکی مەیدان بووە بەپێشنوێژ. لەبەغدایش لای مامۆستایان (شێخ ئەمجەد زەهاوی و مەلا محەممەدی قزڵجی) بەهەندێ لەزانستە ئیسلامییەکاندا چۆتەوە.

> سەجادی لەساڵی ١٩٣٩دا چۆتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسییەوە. لەساڵی ١٩٤١ دا بۆتە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (گەلاوێژ) لەبەغدا تاوەکو داخستنی گۆڤارەکە لەساڵی ١٩٤٩ دا

سەبارەت بەڕەچەڵەك و بنەچەی سەجادی، ڕاستییەکەی ناوبراو لەژیانی خۆیدا زۆر باسی نەدەدا بەدەستەوە، بەڵکو لەژیانی خۆیدا هەندێ شتی ئەشاردەوە. بەگشتی لەلای مەلا و فەقێکانی ئێمە ئەوانەی لەبنەچەدا ئێرانی بوون هەمیشە گرێیەك هەیە، لەبەر ڕژێمی عێراق و لەترسی گرتن و ناردنەوەیان بەردەوام ئەیانویست وا پیشانبدەن کە عێراقین، چونکە لەڕژێمەکانی پێشووی عێراقدا جارجار ناردنەوەی ئێرانی هەبوو. بۆیە سەجادی

داوا لـە (عیـزەت ئەفەنـدی عیرفـان) بەڕێوەبـەری ناحیـەی چوارتـا دەکات دەفتـەر نفـوس (تەسـکەرە)ی عێراقـی بـۆ دەربهێنێـت، گوایـە باراوییـە و خەڵکـی گونـدی بـاراوە و لـەوێ لەدایکبـووە، بـەڵام ڕاسـتییەکەی وانییـە، بەڵکـو دایکـی لەشـێخەکانی بـاراوە. هـەر بۆیـە هەنـدێ زانیـاری هەڵـە و تێکەڵییـەك سـەبارەت بەسـاڵ و شـوێنی لەدایکبوونـی درووسـتبووە و هەندێـك وایـان لەقەڵەمـداوە کـە ناوبـراو لەسـاڵی ١٩١٥ لەگونـدی (بـاراو) لەدایـك بووبێـت، بـەڵام لەڕاسـتیدا سـەجادی لەسـاڵی ١٩٠٧ دا لەگەڕەکـی (قەتارچیـان) لەشـاری سنە لەدایـك بـووە. بنەماڵـەی ناوبـراو لەبنەڕەتـدا هەورامیـن و، خەڵکـی دێـی (کەڵچـی)ن و دواتـر هاتوونەتـە شـاری سـنە و تێیـدا نیشـتەجێ بـوون. لـەوێ بـوون بەمـەلا و زانـای ئاینـی و پیـاوی گەورەیـان تێـدا هەڵکەوتـووە.

کاتێـك سـەجادی ڕوویکردۆتـە بەغـدا بەشـداری لەدامەزراندنـی یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان لەسـاڵانی سـییەکان دا کـردووە. هەروەهـا سـاڵی ١٩٧٢ ئەندامـی کـۆڕی زانیـاری کـورد بـووە.

لەسـاڵی ١٩٥٩دا بەمەرسـومێکی سەرۆکایەتی لەسـەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا بۆتە مامۆسـتای وێژە و مێژووی کـوردی لەبەشـی کـوردی لەکۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی بەغـدا تاوەکـو سـاڵی ١٩٧٤ بـەردەوام بـووە لەکارەکـەی. لەسـاڵی ١٩٧٤ دا بۆتـە ئەمینداری گشـتیی وەزارەتـی ئەوقافـی عێـراق و سـێ سـاڵ (واتە: تاوەکو سـاڵی ١٩٧٧) لەو پۆسـتەدا ماوەتەوە. دواتر خانەنشین کـراوە.

سـەجادی لەسـاڵی ١٩٣٩دا چۆتـە مەیدانـی ڕۆژنامەنووسـییەوە. لەسـاڵی ١٩٤١ دا بۆتـە بەڕێوەبـەری نووسـینی گۆڤـاری (گەلاوێـژ) لەبەغـدا تاوەکـو داخستنی گۆڤارەکـە لەسـاڵی ١٩٤٩ دا و بۆ مـاوەی ١٠ سـاڵ لەگـەڵ مامۆسـتا برایـم ئەحمـەد دا لەسـەر کارەکـەی بـەردەوام بـووە. لەسـاڵی ١٩٤٨ دا گۆڤـاری (نـزار)ی بەهـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی لەبەغـدا دەرکـردووە و خـۆی سەرنووسـەری بـووە، کـە گۆڤارێکـی هەفتانـەی سیاسـیی بـووە و لەسـاڵی ١٩٤٩ داخـراوە.

ئێـوارەی پێنج شـەممە مـەرگ یەخەی پـێ دەگرێـت و لەتەمەنـی ٧٧ سـاڵیدا و لـەڕۆژی ١٩٨٤/١٢/١٤ دا لەبەغدا کۆچـی دوایـی کـردووە و لەگۆڕسـتانی شـێخ عەبدولقـادری گەیلانـی لەنزیك گـۆڕی شـێخ عەبدوڕڕەحمانـی ئەبولوەفـای نەقشـبەندی و شـێخ

ڕەزای تاڵەبانییەوە تەرمەکەی بەخاك سپێردراوە.

کتێب و بەرهەمەکانی مامۆستا عەلائەددین سەججادی:

مامۆستا عەلائەددین سەججادی یەکێکە لەنووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیرە گەورەکانی گەلی کورد لەسەدەی بیستەمدا، کە بە خامە ڕەنگینەکەی چەندین کتێب و بەرهەمی هەمەجۆری ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەئامانجی پێشخستنی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی لەماوەی ڕابردوودا نووسیووە.

هەروەها هەوڵی هوشیارکردنەوەی تاك و کۆمەڵگەی کوردەواری و ڕۆشنبیریکردنیانی داوە لەزمان و وێژە و مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەکەیان. لەهەمان کاتدا هەوڵی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەسەرچاوەی هەمەچەشنە داوە لەڕێگەی نووسین و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك کتێب و بەرهەمی هەمەجۆر و ناوازەوە، بەشێوەیەك لەماوەی ٣١ ساڵدا زیاتر لە ٢١ کتێب و بەرهەمی لەمڕووەوە داناوە. لەدوای زانای ئاینی پایەبەرز و موفتی گشتیی عێراق عەللامە (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) بەدووەم نووسەری کورد دادەنرێت کە زۆرترین کتێب و بەرهەمی بەزمانی کوردی نووسیوە، بەتەنیا نزیکەی ٤٪ ی کۆی کتێب و سەرچاوە کوردییەکانی

سەردەمی خۆی نووسیووە، کە تێکڕا (٥٣٦٦) لاپەڕەن.

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بڕوانینە کۆبەرهەمەکانی سەججادی، دەبینین زۆربەیان دەربارەی ئەدەبی کوردین و هەندێکیشیان لەخانەی کەلەپوور و فۆلکلۆردا دادەنرێن و، لەهەموو بەرهەمەکانیدا ئەمانەتی زانستیی پاراستووە و هەموو سەرچاوە بەکارهاتووەکانی لەکۆتاییدا دەستنیشانکردووە.

هەروەها لەنووسیندا شێوازێکی نوێ و زمانێکی ڕوون و ڕەوان و پاراوی بەکارهێناوە. تەنانەت لەهەندێ بواری نووسین و بابەتدا بەداهێنەر و سەرمەشق و ڕچەشکێن دادەنرێت.

ناوبراو زیاتر لە چل ساڵ خەریکی زیندووکردنەوەی کەلەپوور و زمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەی بوو. تێکۆشانی بەردەوام و بێوچانی ئەم زانا ئاینییە پایەبەرزە نەیهێشت کە گەنجینەی کەلەپووری نەتەوەکەمان بفەوتێ و لەمڕووەوە جێدەستی دیارە.

لەگرنگترین کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەی لای خوارەوەن، کە لەنێوان ساڵانی (١٩٥٢-١٩٨٣)دا نووسیونی و چاپکراون:

١- مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٢.

٢- ناوی کوردی، بەغدا، ١٩٥٣.

٣- ڕشتەی مرواری، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٥٧.

٤- ڕشتەی مرواری، بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٥٧.

٥- ڕشتەی مرواری، بەرگی سێیەم، بەغدا، ١٩٥٨.

٦- ڕشتەی مرواری، بەرگی چوارەم، بەغدا، ١٩٦٨.

٧- ڕشتەی مرواری، بەرگی پێنجەم، بەغدا، ١٩٧٢.

٨- ڕشتەی مرواری، بەرگی شەشەم، بەغدا، ١٩٧٩.

لەدوای زانای ئاینی پایەبەرز و موفتی گشتیی عێراق عەللامە (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) بەدووەم نووسەری کورد دادەنرێت کە زۆرترین کتێب و بەرهەمی بەزمانی کوردی نووسیوە، بەتەنیا نزیکەی ٤٪ ی کۆی کتێب و سەرچاوە کوردییەکانی سەردەمی خۆی نووسیووە، کە تێکڕا (٥٣٦٦) لاپەڕەن

٩- ڕشتەی مرواری، بەرگی حەوتەم، بەغدا، ١٩٨٠.
١٠- ڕشتەی مرواری، بەرگی هەشتەم، بەغدا، ١٩٨٣.
١١- دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٢.
١٢- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٦٨.
١٣- گەشتێك لەکوردستانا، چاپی دووەم، بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنە، ئێران، ٢٠٢٠.
١٤- نرخ شناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٩.
١٥- دوو چامەکەی نالی و سالم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٣.
١٦- مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چاپی دووەم، بڵاوکەرەوەی محەممەدی، سەقز، ئێران، ١٩٩٦.
١٧- کوردەواری، چاپی دووەم، بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنە، ئێران، ٢٠١٩.
١٨- هەمیشە بەهار، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٠.
١٩-دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
٢٠- خۆشخوانی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٨.
٢١- بە یادی کۆچی ئەمین زەکی بەگ، ١٩٤٨، نامیلکە، ٨٠ لاپەڕەیە.
٢٢- بە یادی پیرەمێرد، ١٩٥١، نامیلکە، ١١٢ لاپەڕەیە.
٢٣- گێتی زیندەوەر، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنە، ئێران، ٢٠٠٨.

هەروەها بەرگی دووەمی (دەقەکانی ئەدەبی کوردی) ماوە چاپ بکرێت و، هێشتا بەدەستنووسی ماوەتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا سەرجەم بەرگەکانی (٨ بەرگ) کتێبی (ڕشتەی مرواری) لەیەك بەرگدا چاپکراوەتەوە لەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٨ دا. بەم دواییانەش ئەکادیمیای کوردی لەهەولێر بەهاوبەشی بنکەی ژین لەسلێمانی لەساڵیادی کۆچی دوایی (سەججادی) دا هەواڵی چاپکردنی (بەرگی ٩) ی دەستنووسی دوا بەرگی زنجیرە کتێبی (ڕشتەی مرواری) ڕاگەیاند.

ڕۆڵی مامۆستا عەلائەددین سەججادی لەبواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا:

سـەججادی لەسـاڵی ١٩٣٩دا چۆتـە مەیدانـی ڕۆژنامەنووسـییەوە. لەسـاڵی ١٩٤١ دا بۆتـە بەڕێوەبـەری نووسـینی گۆڤـاری (گەلاوێـژ) لەبەغـدا تاوەکـو داخستنی گۆڤارەکـە لەسـاڵی ١٩٤٩ دا و بـۆ مـاوەی ١٠ سـاڵ لەگـەڵ مامۆسـتا برایـم ئەحمـەد دا لەسـەر کارەکـەی بـەردەوام بـووە. لـەدوای ڕاپەڕینی مەزنی وەسبەی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٨ دا گۆڤـاری (نـزار)ی بەهـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی لەبەغـدا دەرکردووە و خۆی سەرنووسـەری بووە، کـە گۆڤارێکـی هەفتانەی سیاسیی بووە و لەسـاڵی ١٩٤٩ دا داخـراوە.

لێرەوە بەدوور و درێژی تیشك دەخەینە سەر گرنگی و بایەخ و هەلومەرجی دەرچوونی هەردوو گۆڤارەکە و ڕۆڵی ناوبراو لەدەرکردنیاندا. هەروەها سەرجەم ئەو وتار و بابەتانەی کە تێیاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

وتـار و بابەتەکانـی عەلائەددیـن سـەججادی لـە گۆڤـاری (نـزار)دا:

بەگشـتی وتارەکانـی عەلائەددیـن سـەججادی لەگۆڤـاری (نـزار)دا بریتییـن لـە ٢٩ وتـار کـە بەئاشـکرا و بەنـاوی خۆیـەوە وەکـو سەرنووسـەر بـڵاوی کردوونەتـەوە. لەوانـە ٢٥ وتاریـان بەزمانـی عەرەبیـن و ٤ وتاریشـیان بەزمانـی کوردیـن، بـەڵام هەنـدێ وتـار و بابەتـی تریش هـەن کـە لەبـەر دووبـارە نەبوونـەوەی نـاوی خۆی یاخـود هـۆکاری بوونی سانسـۆر لەسـەر گۆڤارەکـە بەنـاوی خـوازراو یـان بەبـێ نـاو بڵاویانـی کردۆتـەوە. بێگومـان بەشـێوازی نووسـینی ڕۆژنامەنووسـی و زمانەکەیـدا دیـارە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ناوبراو وەکو هەواڵساز و ڕاپۆرتنووس (ڕیپۆرتیۆر) کاریکردووە کاتێك وەکو ڕۆژنامەنووس سەردانی هەندێ لەشار و ناوچەکانی کوردستانی کردووە لەوانە: هەولێر، سلێمانی و کۆیە و شەقڵاوە.

هەروەها وەکو ڕۆژنامەنووس و ئامادەکاری ڕاپۆرتە هەواڵ ئامادەی هەندێك لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی عێراقدا بووە.

هەروەهـا کاتێك لەبەغداوە سـەردانی شاری سـلێمانی کردووە. چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیشـی سـەبارەت بەرەوشی تەندروسـتیی لیـوای سـلێمانی و بەمەبەسـتی وەرگرتنـی ئامـاری وردی تەندروستیی هەمەلایەنـە چاوپێکەوتنی لەگەڵ (د.هاشـم دۆغرمەچـی) سەرۆکی تەندروسـتیی لیوای سـلێمانیدا بەزمانی عەرەبـی ئەنجامداوە، کـە ٧ لاپەڕەیـە. دواتـر بەنـاوی خۆیـەوە لەگۆڤارەکـەدا

بڵاوی کردۆتەوە.

سەججادی هەندێ باس و بابەتی تریشی خستۆتە ڕوو وەك: کەمی ژمارەی خوێندنگە کوردییەکان لەعێراقدا، پێویستی خوێندنی زمان و مێژووی کورد لەقوتابخانەکانی عێراقدا، پێویستی کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، پێشنیازی دامەزراندنی کوڕی زانیاری عێراق و کردنەوەی بەشی کوردی لەو کۆڕە ئەکادیمیایەدا (المجمع العلمی العراقی)، کێشەی بارزانییە دوورخراوەکان، پرۆژەی پوختەکردنی تووتن لەسلێمانی، فێرکردنی زمانی کوردی بۆ خوێنەرانی عەرەب لەزنجیرە وتارێکدا کە (١٥) ئەڵقەیە لەژێر ناونیشانی (کیفیة تعلم اللغة الکردیة). تەنانەت لەچەند وتارێکی ڕۆژنامەنووسیدا باسی کێشەی فەلەستینیشی کردووە.

ئەو وتارانەی کە سەجادی بەناوی خۆیەوە بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لەگۆڤارەکەدا بڵاوی کردوونەتەوە بریتیین لەمانەی لای خوارەوە، کە لەم خشتەیەی لای خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

خشتەی یەکەم

وتار و بابەتەکانی (سەججادی) لەگۆڤاری (نزار)دا بەناوی خۆیەوە بە (عەرەبی و کوردی)

ز.	ناوی وتار	ژمارە	بەروار	تێبینی
١	اهدافنا	١	١٩٤٨/٣/٣٠	
٢	ئامانجمان	١	١٩٤٨/٣/٣٠	جیاوازە بەکوردییە
٣	رجع الصدى لخطاب فخامة رئيس الوزراء	٢	١٩٤٨/٤/١٥	
٤	فلسطين تنازع الموت فأين حمايتها	٣	١٩٤٨/٤/٣٠	
٥	اعادة النظر في كيفية تدريس مادة التأريخ	٤	١٩٤٨/٥/١٥	
٦	كيفية تعلم اللغة الكردية	٧	١٩٤٨/٦/٣٠	١٥ ئەڵقەیە
٧	رسالة كويسنجق	١٢	١٩٤٨/٩/١٥	

٨	قضايا الصحة في السليمانية	١٤	١٩٤٨/١٠/٢٢	ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن
٩	مشروع تنقيح التبوغ في السليمانية	١٥	١٩٤٨/١٠/٣١	
١٠	حديث مع رئيس بلدية اربيل	١٥	١٩٤٨/١٠/٣١	چاوپێکەوتن
١١	لسنا شيوعيين ولاببغاوات للدعايات الإستعمارية	١٥	١٩٤٨/١٠/٣١	
١٢	میللەت، حکومەت، نیابەت	٢	١٩٤٨/٤/١٥	
١٣	كتاب مفتوح الى سفير الإمبراطورية البريطانية	٣	١٩٤٨/٤/٣٠	
١٤	فەلەستین تیسکەی سیاسەتی ئیمڕۆیە	٥	١٩٤٨/٥/٣١	
١٥	شەقڵاوا	١٣	١٩٤٨/٩/٣٠	

ئەم وتارانەی لای خوارەوەش لەشوێنی سەروتار یان شوێنی تری گۆڤارەکە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە بەناوی دەستەی نووسەران یان ئیدارەی نزار یان بەبێ ناو، کە ڕای توێژەران و هەندێ لەنووسەران وایە. هەر وتاری سەججادی خۆیین، چونکە هەمان زمان و شێوازی نووسینیان تێدا بەکارهاتووە. بەتابەت لەدوای ژمارە (١٥)ەوە کە سانسۆر و چاودێری و فشار لەسەر نزار زۆر بووە. هەندێك لەوتارەکان بەناوی خوازراو یان بە پیت یاخود بەبێ ناو بڵاوکراونەتەوە تەنانەت لەمەودوا لەسەر سەروتارەکانیش ناوی خۆی نەنووسیوە، کە ٥٠ وتارن.

وتار و بابەتە ئەدەبییەکانی عەلائەددین سەججادی لەگۆڤاری گەلاوێژدا:

عەلائەددین سەججادی جگە لەوەی کارە ئیدارییەکانی گۆڤاری گەلاوێژی کردووە، لەماوەی دە ساڵ تەمەنی گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩)، (٢٦) بابەتی جۆراوجۆری ڕۆژنامەوانی لەوتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و وەرگێڕان بەناوی خۆیەوە بڵاوکردۆتەوە، ئەوە لەکاتێکدا لەکۆی (٧٧) بابەت کە ناوی نووسەریان لەسەر نییە و پێدەچێت زیاتر لە (٧٠) بابەتیان نووسینی عەلائەددین سەجادی بن و لەکۆی (٢٣٤) بابەتی وەرگێردراو کە ناوی وەرگێرەکانیان لەسەر نییە، پێدەچێت (١٢) بابەتیان لەوەرگێـــــڕانی سەجادی بن بەبێ ئاماژەدان بەناوەکەی.

خشتەی دووەم
وتار و بابەتە ئەدەبییە بڵاوکراوەکانی عەلائەددین سەججادی لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ:

ژ	ناونیشانی بابەت	ژمارەی گۆڤار	مانگ و ساڵ	لاپەڕە
١	بۆ زانین	٩-١٢	ئەیلول تا کانوونی یەکەمی ١٩٤١	٩٧-٩٨
٢	گەلاوێژ لەساڵی سێیەمیا	١-٢	کانونی دووەم و شوباتی ١٩٤٢	١-٣
٣	تەتەور (گۆڕینی) عیلمی ئیجتیماع/وەرگێڕان	٥-٦	مایس و حوزەیرانی ١٩٤٢	١٠-١٤
٤	بۆ زانین	١١-١٢	تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٤٢	٩٧
٥	گەلاوێژ لەساڵی چوارا	١	کانوونی دووەمی ١٩٤٣	١-٣
٦	دیمەنێکی بەهاری کوردستان	٣	مارتی ١٩٤٣	١٣-١٦
٧	کوردی بەناوبانگ محەمەد ئەمین بەگ	٦	حوزەیرانی ١٩٤٣	١-٨
٨	کوردی بەناوبانگ عەلی کەمال بەگ	٧	تەمووزی ١٩٤٣	ل١-٩
٩	ئەدیبی بەناوبانگی کورد پیرەمێرد	٨	ئۆغستۆسی ١٩٤٣	ل١-١٦
١٠	نموونەی بلیمەتی	١	کانوونی دووەمی ١٩٤٤	ل٢٤-٣٠
١١	جەژنی نەورۆز	٤	نیسانی ١٩٤٤	٤٢-٤٨
١٢	نووسینی کوردی	١	کانوونی دووەمی ١٩٤٥	٤٣-٥١
١٣	جەژنی نەورۆز	٤	نیسانی ١٩٤٥	٤٢-٤٦
١٤	بۆ ئاگاداری	١١	تشرینی دووەمی ١٩٤٥	٥١
١٥	لەسولەیمانی	١٠	تشرینی یەکەمی ١٩٤٦	٥٧-٦٠

١٦	شاییەکەی رەشەی خەجەلاو	١٢	کانوونی یەکەمی ١٩٤٦	٦٥-٧٢
١٧	نێرراو ئەبێ چۆنی بێ؟	١	کانوونی دووەمی ١٩٤٧	٤٤-٤٩
١٨	بۆچی نەچووین بۆ کوێستان؟	٣	مارتی ١٩٤٧	٤٤-٤٩
١٩	جەژنی نەورۆز	٤	نیسانی ١٩٤٧	٤١-٤٧
٢٠	لەسولەیمانی بەهەڵەبجەوە	٩-١٠	ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٤٧	٧٥-٨٦
٢١	لەهەولێر	١١	تشرینی دووەمی ١٩٤٧	٦٠-٦٤
٢٢	نەخوێندەواری	١٢	کانوونی یەکەمی ١٩٤٧	٤٨-٥١
٢٣	لەپێناوی ئازادیدا	٢	شوباتی ١٩٤٨	٢٩-٣٢
٢٤	دیسان گەلاوێژ	١٢	کانوونی یەکەمی ١٩٤٨	٦٥-٧٢
٢٥	پرسیارو وەڵامێك	٥	مایسی ١٩٤٩	ل٤٩-٥٠
٢٦-	جەوهەر ئاغا	٦	حوزەیرانی ١٩٤٩	٦٢-٧٢

بەگوێرەی ئەم خشتەیە لە کۆی (١١٦) ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ کە لەماوەی دە ساڵدا دەرکراوە، عەلائەددین سەجادی کە لە ژمارە (٩)ی گۆڤارەکە بەدواوە لە مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٤٠)تا ساتی راگرتنی لە چاپ لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٤٩) بەهەردوو سیفەتی مودیری ئیدارە و سەرنووسەر کاری کردوە، تەنیا (٢٦) بابەتی بەناوی خۆیەوە بڵاوکردووەتەوە.

وتار و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی عەلائەددین سەجادی لە گۆڤاری گەلاوێژدا:

بابەتە رۆژنامەوانییەکانی عەلائەددین سەجادی بەناوی خۆیەوە و لەگۆڤاری گەلاوێژ بەشی هەر زۆریان نووسینن و دانەیەکیان وەرگێڕانی بابەتێکە کە لە گۆڤاری (ریسالە) ی میسرییەوە وەرگیراوە. بابەتەکە تایبەتە بە گەشەکردنی چەمکی کۆمەڵناسییەوە.

دوای تێپەڕبوونی ساڵێکی تر لەتەمەنی گەلاوێژ و لە ژمارە (١) ی ساڵی چوارەم (کانوونی دووەمی ١٩٤٣)، عەلائەدین سەجادی وتارێکی تری بەناوی (گەلاوێژ لەساڵی چوارەمیا) نوسیوە.

بەشێکی تری نووسینەکانی عەلائەدین سەجادی لەگۆڤاری گەلاوێژ، سێ بەشی زنجیرەیەك نووسینە کە لەژمارەکانی چوارەم ساڵی تەمەنی گەلاوێژ و لەساڵی ١٩٤٣دا نووسراون لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆری (کوردی بەناوبانگ عەلی کەمال بەگ، ئەدیبی بەناوبانگی کورد، پیرەمێرد). هەروەها نووسینەوەی ژیاننامەی محەمەد ئەمین زەکییە و لەلاپەڕەیەکی ژمارە (٦)ی حوزەیرانی ١٩٤٣ بڵاوکراوەتەوە.

لەلایەکی ترەوە، سێ بابەتی تری عەلائەدین سەجادی لە گۆڤاری گەلاوێژ، پەیوەستە بە جەژنی نەتەوەیی نەورۆزەوە. یەکەم بابەتی عەلائەدین سەجادی لەسەر نەورۆز لە ژمارە (٤٠)ی نیسانی ١٩٤٤ بەناونیشانی (جەژنی نەورۆز)بڵاوکراوەتەوە.

بەشی دووەمی تەرخانکردووە بۆ باسکردنی نەورۆز وەکو جەژنێکی نەتەوەیی کوردستان. ناونیشانێکی تری لاوەکی نووسینەکەی سەجادی باسکردنی ئاگری نەورۆز و داکۆکی لەو راستییە دەکات کە ئاگری نەورۆز هیچ پەیوەندییەکی بە ئاینەوە نییە. پاش ئەم گێڕانەوە مێژووییانە نووسەر بەشەکانی تری بابەتەکەی تەرخانکردووە بۆ باسکردنی ئەو چالاکییەی لە رۆژی ٢٢ی مارتی ساڵی ١٩٤٤ لە شاری بەغدا بەبۆنەی نەورۆزەوە رێکخراوە. وەکو راپۆرتە هەواڵێك.

عەلائەددین سەجادی کە لە ژمارە (٩)ی گۆڤارەکە بەدواوە لە مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٤٠) تا ساتی راگرتنی لە چاپ لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٤٩) بەهەردوو سیفەتی مودیری ئیدارە و سەرنووسەرکاری کردوە، تەنیا (٢٦) بابەتی بەناوی خۆیەوە بڵاوکردووەتەوە

ساڵی دواتر و بەهەمان بۆنەوە، لەژمارە (٤)ی نیسانی ١٩٤٥، عەلائەدین سەجادی نووسینێکی تری هەر بەهەمان ناونیشانی (جەژنی نەورۆز) بڵاوکردووەتەوە.

نووسەر راپۆرتە هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە لەبارەی ئەو چالاکییەی سەعات چواری پاشنیوەڕۆی رۆژی ٢٢ی ٣ی ١٩٤٥ لەبەغدا بەڕێوەچووە و گەنج و

خوێندەوار و پیاوماقوڵە کوردەکانی بەغدا و ژمارەیەك لەوەزیر و کاربەدەستانی عێراق و دەسەڵاتی ئینگلیز بەشدارییان تێدا کردووە کە لەهۆڵی (مەلیك فەیسەڵ) بەڕێوەچووە.

ئەوەی جێی سەرنجە لە لاپەڕ (٤٧)ی هەمان ژمارە، وێنەیەکی چالاکییەکەی نەورۆزی بەغدا بڵاوکراوەتەوە کە چالاکییەکی هەڵپەڕکێی گەنجانە و ئامارژە بەوەدراوە سەرپەرشتیاری تیپی هەڵپەڕکێکە یئەمین جزیرییە و وێنەکە گەلاوێژ ئیبراهیم عیسا گرتوویەتی.

دوو ساڵ دواتر و لە ژمارە (٤)ی نیسانی ١٩٤٧، عەلائەدین سەجادی هەر بەناونیشانی (جەژنی نەورۆز) بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە. سەرەتای وتارەکەیشی بە وەڵامدانەوەی خاوەنی یەکێك لە رۆژنامەکانی بەغدا دەستپێکردووە کە وتوویەتی جەژنی نەورۆز شتێکی بێ مانا و بێ دینییە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا دەکرێت، چەند نووسینێکی تری عەلائەدین سەجادی لە گۆڤاری گەلاوێژ وەکو راپۆرتی رۆژنامەوانی لەقەڵەم بدرێت، کەتیایدا نووسەر وەکو پەیامنێرێکی رۆژنامەنووسی وەسفی ئەو دیمەنە سروشتییانەی کردووە کە لەمیانی گەشتە رۆژنامەنووسیەکەیدا بینیونی. بابەتی یەکەمی بەناونیشانی (لەسولەیمانی) لە ژمارە (١٠)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ بڵاوکردوەتەوە. نووسینێکی تری هاوشێوەی عەلائەدین سەجادی، باسکردنی سەردانێکیەتی بۆ هەڵەبجە لە ژێر ناونیشانی (لە سولەیمانی بەهەڵەبجەوە) کە لە ژمارە (٩-١٠)ی ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ بڵاوکراوەتەوە.

چەند نووسینێکی تری عەلائەدین سەجادی لە گۆڤاری گەلاوێژ وەکو راپۆرتی رۆژنامەوانی لەقەڵەم بدرێت، کەتیایدا نووسەر وەکو پەیامنێرێکی رۆژنامەنووسی وەسفی ئەو دیمەنە سروشتییانەی کردووە کە لەمیانی گەشتە رۆژنامەنووسیەکەیدا بینیونی

هەر لەو چوارچێوەیەدا، عەلائەدین سەجادی لەنووسینێکدا بەناونیشانی (لەهەولێر) باسی سەردانێکی خۆی کردوە بۆ شاری هەولێر. ئەم نووسینەی لە ژمارە (١١)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٧ بڵاوکراوەتەوە.

لەدوو وتاری تریدا کە لەگۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکراونەتەوە، عەلائەدین سەجادی باس لە دیاردەی نەخوێندەواری و ئازادیی دەکات.لەوتاری یەکەمی کە بەناونیشانی (نە خو ێند ە و ا ر ی) یە و لە ژمارە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ بڵاوکراوەتەوە. لەوتارەکەیشی کە بەناونیشانی (لەپێناو ئازادیدا)یە، عەلائەدین سەجادی باس لە بەرخودانی لاوانی کورد دەکات لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیی و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٨ی بەغدا لەدژی پەیماننامەی پۆرتسمۆس.

عەلائەدین سەجادی جگە لەم وتار و بابەتە رۆژنامەوانییانە سێ چیرۆکی لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردووەتەوە. لەوانە: (شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو، بۆچی نەچووین بۆ کوێستان و جەوهەرئاغا).

سەجادی
لەگۆڤاری گەلاوێژدا زیاتر وەکو نووسەر و ئەدیبێك دەردەکەوێت، کە وتاری ئەدەبی و چیرۆکی تێدا نووسیوە، بەڵام لەگۆڤاری نزاردا کە خۆی سەرنووسەری بووە تەواو رۆژنامەنووسێکی کارا و کارامە و ڕەخنەگرێکی ورد و جددی بووە

بابەتێکی تری بڵاوکراوەی عەلائەدین سەجادی لەگۆڤاری گەلاوێژ، بریتییە لە وتارێکی ئەدەبی بەناونیشانی (دیمەنێك لەبەهاری کوردستان) کە بەزمانێکی ئەدەبی وەسفی هاتنی بەهار و دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستان دەکات. دوایین سێ بابەتی سەجادی، پەیوەستە بەوەڵامدانەوە و مشتومڕ لەبارەی نووسین بەزمانی کوردی و چۆنیەتی ئیدارەدانی گۆڤاری گەلاوێژ. لەو وتارەی بەناونیشانی (نوسینی کوردی) کە لەژمارە ١ی کانونی دوەمی ١٩٤٥ی گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە، عەلائەدین سەجادی ئاماژەی بەبابەتێك کردووە کە لە

ژمارە (٣ و٤)ی ساڵی یەکەمی گۆڤاری (نیشتمان) لەژێر ناونیشانی کوردی (دەبێ چۆن بنوسرێ) بڵاوکراوەتەوە. نووسەر چەند بۆچوونێکی هەڵەی نووسەری بابەتەکەی گۆڤاری نیشتمان سەبارەت بە نووسینی هەردوو زمانی عارەبی و فارسی خستووەتەڕوو .

ئەنجام:

١- عەلائەددین سەججادی یەکێکە لەنووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیرە گەورەکانی گەلی کورد لەسەدەی بیستەمدا، کە بە خامە ڕەنگینەکەی چەندین کتێب و گۆڤار و بەرهەمی هەمەجۆری ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی بەئامانجی پێشخستنی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی نووسیووە. کەلەماوەی ٣١ ساڵدا زیاتر لە ٢١ کتێب و بەرهەمی داناوە. جگە لەدەرکردنی دوو گۆڤار بەناوەکانی (گەلاوێژ و نزار).

٢- عەلائەددین سەججادی لەسەرەتاوە بەکاری سەرپەرشتیکردنی چاپ و هەڵەچنی لە گۆڤاری گەلاوێژ دەستیپێکردووە. لەگەڵا دەستبەکاربوونیشی لەساڵی سێیەمی تەمەنی گەلاوێژ، هەموو دوو مانگێك بەرگێك چاپکراوە و لەساڵی چوارەمی تەمەنی گۆڤارەکەشەوە تا راگرتنی بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی ئەو کاتەی عێراقەوە، هەموو مانگێك گۆڤاری گەلاوێژ تا رادەیەکی زۆر لەوادەی خۆیدا دەرکراوە.

٣- حەز و خۆشەویستی عەلائەددین سەججادی بۆ کاری رۆژنامەوانی، وایکردووە لەکارێکی ئیدارییەوە، ببێتە کارەکتەرێکی سەرەکی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ و ماوەی چەندین ساڵ بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری گەلاوێژ بێت.

٤- کەسێتیی سەججادی لەگۆڤاری گەلاوێژدا زیاتر وەکو نووسەر و ئەدیبێك دەردەکەوێت، کە وتاری ئەدەبی و چیرۆکی تێدا نووسیوە، بەڵام لەگۆڤاری نزاردا کە خۆی سەرنووسەری بووە تەواو ڕۆژنامەنووسێکی کارا و کارامە و ڕەخنەگرێکی ورد

و جددی بووە، کەدەیان وتاری سیاسی تێدا بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە و ڕەخنەی لەدەسەڵاتدارانی سەردەمی پاشایەتی عێراق گرتووە.

٥- سەججادی وەکو ڕۆژنامەنووسێك چەندین هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵی مەیدانی و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگۆڤاری نزاردا بڵاوکردۆتەوە.

٦- داخستنی هەردوو گۆڤارەکە (گەلاوێژ و نزار) لەساڵی ١٩٤٩دا پەیوەست بووە بەو هەلومەرجە سیاسییەی، کە لەو کاتەدا عێراقی پێدا تێپەڕیوە و حوکمی عورفیی سەربازی تێدا ڕاگەیەنراوە، بەهۆیەوە سەرجەم گۆڤار و ڕۆژنامەکان کە ژمارەیان ٢٣٧ گۆڤار و ڕۆژنامە بووە بەفەرمانی دادگای سەربازی و (نوری سەعید)ی سەرۆك وەزیران داخراون.

***سەرچاوەکان:**

یەکەم/ کتێب بەزمانی کوردی:

١- دانا عەلائەددین سەججادی، یادی سەججادی، چاپخانەی ئیشبیلیە، بەغدا، ١٩٨٧.

٢- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یەکەم (ساڵی یەکەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٣- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی دووەم (ساڵی دووەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٤- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی سێیەم (ساڵی سێیەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٥- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی چوارەم/بەشی یەکەم (ساڵی چوارەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٦- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی چوارەم/بەشی دووەم (ساڵی چوارەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٧- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی پێنجەم/بەشی یەکەم (ساڵی پێنجەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٨- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی پێنجەم/بەشی دووەم (ساڵی پێنجەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
٩- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی شەشەم/بەشی یەکەم (ساڵی شەشەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
١٠- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی شەشەم/بەشی دووەم (ساڵی شەشەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
١١- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی حەوتەم/بەشی یەکەم (ساڵی حەوتەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
١٢- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی حەوتەم/بەشی دووەم (ساڵی حەوتەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
١٣- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی هەشتەم/بەشی یەکەم (ساڵی هەشتەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
١٤- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی هەشتەم/بەشی دووەم (ساڵی هەشتەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
١٥-سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی نۆیەم/بەشی یەکەم (ساڵی نۆیەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
١٦- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی نۆیەم /بەشی دووەم (ساڵی نۆیەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
١٧- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی دەیەم (ساڵی دەیەم)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
١٨- سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.
١٩- سدیق ساڵح، کۆکردنەوەی سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری نزار، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢٠- عەبدوڵڵا زەنگەنە، سەرجەمی بەرهەمە ڕۆژنامەنووسییەکانی شەهید جەبار جەباری، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٠.

دووەم/ کتێب بەزمانی عەرەبی:

١- عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، المجلد السابع، الطبعة الخامسة، بيروت، ١٩٧٨.
٢-فيصل حسون، صحافة العراق مابين عامي ١٩٤٥-١٩٧٠، دار المدي، بغداد، ٢٠٠٨.

سێیەم/ گۆڤار:

عەلائەددین سەججادی..ڕووناکیەکی پێشەنگ، ڕۆڤار، ژمارە ٢٨، ٢٠٠٤/٢/٢٥.

چوارەم/ ڕۆژنامە و بڵاوکراوە:

١- بڵاوکراوەی سەروا پاشکۆی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە ٥، ٢٠١٠/١٠/٥.

٢- كمال مظهر احمد، من ذكرياتهم، (کەلاوێژ) في لقاء مع الاستاذ علاءالدين سجادي، جريدة التآخي، بغداد، العدد ١٤٤٩، الاثنين ١ تشرين الاول ١٩٧٣..

پرۆفایل ...

پ.د.بەهادین ئەحمەد شێخەزەرد

- ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: ١٩٧٩ قەزای چەمچەماڵ.
- بەکالۆریۆس ڕاگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی ٢٠٠٤.
- ماستەر لەڕاگەیاندن کۆلێژی ڕاگەیاندن/ زانکۆی بەغدا ٢٠٠٧.
- دکتۆرا لەڕاگەیاندن زانکۆی سلێمانی ٢٠١٢.
- ساڵی دامەزراندن ٢٠٠٨ لەبەشی ڕاگەیاندن/ پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی.
- پرۆفیسۆر لەبواری ڕاگەیاندن/ پەیوەندییە گشتییەکان ٢٠٢٣.
- مامۆستای بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
- ئەندامی کارای لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- خاوەنی ١٤ کتێب و بەرهەمی هەمەجۆری چاپکراوە.

پرۆفایل ...

پ.ی.د.نەوزاد سدیق محمد

- ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: ١٩٧١ سلێمانی.
- دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٤.
- ماستەر لەزانکۆی سلێمانی ٢٠٠٩.
- دکتۆرا لەبواری ڕاگەیاندن لەزانکۆی برادفۆرد لەبەریتانیا ٢٠١٦.
- پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەبەشی تەکنیکی میدیا / کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
- ئەندامی کارای لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- نووسەر و توێژەر.

مێژووی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی لە شاری سلێمانی

بەهائەددین مەجید

وەک ئاشکرایە لای هەموان هەموو بوار و داهێنانێک مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیش زۆر نوێ نییە، بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەی (کوردستان) لە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر لەساڵی ١٨٩٨ ز لەلایەن (میقداد میدحەت بەدرخان)ـەوە دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی بێ وچان دەرکراوە. پاشان دوای داگیر کردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە بۆ یەکەم جار مێرجەسۆن چاپخانەیەکی لە ڕێگەی ئاوییەوە لە شاری بەسراوە هێنایە شاری سلێمانی کە لەم کورتە نووسینەدا باسی ڕۆژنامەکان و ناوی چاپخانەکان باس دەکەین کە بووە هۆی پێشکەوتن لە بواری زمان و هونەر و مێژوو و کلتوری گەلەکەمان.

لە ڕۆژی ٨-٣-١٩٢٣ دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی بانگی هەقی بەو چاپخانەیە چاپ کردووە کە پاش ماوەیەک لەشکری کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ محمود ناوچەی سورداشی چۆڵ کرد و چووە (پیران) لە ناوچەی پێنجوێن چاپخانەکەی ناردەوە سلێمانی و دای بە دەزگای شارەوانی.

ژینگەی ڕۆشنبیری سلێمانی:

لە مێژووی شاری سلێمانیدا هەر لە سەردەمی میرنشینی بابانەکاندا لە حوجرە و خانەقا و مزگەوتەکان دا لە پاڵ کاری خودا پەرستیدا گرنگی بە فێربوونی نووسین و خوێندنەوە دراوە ئەمەش وایکردووە کە ژینگەی ڕۆشنبیری سلێمانی ژینگەیەکی گونجاو بێت بۆ دامەزراندنی چاپخانە، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش دوو نموونە بە بەڵگە دەهێنینەوە کە چەندێک بە گرنگییەوە لە کاری چاپخانەکەیان ڕوانیوە.

لە مێژووی شاری سلێمانیدا هەر لە سەردەمی میرنشینی بابانەکاندا لە حوجرە و خانەقا و مزگەوتەکان دا لە پاڵ کاری خودا پەرستیدا گرنگی بە فێربوونی نووسین و خوێندنەوە دراوە

ئەحمەد موختار بەگی جاف لە ژمارە (٣) ی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان دا ١ی ئەغستوس ١٩٢٢ ل (٣-٤) باسی گرنگی و ئەهەمیەتی چاپخانە دەکات و دەڵێت:

باعیثی پێشکەوتنی ام قەومەیە او مطبعە الحق امرو خاک کوردستان زیبا کردووە.

لە لاپەڕە ٤ ی ژمارە ١٣ ی ڕۆژی کوردستان دا ناوی کۆمەڵێک کەسایەتی و بازرگانانی شار بڵاو کراوەتەوە کە لە ٨ تا ٢٠ ڕوپیەیان کۆکردۆتەوە بە مەبەستی کڕینی مەکینەی چاپ، لە کۆتاییدا ناوەکانیان نووسراوە بۆ هێنانی مەکینەی جاپ.

بذل غیرەتیان فەرموە عەرزی شوکریان دەکەین

ئەگەر سەرنج بدەین لە ناو لیستەکەدا کۆمەڵێک ناوی تێدایە وەک:

حاجی، بەگ، ئاغا، سۆفی، مەلا، ئەفەندی، قەساب، عەلاف، جۆڵا، کرکوکی، بانەیی و، ناوەکانی میخائیل و شەمعون و خواجە و کوران و ساسۆن و اسحاق ....هتد.

ئەمش ئاماژەیە بەوەی کە هەموو خاوەن پیشە و ئاینە جیاوازەکان ئامادەی هاوکاری کردنی پڕۆژەی لەم شێوەیە بوون و گرنگی و ئەهەمیەتی ئامێری چاپیان زانیوە بۆیە ئەم کارەیان کردووە.

سەرەتای پەیدابوونی چاپخانە

لە شاری سلێمانیدا بەم شێوەیە بووە کە باسمان کرد، لە ساڵانی دواتریشدا کۆ مە لێک چاپخانەی چالاک لە سلێمانیدا هەبووە جگە لە پێویستی ڕۆژانەی ناو بازاڕ وک پڕوپاگەندە و پسوڵە هەموو ئەو کتێب و نووسراو و ڕۆژنامانەی ئەو سەردەمە لەم چاپخانانەدا چاپ کراون کە ئەمانەن:

میجەرسۆن (ئێلی بانستەر سۆن) یەکەم ئامێری چاپی هێنایە سلێمانی، دووەم ڕۆژنامەی کوردی دوای ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە بەناوی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەو ئامێرە بە چاپ کەیەندرا

فارس ئەفەندی بۆ بەکرێ گرتووە کەبەرامبەر ماڵی حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا بووە، لە نیسانی ١٩٢٠ تا تەمموزی ١٩٢٢ (١١٨) ژمارە لە ڕۆژنامەی پێشکەوتنی پێ چاپکرا. لەم ماوەیەدا ڕۆڵی بەرچاوی (سۆن) لە بواری گرنگیدان بە زمانی کوردی دەبینرێت، سێ کەسی خوێدەواری فێری کاری چاپکردن کرد، کە ئەوانیش شێخ مەجید شێخ عارف و ئەدیب عەزیز و محمد زوهدی بوون، ڕۆژنامەکانی بانگی کوردستان و بانگی هەق و ئومێدی ئیستقلال و ژیانەوەش بەو

یەکەم ئامێری چاپ:

میجەرسۆن (ئێلی بانستەر سۆن) یەکەم ئامێری چاپی هێنایە سلێمانی، دووەم ڕۆژنامەی کوردی دوای ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە بەناوی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەو ئامێرە بە چاپ کەیەندرا. کە دواتر باسی دەکەین چاپخانەکە مەکینەیەکی کۆنی بچووکی لە جۆری (لێتر پرێس) ی ئەڵمانی بوو.



لە بەسرەوە هێناویەتی بۆ سلێمانی، خانووی ماڵی

چاپخانەیە چاپ کراون.

کارمەندەکانی چاپخانەکە:

لە دەورانی دووەم حکومەتی کوردستانی جنوبی ١٠-١٠-١٩٢٢ بۆ ٣-٣-١٩٢٣ چاپخانەکەیان بەم شێوەیە بەڕێوە بردووە: شێخ عبدالمجیدی شێخ عارف بەڕێوەبەری جاپخانە، محمد ئەدیب عزیز سەر مورەتیب، محمد تۆفیق مورەتیب، محمد تەیب ما کینە چی.

کاتێک شێخ محمود پەیوەندی لە گەڵ ئینگلیزەکان تێکدەچێت لە ڕۆژی ٤-٣-١٩٢٣ سلێمانی چۆڵ دەکات بە لەشکرەکەیەوە ڕوو دەکاتە ناوچەی سورداش لە گەڵ خۆی چاپخانەکەی مێجەرسۆنی بردووە لە ئەشکەوتی جاسەنە دایمەزراندووە.

چاپخانەی شارەوانی:

وەک باسمان کرد دوای ئەوەی شێخ محمود ناوچەی سورداشی چۆڵ کرد چووە ناوچەی پێنجوێن و چاپخانەکەی ناردەوە سلێمانی و دای بە دەزگای شارەوانی، لە ١٨ ی ئابی ١٩٢٤ ڕۆژنامەی ژیانەوەی پێ چاپکراوە تا ساڵی ١٩٢٦ بەردەوام بووە و دواتر ڕوژنامەی ژیان ی پێ چاپکراوە حسێن نازم بەڕێوەبەری چاپخانەکە بووە، لە ساڵی ١٩٣٢ حسێن نازم کوچی دوایی دەکات و پیرەمێرد دەبێتە بەڕێوەبەری چاپخانەکە بەکرێی دەگرێت لە شارەوانی.

گومانی تێدا نییە
که پەیدابوونی یاخود
دەمەزراندنی چاپخانە
لە شاری سلێمانی
کاریگەری گەورەی
هەبووە لە سەر کۆی
بوارەکانی ڕۆشنبیری،
کۆمەڵایەتی، ئەدەبی،
هونەری تەنانەت
بواری ڕامیاریش

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی ڕاگوزەرێک بە نێو مێژووی کاری چاپ و پەیدابوونی چاپخانە لە سلێمانی بکەین و، ڕۆڵ و کاریگەری گرنگی ئەم پیشەیە بخەینە ڕوو، گومانی تێدا نییە کە پەیدابوونی یاخود دەمەزراندنی چاپخانە لە شاری سلێمانی کاریگەری گەورەی هەبووە لە سەر کۆی بوارەکانی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، هونەری تەنانەت بواری ڕامیاریش. لە باشووری کوردستان دا هەروەکو چۆن مێژووی ڕۆژنامەگەریشمان بەهەمان شێوە پەیوەستە بە پەیدابوونی ئامێری چاپ و درستکردنی چاپخانە لە شاری سلێمانیدا، چاپکردنی ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکردنەوەی

بەنێو خەڵک دا بۆتە هۆی پاراستنی زمان و دەست نووسی ئەدەبیاتی کوردی لە لەناوچون و فەوتان.

گەشەسەندنی بواری ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری

بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری زیاتر و بە ئاگاهێنانەوەی خەڵک لە داواکردن بۆ مافەکانیان، چونکە کاتێک کە چاپخانە دامەزراوە نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە دەوری چاپخانەکە کۆ بوونەتەوە و ڕۆژنامەیان دەرکردووە و لە نووسین و کارەکانیاندا گرنگیان بە مێژوو و ئەدەبیات و زمان و کلتوری کوردی داوە، هەروەها بیروڕای جیاواز و بۆچوونی خۆیان بڵاو کردۆتەوە، ئەمانەش پێکەوە بە تێپەڕبوونی کات کاریگەرییان لە سەر کایە جیاوازەکانی بواری ڕۆشنبری و ئەدەبی و هونەری و تەنانەت دروست بوونی کۆمەڵە و ڕێکخراو و حیزبی سیاسی هەبووە، لە ساڵانی دواتردا بۆ نموونە ڕوژنامەی ژیان بوو بە مینبەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی بروسکە و نامە و دەنگە نارازییەکانی خەڵکی کوردستان ڕۆڵێکی باشی بینی لە ڕێکخستنی نارەزاییەکانی خەڵکی سلێمانی، تەنانەت بە هۆکاری خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ٦ ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ ی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی دادەنرێت.

لە گۆگڵ (نەتەوە و دەوڵەتسازی، ئا. عطا محمود ١ ی ئاداری ٢٠٢٤).

چاپخانەی ژین: لەدوای ئەوەی شارەوانی گرێبەستەکەیان بۆ تازە ناکاتەوە، لە ١٦-١٠-١٩٣٨ پیرەمێرد ئیمتیازی ڕوژنامەی ژینی وەرگرت و خانووەکەی حۆی کردە بارمتە (ڕەهن) بە پارەکەی چاپخانەی دامەزراند و ڕۆژنامەکەی پێ چاپ کرد..

> پیرەمێرد لە ساڵەکانی یەکەمی گەشتی بۆ تورکیا و هەر لەو کاتەوە کە ئەندامی مەجلیسی عالی ئەستەنبوڵ بووە و خوێندکاری کۆلێژی یاسا بووە، دەستی کردووە بە نووسین و وەرگێڕانی شیعر و وتار و زیندووکردنەوەی وێژەی کوردی و ناساندنی بەو جیهانە نوێیە

پیرەمێرد و کاری ڕۆژنامەوانی:

پیرەمێرد لە ساڵەکانی یەکەمی گەشتی بۆ تورکیا و هەر لەو کاتەوە کە ئەندامی مەجلیسی عالی ئەستەنبوڵ بوو و خوێندکاری کۆلیژی یاسا بووە، دەستی کردووە بە نووسین و وەرگێڕانی شیعر و وتار و زیندووکردنەوەی وێژەی کوردی و ناساندنی بەو جیهانە نوێیە، لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا یان خاوەن و سەرنووسەر بووە، یاخود لە دەستەی نووسەران بووە و نووسەرێکی چالاک بووە.

کاتێک ساڵی ١٩٢٤ دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی پاش ٢٥ ساڵ ژیان لە تورکیا، وای چاوەڕوان دەکرد ئەو وڵاتەی ١٨٩٨ جێی هێشتووە گۆڕابێت و لە بارودۆخێکی جیاواز و پێشکەوتوودا خۆی بنوێنێت، بەڵام بەداخەوە گۆڕان و بەرەو پێشچوونێکی ئەوتۆی تیادا بەدی نەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا کە ئەو لە پلەو پایەی موتەسەڕیفی شاری ئەماسییەی تورکیاوە هاتبۆوە، بە هیچ جۆرێک بە لای پایەبەرزی و کورسی وەزارەت و نوێنەرایەتی گەل و پلەی فەرمانبەری میریدا نەچوو، ڕۆژنامەی بە پێشتر و پێویستر زانی، ئەم بڕوایەشی لە خۆیەوە نەهێنابوو، بەڵکو ئەنجامی



تاقیکردنەوەیەکی سەختی درێژ خایەن بوو لە ئەستەنبوڵ، لەو دەمەدا ئەستەنبوڵ کۆکەرەوەی ڕۆشنبیران و سەرچاوەی زانست و ئەدەب بوو، لەو شارە گەورەیەدا دوو جیهان بەیەک دەگەیشتن جیهانی کۆن و دواکەوتووی ڕۆژهەڵات و جیهانی نوێ و پێشکەوتووی ئەوڕوپا.

پیرەمێرد دەیویست ئەو بەرگی پێشکەوتن و ڕاپەڕینە شارستانییە بکاتە بەری وڵاتە دواکەوتووەکەی، لە بەر ئەوە فێربوون و خوێندنی بە مەرجی بنەڕەتی ئەو پێشکەوتنە دادەنا، زۆر جار دەینووسی کە (میللەت تا خوێندەوار نەبێت هەنگاوێک نانێت)، هەر لەبەر ئەمەش بوو

کەلـە قوتابخانـەی زانسـتیدا ڕۆڵـی ڕابـەر و دامەزرینـەری بینی، لـە لایەکی تریشـەوە ڕۆڵـی پێشـڕەوی بینـی لـە کردنـەوەی قوتابخانـەی کچـان دا لـە سلێمانی و هاندانـی کۆمەڵانـی خەڵک بـۆ ناردنـی کچەکانیـان بـۆ قوتابخانـە.

چاپخانەی کامەرانی:

سـالی ١٩٥٩ لـە لایـەن محمـد عزیـز قەفتانـەوە دامـەزراوە لـە شـەقامی سـەیوان شـێخ لەتیـف قەرەداغـی کاری ڕێکخسـتن و پیتچنینـی کـردووە و چەنـد جارێـک لەلایـەن ڕژێمـەوە داخـراوە، جگـە لـە دەیـان کتێـب ١٨ ژمـارەی گۆڤـاری ڕۆژی نوێـی پێـی چـاپ کـراوە.

چاپخانەی ڕاپەڕین:

سـاڵی ١٩٦٣ لەلایـەن پارێـزەر عبدالعزیـز تالیبـی لـە شـەقامی کاوە لـە جـۆری لیـتر پرێـس بـووە، ڕۆژنامـەی ڕاپەڕیـن بـە زمانەکانـی عەرەبـی و کـوردی جاپـی تیـا کـراوە.

چاپخانەی ژین:

لـە ١٩٦٨ دووەم چاپخانـە بـووە بـەم نـاوەوە لەلایـەن نەوشـیروان مصطفـی وە دامـەزراوە، گۆڤـاری ڕزکاری پـێ چـاپ کـراوە تـا سـاڵی ١٩٧٢ بـەردەوام بـووە.

چاپخانەی کاکەی فەلاح:

لـە سـاڵی ١٩٧٢ لـە لایـەن حەمـە ئەمیـن قـادر (کاکـەی فەلاح)ـەوە دامـەزراوە، سـەرەتا لـە شـەقامی گـوران بـووە، دواتـر چۆتـە شـەقامی پیرەمێـرد، ڕۆمانـی (ژانـی گـەل) یەکێکـە لـەو کتێبانـەی لـەم چاپخانەیـە چاپ کـراوە.

چاپخانەی زانکۆی سلێمانی:

لـە ٧-٤-١٩٧٥ دامەزراوە، مامۆسـتا ئەمیـن باڵـدار یەکـەم بەڕێوەبـەری بـووە و کامـەران موکریش سەرپەرشـتیار.

چاپخانەی سەرکەوتن:

لـە ٢٧-١١-١٩٧٩ لەلایـەن کامـل محمـد عزیـز قەفتانـەوە دامـەزراوە لـە شـەقامی حەمـدی، جگـە لـە دەیـان کتێـب و نامیلکـە ڕۆژمێری سـەرکەوتنی پـێ چـاپ کـراوە.

چاپخانەی نەوڕەسی:

لەلایـەن شـێخ نـەوڕەس ئیبراهیـم حەفیـر بـرازای شـێخ محمـودی حەفیـد لـە سـاڵی ١٩٨٢ دامـەرراوە لە شـەقامی کاک ئەحمـەدی شـێخ.

ناوی بەشێک لە کارمەند و مورەتیب (حەرف چن) و مەکینە چییەکانی چاپخانەکان کەوەک سەربازی ون لە پشت ئەو کارانەوە بوون: شێخ عبدالمجید شێخ عارف،

ئەدیب عەزیز، محمد زوهدی، شێخ لطیف قەرەداغی، ئەحمەد شوکری، ئەحمەدی عەزیز ئاغا، ئەحمەد مەلا محمد، سەڵاح مجید، تاڵیب محمد، خلیل امین، فخرالدین شێخ رۆف، قادر محمد، یوسف عبداللە زیرەک، حەمە نەوزاد، کامەرانی مەلا عەزیز سەحاف، عومەر دەروێش، شێخ حسێن دارۆغایی، عبدالرحمن صاڵح، مجید کەساس، حەمە طاهیر، عومەر حەمە سعید ناسراو بە عومەری ئۆفێست لە چاپخانەکانی کامەرانی و ڕاپەڕین و ژینی کاکەی فەلاح کاری کردووە، کمال چالاک .....هتد.

سەرچاوەکان:

- سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر ١٩٢٣- ١٩٢٤: بانگی حەق، بانگی کوردستان، امید استقلال، صدیق صاڵح و کمال فؤاد، ئا- رفیق صاڵح.
- مێژووی چاپخانەکانی شاری سلێمانی .. مارف ناسراو ١٩٢٠ - ٢٠١٠ ، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.
- وتارێکی د. سلام خۆشناو، لە گۆگڵ بەناونیشانی: ڕۆژنامەی پیشکەوتن، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستان دا.
- چیم دی - ئەحمەد خواجە، بەرگی ١-٤ چاپی سێیەم، ٢٠١٦ ، ئامادەکردنی صدیق صاڵح.

پرۆفایل...

بهاءالدين مجيد اسماعيل.

- **بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی مەڕانەی ناوچەی سیوەیلی قەزای شارباژێرە.**
- **لە ١-١-١٩٧٢ لە گەڕەکی مجید بەگی شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە و گەڕەکە دێرینە تەواو کردووە.**
- **ساڵی ١٩٨٩ چۆتە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان، ساڵی ١٩٩٣ تەواوی کردووە.**
- **ساڵی ٢٠١٦ جۆتە زانکۆی سلێمانی بەشی زانستە کومەڵایەتییەکان. ساڵی ٢٠٢٠ زانکۆی تەواو کردووە.**
- **ماوەی بیست و حەوت ساڵە لە بواری مامۆستاییدا بەردەوامە.**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و، ڕۆژنامەگەری کوردی ڕەسەن

فەهمی حەمە تۆفیق

لە کاتێکدا یادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی ئەکەینەوە، ئێستای ڕۆژنامەگەری کوردی و بگرە جیهانیش بە دۆخێکی تەواو جیاواز لە ڕابردوو تێپەڕدەبێ، جیاواز لەو وێنا تایبەتەی ڕۆژنامەگەری پێ ناسرابوو، بەشێوەیەك ئەگەر مێژووی پێش تەنها بیست ساڵی دۆخەکە بیربهێنینەوە، پێناسەیەکی ترمان بیردێتەوە، چ جای ئەوەی مێژووی دەیان ساڵ و بگرە سەدەیەك هەڵبدەینەوە، ئەبێ پێناسەی ڕۆژنامەگەری چۆن بووبێت و، ئێستاش چۆن دەیبینین!

ڕەگەزەکانی ڕۆژنامەگەری لە ڕابردوودا شتانێك بوون، کە هۆکاربوون بۆ پێناسە و وێناکردنی پرسەکە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا ڕەگەزەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیەش حاڵەتی ڕۆژنامەگەری دەگۆڕێت و، هەموو ناوەڕۆك و چوارچێوەکانی، دۆخی ئەو ڕۆژگارە جیاوازانە وەردەگرن، هەر ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس و خوێنەر و بینەر و بیسەرەکان، ئاکار و سلوك و مامەڵەیان تەواو جیا بێت لە پێش و پاش واقیعەکەی خۆیان..

لە ئێستایەکی ساڵی ٢٠٢٦ و، لە دۆخی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و تەواوی کۆمەڵگەی کوردستانی بەگشتی، ڕەگەز و پێکهاتەیەکی تر دەبینین بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی،

بۆیەش ئەگەر نەتوانین پێناسەیەکی بۆ بکەین، دەتوانین سیفات و تایبەتمەندییەکی تری لەبارەوە باس بکەین، کە بگونجێت لەگەڵ ئەمڕۆی ژیاندا، ئەمە بابەتێکە قسەی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام کورتتر لەوە ئەوەیە بپرسین، ئەو گۆڕانە جیاوازە چییە بەسەر دۆخی رۆژنامەگەریدا هاتووە و؟ تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی چین لەگەڵ ڕابردوودا؟ ئەمەش وەڵامێکمان دەداتێ کە دەتوانین کورت و پوخت و ئاسان لێی تێبگەین و، بە وشەیەك بڵێین: (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان). کەواتە بەئاشکرا دەبینین کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دۆخێکی نوێیان بۆ رۆژنامەگەری دروستکردووە، بەڵام ئەگەر بە ووریایی و هەستیارییەوە بۆی نەڕوانین، بێگومان لە رۆژنامەگەری دروست دەردەچێت و، بگرە پەراوێزێکی کورت و کەم بۆ رۆژنامەگەری کوردی دەمێنێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە رۆژنامە و گۆڤارە کاغەزییەکان لە ئێستادا زۆر کەم بوونەتەوە و، ئەگەر قورس نەبێ بڵێم فرۆش و بڵاوکردنەوە و خوێنەریان دەگمەن بووە، تەنانەت بەشێوەیەك خودی رۆژنامە و گۆڤارەکانیش چوونەتە ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە و، لە چوارچێوەی شاشەکانەوە چاوەڕێی خوێنەر دەکەن، ئەویش بەبێ ئەو سروشتە دیزاینکراوەی ئەو بڵاوکراوانە هەیانبووە، لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە لە رۆژنامە و گۆڤارە جیهانییەکانی تردا بەو شێوازە نییە و، بە هەمان دیزاینی پێشترەوە بڵاودەکرێنەوە و، دەشخرێنە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیی و پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە، بۆیەش ئەوان دۆخی خۆیان لەدەست نادەن و، درێژە بە مانەوەیان دەدەن، رەنگە نزیکترینیان رۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و فارسی و تورکییەکانی وڵاتە دراوسێکانمان بن، بۆیە ئەوە دەبێتە مەترسی لەناوچوون، یان ئاسانتر بڵێین لاوازبوون و ونبوونی لەنێو بازنەی رۆژنامەگەری ڕاستەقینەدا، بەهەمان شێوەش بۆ بواری تیڤی و ڕادیۆکان، کە سەرەڕای بوونی تایبەتمەندییان جیاواز لە کاغەزییەکان، بەڵام ئەوانیش

> بەئاشکرا دەبینین کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دۆخێکی نوێیان بۆ رۆژنامەگەری دروستکردووە

پشکی شێریان گواستۆتەوە بۆ ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێواز و تەکنیکی جیاوازەوە..

دوای بینینی ئەو واقیعەی رۆژگاری نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەی لێرەدا بەرپرسیارێتی زیاد ئەکات و، شایانی بیرکردنەوە و کارکردنە لەسەری، چەند خاڵێکە، کە لە هەر بارودۆخێکی جیاوازی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەکرێ کاری جیاوازیان لەسەر بکرێت، بەو ئومێدەی رۆڵ بگەڕێتەوە بۆ پرسی رۆژنامەگەری کوردی، لە دونیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەوانە:

١- رۆژنامەگەری دیزاینکراو.. بەو مانایەی ئەو رۆژنامەیەی پێشتر هەبووە و، لەلایەن خوێنەرانییەوە بەدوایدا گەڕاون، یان لە بازاڕ و کتێبخانە و رۆژنامە فرۆشەکاندا بەدەستیان گەیشتووە، ئێستاش شایانی ئەوەیە بەردەوامی هەبێت، بەڵام کاتێك دەوترێت ئاخر ئێستا خوێنەریان نەماوە، بێگومان راستە و خوێنەری ئەو جۆرە کاغەزییە کەمی کردووە، جێگرەوەکەشی بووەتە بابەتی سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ئەکرێ بەهێزی رۆژنامە یان گۆڤارێك وابکات خوێنەرەکەی چێژ لە هەمان شێوازی دیزاینکراوی کاغەزییەکە وەربگرێت و، ئەوەش کە بە (پی دی ئێف) و وێنەکراو لە جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا بڵاوبکرێتەوە و ئاسانتریش بەدەست خوێنەر بگات، کە هەمان شتی کاغەزییەکە بێت، بابەت و هەواڵ و شیکاری و وێنە و تەواوی بابەتەکان، بکەوێتە بەردەم خوێنەر و بینەر، وەك چۆن ئێستاش ئەو شێوازە لە دونیای رۆژنامە جیهانی و وڵاتانی تردا دەبینین، وەك لە پێشەوەش ئاماژەم پێکرد..

ئەکرێ بەهێزی رۆژنامە یان گۆڤارێك وابکات خوێنەرەکەی چێژ لە هەمان شێوازی دیزاینکراوی کاغەزییەکە وەربگرێت و، ئەوەش کە بە (پی دی ئێف) و وێنەکراو لە جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا بڵاوبکرێتەوە

٢- پابەندی ئەخلاقیاتی

رۆژنامەگەری.. ئەوەی پێی دەوترێت نەریت و ئەخلاقیاتی رۆژنامەگەری کوردی و، ڕەچاوکردنی بارودۆخ و دابونەریت و پێکهاتەی کۆمەڵگە و، ئەو سنوور و چوارچێوەیەی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بۆخۆی داناوە و پاراستوویەتی لە درێژایی تەمەنی خۆیدا و، هەر لادانێك لێی وەك سنووربەزاندنێکی هەستیار تەماشا کراوە، بۆیەش تا چەند ساڵێك پێش ئێستا بە چاوی ڕێزەوە بۆ بڵاوکراوە کاغەزییەکان دەڕوانرا، مەگەر ئەوەی خۆی هۆکاربووبێت بۆ لاوازکردن و دوورکەوتنەوە لە خوێنەر و رۆشنبیرانی کۆمەڵگەکەی، یان بازنەی بڵاوکردنەوەی بچوککردبێتەوە، ئەو پابەندییەش رەهەندی جیاوازی هەیە و، هەر نووسەر و رۆشنبیر و خاوەن هۆش و عەقڵێکمان دەزانێ لە سنووری ئەودا چوارچێوەکانی چین و کامانەن، بۆیە ئەو پابەندییە رۆڵ و کاریگەری دەگەڕێنێتەوە بۆ رۆژنامەگەری رەسەنی کوردی لە دونیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە لە هەندێ ڕووەوە خەریکە بەرەو کزبوون دەچێت..

٣- زاراوە و دەستەواژە کوردییەکان.. یەکێك لەو بارودۆخە تایبەت و جۆرێك لە مەترسیدارانەی کاری رۆژنامەگەری ئێستا تێیکەوتووە، بریتییە لە بەکارهێنانی وشە و زاراوە و دەستەواژە بیانییەکان لەناو نووسین و گوتار و بابەتە جیاوازەکاندا، بەم نووسینەی بەندەشەوە کە ڕەنگە خاڵی نەبێت لە چەند وشەیەك لەو زاراوانە، بەڵام ئەوەی لە ڕێگای سەرەکی رۆژنامەگەری کوردی دووری دەخاتەوە، بریتییە لە هزری خۆ بە گەورە زانین و شانازیکردن بە بەکارهێنانی

یەکێك لەو بارودۆخە تایبەت و جۆرێك لە مەترسیدارانەی کاری رۆژنامەگەری ئێستا تێیکەوتووە، بریتییە لە بەکارهێنانی وشە و زاراوە و دەستەواژە بیانییەکان لەناو نووسین و گوتار و بابەتە جیاوازەکاندا

ئەو وشە و زاراوانەوە، بەجۆرێك ڕەنگە كەسێكی دوور لەو دونیای نووسینە بهێنی، یان بۆ بەتەمەنێك باسی بكەی، لێی تێناگات و، وەك دەڵێن تەقەی سەری دێت.. لەكاتێكدا نووسینەكانی ڕۆژنامەگەری كوردی ڕابردوو، زمانێكی پاراو و سادە و جوانی نووسینیان پیادەكردووە، كە بۆ هەموو ئاستە تەمەن و ڕۆشنبیری و خوێندەوارییەكە گونجاو بووە، بۆیە پێویستە كاربكرێت بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئەو ڕێچكەیە، بە تایبەت لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و، پۆستی پێگە ئەلیكترۆنییەكاندا..

دابونەریت و كلتوری كۆمەڵگەی كوردستانی، لەكاتێكدا مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی (لایەنە سیاسییەكەی لێ دەرچێت) ئەوەی پەیوەستە بە بابەتە كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و هونەری و زانستی و....هتد، تەواو پەیوەست بووە بەو بنەما چەسپاوانەی كۆمەڵگەی لەسەر بنیاتنراوە و پاراستوویەتی، ڕۆژنامەو گۆڤارەكان بە ڕووی سوورەوە دەچوونە بەردەم خوێنەری كورد و، ڕەنگە كەمترین پەرچەكرداریان لەلایەن خوێنەر و بینەر و بیسەریانەوە بۆ دروست بووبێت، پاراستن و گەڕانەوە بۆ ئەو گوتارە پەسەندەی كۆمەڵگە، گەڕانەوەیە بۆ گوتاری ڕۆژنامەگەری كوردی پەسەند..

گەڕانەوە بۆ ئەو گوتارە پەسەندەی كۆمەڵگە، گەڕانەوەیە بۆ گوتاری ڕۆژنامەگەری كوردی پەسەند

٤- گوتار و بابەت و ڕای پەسەند..

ئەمەش بەشێكی ئەو لادانە كلتوری و زانستییە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری كوردی ڕەسەن و بنەڕەتی، بەشێوەیەك جۆرە گوتارێك پەرەی پێ دەدرێت و زەق دەكرێتەوە، نامۆ و نەشازە بە

لە كۆتاییدا جێی خۆیەتی وەك شانازییەك بۆ ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بەگشتی كە یادی ڕۆژنامەگەری كوردی ئەكەنەوە، ئەوەش بیربهێنینەوە كە سەرەڕای ئەو هێرشە گەورە و بەهێزەی تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکان کردوویەتییە سەر پێگەی ڕۆژنامەگەری، بەڵام لەوێشەوە ئاراستە و گوتار و نووسەر و ڕۆشنبیرانێك هەن و کەمیش نین، کە هێشتا لەخزمەت پاراستنی ئەو مێژووە گەورە و گرنگەی ڕۆژنامەگەری کوردیدان و، بە نووسین و ڕا دروستەکانیان لەو بوارەدا، هێزێکن بۆ ئاراستەکردنەوەی خوێنەر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕێچکەی نووسین و دارشتنی کوردی پەسەند و ڕاستەقینە.

پرۆفایل...

فەهمی حەمەتۆفیق عارف
- لەدایکبووی ١٩٧٦ ، هەڵەبجە.
- بەکالۆریۆس لە زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا.
- ماستەر لە جوگرافیای مرۆیی، زانکۆی سانت کلیمێنتس.
- سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.
- میدیاکار و ڕۆژنامەنووس.
- ئێستا بەڕێوەبەری گشتی ڕادیۆی سپێدە ئێف ئیم و، بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی (سلێمانی - هەڵەبجە)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە.

گرنگترین سەرچاوەکان:

١- رشاد كامل، صحافتنا بين الأمس واليوم، مجلة صباح الخير، الصادر في ١٩-١٠-٢٠٢٢.
لینکی بابەت: المصدر: مجلة صباح الخير
https://sabah.rosaelyoussef.com/55843/%D8%B5%D8%AD%D8%A7%D9%٢-

بابەتی
گشتی

ژیارەکان:

چۆنیەتی دروستبوون، گەشە و هۆکارەکانی هەرەسهێنان

ئامادەکردنی:
بەشی توێژینەوە لە سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە

توێژینەوەی ژمارە (١٦)، بەهار ی ٢٠٢٦.

پێشەکی:

چەمکی «ژیار» یەکێکە لە ئاڵۆزترین و دەوڵەمەندترین چەمکەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. تێگەیشتن لەوەی کۆمەڵگەیەک چۆن لە قۆناغی سادەییەوە دەگۆڕێت بۆ قۆناغی داهێنان و بونیاتنان، پێویستی بە وردبوونەوە هەیە لە ڕەهەندە زمانی، فەلسەفی، ئاینی و جوگرافییەکان.

ژیار تەنها پێشکەوتنی ماددی نییە، بەڵکو سیستمێکی هاوسەنگە لە نێوان (مرۆڤ، خاک، کات، و بیرۆکەی ئاینی، وە پەیمانێکی ئەخلاقییە لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگار و زەوی.. بۆ مانەوەی هەر ژیارێک، پێویستە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ژینگەیی پارێزراو بێت. مانەوەی ژیار بەندە بە پاراستنی ئاسایشی دەروونی و دادگەری کۆمەڵایەتییەوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر ناسنامەی ژیار، پێکهاتەکانی، و ئەو یاسا سروشتی و مرۆییانەی دەبنە هۆی بەردەوامی یان لەناوچوونی.

بەشی یەکەم: چەمکناسی ژیار و شارستانیەت:

١- پێناسی زمانەوانی (الفیلۆلۆژیا):

لە زمانی عەرەبیدا: وشەی «الحضارة» لە «الحاضرة»وە هاتووە کە بەواتای نیشتەجێبوون لە شار دێت، بەپێچەوانەی «البادیة» (دەشتەکی). عەرەب پێی وایە شارنشین «ئامادەیە» (حاضر) بۆ داهێنان، لەکاتێکدا دەشتەکی لە کاروانی پێشکەوتن «غایب»ە. لێرەوە دەردەکەوێت شارستانیەت واتە ئامادەیی مرۆڤ لە پرۆسەی داهێناندا. لەبەرامبەردا «بادیە» وەک سەرەتایەک (بدایة) دەبینرێت کە ئەگەر نەگۆڕێت بۆ ژیار، بەرەو لەناوچوون و فەوتان (إبادة) دەچێت.
ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕانی مرۆڤ لە حاڵەتی کۆچەری و سەرەتاییەوە بۆ حاڵەتی نیشتەجێبوون و داهێنان.

لە زمانە ئەوروپییەکاندا، جیاوازییەک دەبینرێت لە نێوان Culture و Civilization. «کەلچەر» لە کێڵانی زەوییەوە هاتووە و دواتر شیشرۆن بۆ «کێڵانی عەقڵ» بەکاری هێناوە. بەڵام «سیڤیلایزەیشن» زیاتر لایەنی ماددی و شارنشینی دەگرێتەوە.

لە زمانی کوردیدا: وشەی ژیار پەیوەستە بە «ژیان» و «یار»، واتە کۆمەڵگەیەکی زیندوو و بەئاگا. جیاوازییەک لە نێوان ژیار و شارستانیەتدا دەکرێت؛ ژیار قۆناغێکی باڵاتری هۆشیارییە.

ئاین بەردی بناغەی ژیارە و گەورەترین سەرچاوەیە. نەک تەنها بەها ئەخلاقییەکان، بەڵکو یاسا، نووسین و مێژووش لە ئاینەوە سەرچاوە دەگرن

٢- پێناسەی زاراوەیی لای گەورە بیرمەندان:

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی ژیار بدەین وەک ئەوەی بیرمەندان ئاماژەیان پێکردووە:

ئیبن خەلدون (م ٨٠٨ کۆچی): تایبەتمەندی ژیار لای ئەو بریتییە لە «ترۆپکی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی». کە دوای قۆناغی دەشتەکی دێت. ئەو پێی وایە ژیار دۆخێکی کۆمەڵایەتییە کە لە دوای دەمارگیری خێڵەکی دێت. مالک بن نبي (م ١٩٧٣ زاینی): ژیار بە هاوکێشەی (مرۆڤ + خاک + کات) دەبینێت. هاوکێشەیەکی زانستی داناوە: (ژیار

= مرۆڤ + خاک + کات)، کە ئاین وەک بزوێنەری ئەم سێ ڕەگەزە دەبینێت.

تایبەتمەندی سەرەکی لای ئەو بوونی «بەهای کارا»یە؛ ئەگەر کۆمەڵگەیەک مرۆڤ و خاکی هەبێت بەڵام «کات» و «بەهای ڕۆحی» بەکارنەهێنێت، لای ئەو ناچێتە خانەی ژیارەوە.

ئارنۆڵد توینبی (م ١٩٧٥ زاینی): تایبەتمەندی ژیار لای ئەو بریتییە لە «وەڵامدانەوەی ئالنگارییەکان». ئەو پێی وایە تەنها ئەو کۆمەڵگایانە خاوەن ژیارن کە «کەمینەیەکی داهێنەر»یان هەیە و دەتوانن ڕووبەڕووی گرفتە ژینگەیی و سیاسییەکان ببنەوە.

گۆستاف لۆبۆن (م ١٩٣١ زاینی): ژیار بە کۆمەڵێک سیستەم و بیروباوەڕی زانستی دەبینێت کە لە ناوخۆی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاوە، نەک هاوردەکراو.

کلاید کلوکۆن: جەخت لەسەر لایەنی «بەرجەستە و ماددی» دەکاتەوە، وەک ئامێر و تەکنیک.

ژیاری ئیسلامی (٦١٠ زاینی): گشتگیرترین ژیار کە سنووری ڕەگەز و نەتەوەی تێپەڕاند و جیهانی کردە یەک بنەماڵە

ویل دیورانت: ژیار بە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی دەزانێت کە داهێنان زیاد دەکات و یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ زیادکردنی داهێنانە ڕۆشنبیرییەکان.. لای ئەو، کاتێک ترس و دڵەڕاوکێ کۆتایی دێت، ژیار دەست پێدەکات.

- پایە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ژیار:

بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەک بگاتە ئاستی ژیار، پێویستی بە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی هەیە:

-سیستەمی سیاسی و ئیداری: بوونی دەوڵەت و یاسا بۆ ڕێکخستنی ژیان.

-سیستەمی ئابووری: دابینکردنی بژێوی و گەیشتن بە زیادەی بەرهەم (Surplus).

- ئاین و بەها ئەخلاقییەکان: کە وەک گیان و وزەی بزوێنەر کار دەکەن.

- زانست و هونەر: گواستنەوەی مەعریفە لە بیرۆکەوە بۆ شتی بەرجەستە (تەکنەلۆژیا و تەلارسازی).

سەرچاوە سەرەکییەکانی دروستبوونی ژیار:

١- ئاین (٥٠٪ - ٦٠٪ ی کاریگەرییەکە):

ئاین بەردی بناغەی ژیارە و گەورەترین سەرچاوەیە. نەک تەنها بەها ئەخلاقییەکان، بەڵکو یاسا، نووسین و مێژووش لە ئاینەوە سەرچاوە دەگرن و ئاین یاسا و مێژوو و نووسینیشی بە مرۆڤ بەخشیوە.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە «ئادەمیزاد» (وەک بوونەوەرێکی داهێنەر و خاوەن نووسین) تەمەنی لەسەر زەوی بەپێی بەڵگە مێژووییەکان نزیکەی ١٠ هەزار ساڵە، نەک ملیۆنان ساڵ وەک ئەوەی هەندێک تیۆر باسی دەکەن. لێرەدا دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە دروستبوونی ئادەم وەک مرۆڤێکی داهێنەر و گفتوگۆکار لەلایەن خواوە، مێژووەکەی بۆ دەهەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، نەک ملیۆنان ساڵ. ئەو مرۆڤە «ئادەمییە» هەر لە سەرەتاوە نووسەر و شارستانی بووە و شارستانیەتی دروست کردووە، هەر لە سەرەتاوە خاوەن زمان و نووسین بووە.

٢- ژینگە و جوگرافیا (٢٠٪ - ٢٥٪):

کەشوهەوا، ئاو و شوێنی ستراتیژی هۆکاری گرنگن. کاریگەری ئاو و هەوا، شاخەکان و دووری و نزیکی مانگ و خۆر لەسەر زەوی. لێرەدا وردەکارییە زانستییەکانی پەیوەست بە چاخە سەهۆڵبەندانەکان و گۆڕانی تەمەنی ڕۆژ (سەعاتەکان) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە گونجاندنی زەوی بۆ ژیان. بۆ نموونە، ژیارەکانی نێوان دوو ڕووبار و نیل بەهۆی لەباریی خاکەکەیانەوە گەشەیان کردووە. گۆڕانکارییە گەردوونییەکان (وەک چاخە سەهۆڵبەندانەکان) هەمیشە کاریگەرییان لەسەر نەخشەی ژیار هەبووە.

٣- ئەزموونی مرۆیی و تێکەڵاوبوونی گەلان (١٠٪ - ١٥٪):

هیچ ژیارێک لە بۆشاییدا دروست نابێت؛ گواستنەوەی زانست لە نێوان یۆنانی، فارسی، بابلی و ئیسلامیدا کاروانی ژیاری مرۆڤایەتیی دەوڵەمەند کردووە.

٤- ئەزموونی کۆمەڵایەتی (١٠٪-١٥٪):

کێبەرکێی مرۆڤەکان بۆ خۆسەلماندن و کۆچکردن بۆ ژینگەی باشتر.

٥-ئاڵوگۆڕی ژیاریی (١٠٪-١٥٪):

گواستنەوەی مەعریفە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان (وەک گواستنەوەی زانست لە مسوڵمانانەوە بۆ ئەوروپا).

٦- هۆش و بیری داهێنەرانە (١٠٪):

داهێنانی لۆژیک، فەلسەفە و بیرکاری وەک کەرەستەی عەقڵی.

- تایبەتمەندییەکانی ژیار لای گەورە بیرمەندان:

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو خاڵە جەوهەرییانەی کە هەر بیرمەندێک وەک «تایبەتمەندی» ژیار دیاری کردووە:

- ئیبن خەلدون : تایبەتمەندی ژیار لای ئەو بریتییە لە (ئاوەدانی باڵا و خۆشگوزەرانی). ئەو پێی وایە ژیار قۆناغی کۆتایی گەشەی عومرانە و تایبەتمەندییەکەی بریتییە لە جێگیربوون و نەمانی ژیانی کۆچەری.

- مالک بن نبي: تایبەتمەندی ژیار لای ئەو لە (کارایی بەهاکان) دایە. لای ئەو ژیار شتێکی کەڵەکەبوو نییە، بەڵکو بزوێنەرێکە کە «مرۆڤ و خاک و کات» پێکەوە گرێ دەدات بۆ بەرهەمهێنانی گۆڕانکاری.

- ئارنۆڵد توینبی: تایبەتمەندی سەرەکی ژیار لای ئەو بریتییە لە (ئالنگاری و پەرچەکردار). ژیار کاتێک دروست دەبێ کە کۆمەڵگە ڕووبەڕووی مەترسییەک دەبێتەوە و «کەمینەیەکی داهێنەر» وەڵامی ئەو مەترسییە دەدەنەوە.

ژیارەکان وەک مرۆڤ وان؛ لەدایک دەبن، گەورە دەبن و دەمرن. ژیار تەنها باڵەخانە و تەکنەلۆژیا نییە، بەڵکو هاوسەنگییە لە نێوان مادده و ڕۆح، لە نێوان زانست و ئەخلاق

- ویل دیورانت: تایبەتمەندی ژیار لای ئەو بریتییە لە (ئاسایشی کۆمەڵایەتی). ئەو دەڵێت: «ژیار لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە ترس کۆتایی دێت»، چونکە تەنها لە کاتی ئارامیدا مرۆڤ دەتوانێت داهێنان بکات.

- گۆستاف لۆبۆن: تایبەتمەندی ژیار لای ئەو لە (ڕەسەنایەتی و ناوخۆیی بوون) دایە. ژیاری هاوردەکراو لای ئەو بە ژیار هەژمار ناکرێت.

مێژووی ژیارە گەورەکان (کرۆنۆلۆژیا):
بەپێـی ڕیزبەنـدی کاتـی و مێژوویی، گرنگتریـن ژیـارەکان بریتیـن لـە (١٦ ژیـاری سـەرەکی)
لێـرەدا بـە وردی تیشـک دەخەینـە سـەر ئـەو ١٦ ژیـارەی کـە مێـژووی مرۆڤایەتییـان دروسـت کـردووە:
١- ژیـاری وڵاتـی دووڕووبـار (عێـراق - ٣٣٠٠ پ.ز): سـۆمەر، ئەکـەد، بابـل و ئاشـوور. یەکەمیـن شـوێنی دەرکەوتنی نووسـین و یاسـا و گەردووناسـی.
٢- ژیـاری میسری کـۆن (٣١٠٠ پ.ز): مەڵبەنـدی پەیامبـەران و داهێنانـی تەلارسـازی زەبـەلاح.
٣- ژیـاری هیندۆ-ئێرانـی (٣٠٠٠ پ.ز): خـاوەن کتێبـی ڤیدا و چەمکی «ئاریانـا».
٤- ژیـاری شـام و سـامییەکان (٢٠٠٠ پ.ز): ئارامـی، کەنعانـی و فینیقییـەکان کـە ئەلفوبێیـان بـە جیهـان ناسـاند.
٥- ژیـاری نەوەکانـی ئیسرائیـل (١٩٠٠ پ.ز): لـە ئیبراهیمـەوە دەسـت پێدەکات تـا دەگاتە داود و سولەیمان و لایەنـی ئاینـی و بیروباوەڕیـان ئاوێتـەی ژیـان کـرد.
٦- ژیـاری ئاسـیای بچـووک (١٩٠٠ پ.ز): حیسـییەکان و سـابیئە مەندائییـەکان لـە حـەڕان کـە هەنـگاوی گەورەیـان لـە پیشەسـازی سـەربازی و مەدەنـی هەبـوو.
٧- ژیـاری چینـی (١٥٠٠ پ.ز): خـاوەن داهێنانـی کاغـەز و بـاروت. بنەماڵـەی شـانگ و فەلسـەفەی کۆنفۆشیۆسـی کـە مرۆڤایەتیـان فێـری لایەنـی بەڕێوەبـردن و دەوڵەتـداری و کۆمەڵناسـی کـرد.
٨- ژیـاری وڵاتـی یەمـەن (١٣٠٠ پ.ز): شانشـینی سـەبەئی و بەربەسـتی مەئریـب، ڕێکخسـتنەوەی ژیانـی ئاودێـری وکارلێکـی مـرۆڤ و سروشـت.
٩- ژیـاری ئێرانـی (١٠٠٠پ.ز): دەرکەوتنـی ئاینـی زەردەشـتی و دابەشـکردنی مێـژوو بـۆ چـوار قۆناغـی سـێ هـەزار سـاڵی.
١٠- ژیـاری قرتـاج (٨٥٠ پ.ز): لقێکـی فینیقییـەکان کـە گەیشـتنە تونـس و ئیتاڵیـا و ئەوروپیەکانیـان فێری نووسـین و خوێنـدن کـرد.
١١- ژیـاری گریکـی (٨٠٠ پ.ز): وەرگرتنـی نووسـین لـە فینیقییـەکان و دامەزراندنـی بناغـەی فەلسـەفە.
١٢-ژیـاری حەبەشـی (٨٠٠ پ.ز): درێژکـراوەی ژیـاری میسری و یەمەنی.
١٣- ژیـاری سـەلتی و گالییـەکان (٥٠٠ پ.ز): هـۆزە کۆچەرییەکانـی

ئەوروپــا کــە دواتــر بوونــە بناغــەی ئەڵــمان و فەڕەنســا.

١٤- ژیــاری ڕۆمانــی (٥٠ پ.ز): گەورەتریــن ئیمپڕاتۆریەتــی مێژوویــی کــە جیهانــی دابــەش کــرد بــۆ ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا.

١٥- ژیــاری ئیســلامیی (٦١٠ زاینــی): گشــتگیرترین ژیــار کــە ســنووری ڕەگــەز و نەتــەوەی تێپەڕانــد و جیهانــی کــردە یــەک بنەماڵــە، کــە توانــی هەمــوو نەتــەوەکان لــە ژێــر چەتــری یەکتاپەرســتی و دادپەروەریــدا کۆبکاتــەوە و زانســت بگەیەنێتــە ترۆپــک.

١٦- ژیــاری ڕێنیســانس (ســەدەی ١٤-١٧): ســەردەمی لەدایکبوونــەوەی ئەوروپــا، دۆزینــەوە جوگرافییــەکان و شۆڕشــی زانســتی.

هۆکارەکانی هەرەسهێنان و ئاوابوونی ژیارەکان:

ژیارەکان بۆچی کۆتاییان دێت؟

بۆچی ژیارەکان هەرەس دەهێنن؟

ژیــارەکان وەک مــرۆڤ وان؛ لەدایک دەبــن، گــەورە دەبــن و دەمــرن. ژیــار تەنهــا باڵەخانــە و تەکنەلۆژیــا نییــە، بەڵکــو هاوســەنگییە لــە نێــوان مــاددە و ڕۆح، لــە نێــوان زانســت و ئەخــلاق. مێژوو پێمان دەڵێت کــە هــەر ژیارێک خــۆی لــە ڕەگــی ئایینــی و مرۆیــی دابڕێــت، ســەرەنجام بــەرەو هەڵدێــر دەچێــت. مرۆڤــی ئەمــڕۆ پێویســتی بــە گەڕانــەوە هەیــە بــۆ ئــەو بەهــا باڵایانــەی کــە ئادەمیــزادی پــێ ناســراوەتــەوە تــا بتوانێــت لــەم جەنگەڵــە تەکنەلۆژییــەدا خــۆی و زەوییەکەشــی بپارێزێــت.

> جیابوونەوە لە ئاین و ئەخلاق بوو بەهۆی جینۆسایدکردنی گەلان و تێکدانی خێزان، بەرەو دارمانی ڕۆحی دەچێت

هۆکارەکانــی هەرەســهێنان بریتیــن لــە:

١- دارمانــی ئەخلاقــی: کاتێــک کۆمەڵگــە واز لــە بەهــا ڕەســەنەکان دەهێنێــت و نوقمــی زێدەڕۆیــی (تــرف) دەبێــت.

٢- داماڵینــی ژیــار لــە گیــان: وەک ئــەوەی لە ســەردەمی «ڕێنیســانس» و دوای ئــەوە ڕوویــدا؛ هەرچەنــدە پێشــکەوتنی مــاددی گــەورە هاتــە ئــاراوە، بــەڵام مرۆڤایەتــی بەهــای ڕۆحــی و ئەخلاقــی خــۆی لەدەســتدا، کــە ئەمــەش مەترســیەکی گەورەیــە بــۆ ســەر داهاتــووی جیهــان. جیابوونــەوە لــە ئاین و ئەخــلاق بــوو بەهــۆی جینۆســایدکردنی گــەلان و تێکدانــی

خێزان، بەرەو دارمانی ڕۆحی دەچێت.

٣- کۆتایی هاتنی ڕۆڵی مێژوویی: کاتێک ژیارێک چیتر پەیامێکی نوێی پێ نامێنێت بۆ مرۆڤایەتی و دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئاسایشی دەروونی، کاتێک دڵەڕاوکێ زیاد دەکات، داهێنان دەوەستێت.

٤- ستەمی سیاسی: نەمانی دادپەروەری دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات. کاتێک ستەم دەبێتە جێگرەوەی دادپەروەری، وەک ئیبن خەلدون دەڵێت: «الظلم مؤذن بخراب العمران».

٥- کارەساتی سروشتی: وشکەساڵی، لافاو و گۆڕانی توندی کەشوهەوا (وەک ئەوەی بەسەر ئەکەدییەکاندا هات لە ٢٢٠٠ پ.ز یان بەسەر عاد و سەموود هات).

ئەم ژیارانە زۆرجار بەسەر مێژوودا بازیان داوە و قۆناغەکانی داهاتووی مرۆڤایەتیشیان وێنا کردووە. بەنموونە:

- مێژووی ژیار لە ڕوانگەی پەیامەئاسمانیەکان:

ئادەمیزاد وەک بوونەوەرێکی «نووسەر و داهێنەر» تەمەنی لەسەر زەوی ناگاتە دە هەزار ساڵ.

بەپێی گێڕانەوەی تەورات لە ساڵی ٥٨٧٢ پ.ز: دابەزینی ئادەم بۆ سەر زەوی بەپێی فەرموودە لە ئێوارەی جومعەدا. ٢٩٠٠ پ.ز: ڕوودانی تۆفانی نوح کە جیاکەرەوەی مێژووی کۆن و نوێیە.

هەزارەی جومعەی دووەم: لە ساڵی ٦٠ی زاینی تا ١٠٣٠ز، کە سەردەمی زێڕینی پێشینی ئیسلام و دەسەڵاتی جیهانی مسوڵمانان بوو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیسەلمێنێت کە مرۆڤی شارستانی (ئادەم) لە ئەشکەوتدا نەژیاوە و هەر لە سەرەتاوە خاوەن زانست و زمان بووە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو تیۆرانەیە کە تەمەنی مرۆڤی داهێنەر بە ملیۆنان ساڵ دادەنێن بێ ئەوەی هیچ نووسینێکیان لێ بەجێ مابێت.

> ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیسەلمێنێت کە مرۆڤی شارستانی (ئادەم) لە ئەشکەوتدا نەژیاوە و هەر لە سەرەتاوە خاوەن زانست و زمان بووە

تـــەورات بەهـــۆی خەونەکانـــی دانیـــال و پێشـــبینییەکانی پەیامبـــەران هەواڵـــی هـــەزاران ســـاڵی ئایەنـــدەی مرۆڤایەتیـــمان پێدەڵێـــت .

هەروەهـــا قورئـــان وفەرمـــودە باســـی ڕیزبەنـــدی هەمـــوو قۆناغەکانـــی ئاینـــدەی جیهـــان و نیشـــانە بچـــووک و گـــەورەکان و تەنانـــەت ژیانـــی دوای مـــردن و بـــەرزەخ و زیندوبوونـــەوەش بـــۆ کۆمەڵـــگای مرۆڤایەتـــی دەکات.

- مێژووی ژیار لە ڕوانگەی ئاینی زەردەشتی (ئاڤێستا):

لـــە کتێبـــی ڤەندیـــاددا، تەمەنـــی جیهـــان بـــە ١٢ هـــەزار ســـاڵ دیـــاری کـــراوە، کـــە دابـــەش دەبێـــت بـــۆ چـــوار قۆناغـــی ســـێ هـــەزار ســـاڵی:

ســـێ هـــەزارەی یەکـــەم: دروســـتبوونی ڕوحـــەکان و ململانێـــی ئاهورامـــەزدا و ئەهریمـــەن.

سـێ هـەزارەی دووەم: دروسـتبوونی مـــاددە و جیهانـــی بینـــراو (نزیکـــەی ٦٦٥٠ پ.ز).

سـێ هـەزارەی سـێیەم: ململانێـــی خێـــر و شـــەڕ لـــە نێـوان مرۆڤەکانـــدا، کـــە لـــە یەکـــەم مـــرۆڤ (کێومـــەرس) ەوە دەســـت پێـــدەکات (٣٦٥٠ پ.ز) تـــا هاتنـــی زەردەشـــت.

ســێ هــەزارەی چــوارەم: لــە هاتنــی زەردەشـــتەوە (٦٢٨ پ.ز) تـــا ڕۆژی پەســـڵان.

تێبینـــی زانســـتی: بەپێـــی هەژمارکردنـــی ســـاڵی زەردەشـــتی (٣٦٠ ڕۆژ)، جیاوازییـــەک لەگـــەڵ ســـاڵی زایینـــی دروســـت دەبێـــت. بـــەم پێیـــە ڕۆژی پەســـڵان (کۆتایـــی جیهـــان) دەکەوێتـــە ســـاڵی ٢٢٥٠ی زایینـــی، واتـــە نزیکـــەی ١٨٠ ســـاڵمان مـــاوە بـــۆ کۆتایـــی ئـــەو خولـــە ژیارییـــە.

لیستی سەرچاوە گرنگەکان:

- ئیبن خەلدون، المقدمة.
- مالک بن نبي، شروط النهضة.
- ویل دیورانت، قصة الحضارة.
- د. کەیـوان ئـازاد ئەنـوەر، مێـژووی ئا یینـە کا ن .
- کتـاب الڤندیـداد (وەرگێڕانـی د. داود چەلەبـی) .

كاریگەری خوێندنی باخچە و بنەڕەتی لەسەر زمان و وێژەی كوردی هەر لە سەردەمی حوجرەوە تا خوێندنی سویدی ئەمڕۆ

بەسۆز حمە صدیق محمدامین

پێشەكی:

زمان یەكێكە لە بنەما سەرەكdیەكانی ناسنامە و كلتووری نەتەوەیی، كە لە مێژووی گەلانی جیهاندا ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینێت، بە هەمان شێوە بۆ گەلی كوردیش، چونكە بە درێژایی مێژوو لەژێر دەسەڵاتی حكومەتە جیاوازەكاندا ژیاوە و، هەروەها زمانی كوردی نەك تەنها ئامرازێكی پەیوەندی كردن بووە، بەڵكو دەرفەتێك بووە بۆ پاراستن و بەردەوامێتی ناسنامە نەتەوەییەكان و، لێرەدا قۆناغی خوێندنی سەرەتایی بە تایبەتی باخچە و بنەڕەتی بە بنچینەی فێربوونی زمانی دایك و كلتووری دادەنرێت، لە حوجرەوە هەتاوەكو ئەمڕۆ.

خوێندنی کوردی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتووە لە سەردەمی حوجرەوە هاتاوەکو ئەمڕۆ، لەسەرەتادا لە حوجرەکاندا خوێندن بەم شێوازە بووە، لەسەر بنەمای فێربوونی قورئانی پیرۆز و دەقە ئیسلامییەکان بووە، کە زیاتر بە زمانی عەرەبی بووە و، لەدوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان و قۆناغەکانی دواتردا زیاتر هەوڵدرا بۆ جێگیر کردنی خوێندنی کوردی.

یەکەم: قۆناغی حوجرە:

١- حوجرە چییە؟ حوجرە یەکەمین شوێنی فێربوونی نەتەوەی کورد بووە، کە لە ماڵی مەلایەکدا یاخود لە مزگەوت یان لە شوێنێکی دیاریکراو و تایبەتدا منداڵەکان بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین سوودیان لێبینیوە و، لەسەرەتادا خوێندن لە قورئانی پیرۆز و کتێبە ئاینییەکانەوە دەستی پێدەکرد. حوجرە بە تەنها شوێنی فێربوون نەبووە، بەڵکو ناوەندێکی کلتوری و کۆمەڵایەتی بووە، لێرەدا مەلا وەکو مامۆستا تەنها فێرخوازانی فێری وشە نەدەکردن بەڵکو فێری ڕێزگرتن و ئەدەب و ئەخلاق و بەهاکانی کۆمەڵگای دەکردن.

٢- چۆن منداڵ لە حوجرەدا فێردەکرا؟ فێرکردن لە حوجرەدا زۆر سادە و ساکار بوو، منداڵەکان لەسەرەتادا فێری (ئەلف و بێ)ی عەرەبی دەکران، دواتر فێری خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەکران، ئەم شێوازە هەرچەندە سادە بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر توانای بیرکردنەوەی منداڵ دروست دەکرد، زمانی خوێندن لە حوجرەدا زمانی عەرەبی بوو، بەڵام گفتوگۆ و تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی نێوان مامۆستا و قوتابییەکان بە زمانی کوردی بوو، هەروەها فەرهەنگی کوردی عەرەبی (ئەحمەدی)ش دەخوێنرا. نووسین لە حوجرەدا سنوردار بوو، قوتابی لەسەرەتادا فێری نووسینی پیتەکان دەبوون بە شێوەی جیاواز پاشان فێری نووسینی ئەو پیتانە دەبوون لە وشەکاندا ئەمەش پێویستی بە کاتێکی زۆر بوو.

زمانی خوێندن لە حوجرەدا زمانی عەرەبی بوو، بەڵام گفتوگۆ و تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی نێوان مامۆستا و قوتابییەکان بە زمانی کوردی بوو، هەروەها فەرهەنگی کوردی عەرەبی (ئەحمەدی)ش دەخوێنرا

لـه حوجـرەدا نووسـين گرنگييەكـی زۆری پێـدەدرا، منـداڵ فێردەكـرا چۆن قەڵەمەكانيـان بگـرن و، چـۆن پيـت بنووسـن بـە شـێوازێكی جوان و ڕێك، ئەمـەش هەوڵێكـی بـاش بـوو بـۆ پەرەپێـدان و مسـۆگەر كردنـی دەسـت و خـەت و توانـای وردبينـی.

دووەم: گۆڕانكاری لە سيستەمی نوێی خوێندن:

١- دامەزراندنـی قوتابخانـە بـە شـێوازی فەرمـی: لـە سـەرەتای سـەدەی بيسـتدا قوتابخانـەی نـوێ هێـدی هێـدی دەسـتيان بـە كار كـردن كـرد لـە كوردسـتان و، ئـەم قوتابخانانـە جياوازيـان هەبوو بە بـەراورد بە حوجرە، لەبـەر ئـەوەی سيسـتەمی ڕێكخراوتريان هەبـوو و وانـەی زياتريـان تێدا بـوو بـە بـەراورد بـە حوجـرە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا كێشـەيەكی گـەورە هەبـوو لـە زمانـی خوێندنـدا، چونكـە زمانـی خوێنـدن لـە قوتابخانەكانـدا زمانـی: (توركـی، عەرەبی، فارسـی) بـوو، بەپێی ئـەوەی كـە قوتابخانەكـە لـە كام بەشـی كوردسـتان بوو، ئەمە كێشـەيەكی گەورە بـوو بۆ زمانـی كوردی، چونكـە منداڵان بەبـێ ويسـتی خۆيـان و باوانيـان دەبـوو بـە زمانێكـی جياواز فێربـن و زمانـی دايكيـان گرنگـی پێنـەدەدرا.

٢- دروسـتبوونی قوتابخانـەی كوردی: لە دەيەكانی ناوەڕاسـتدا هەوڵی زۆر هەبـوو بـۆ دروسـتكردنی قوتابخانە بـە زمانـی كوردی، هەر بۆيـە لە كۆماری كوردسـتاندا لـە سـاڵی (١٩٤٦)، بـۆ يەكەميـن جـار قوتابخانـەكان بـە زمانـی كـوردی دامـەزران و خوێنـدن بـە فەرمی بـوو بـە زمانـی كـوردی، هەرچەنـدە ماوەيەكـی كـەم بـوو، دوای ئـەوە لـە عێـراق دەرفەتـی زياتـر دروسـت بـوو بـۆ خوێندنی كـوردی لەدوای شـۆڕشـی سـاڵی (١٩٥٨) و، هەروەهـا ئەم قۆناغە زۆر گرنـگ بـوو بـۆ زمانـی كـوردی، لەبـەر ئـەوەی يەكـەم جار بـوو منداڵان دەيانتوانـی بـە زمانـی دايكيـان فێربـن، زمانـی كـوردی تەنيـا لـە ماڵـەوە و لـە كۆڵان نەمـا بەڵكو هاتە نـاو قوتابخانەوە و كتێبـی خوێنـدن و نووسـين بـوو بـە كتێبـی كـوردی، هەروەهـا ئەمـە بـوو بـە بناغەيەكـی زۆر گرنـگ بـۆ بـەرەو پێشـچوون و گەشـەكردنی زمانـی كـوردی،

سێيەم: باخچەی منداڵان (قۆناغی پێش قوتابخانە):

١- دامەزرانـدن و گرنگـی باخچـەی منداڵان: باخچـەی ساوايان واتا: قۆناغی پێش چونە قوتابخانـە، قۆناغێكی زۆر گرنـگ و هەسـتيارە لـە گەشـە كردنـی

مێشکی منداڵ، چونکە لەم تەمەنەدا (٣-٦) ساڵ باشترین کاتە بۆ گەشە کردنی مێشکی منداڵان، و لە باشترین بارودۆخدایە بۆ فێربوونی زمان و، ئەوەی لەم قۆناغەدا فێری دەبێت بنچینە و بناغەیەک دادەڕێژێت بۆ هەموو تەمەنی منداڵ.

باخچەکان لە دوای ساڵانی (١٩٧٠ - ١٩٨٠) لە کوردستاندا گەشەیان کردووە، لە سەرەتادا ژمارەی باخچەکان کەم بوون تەنیا لە شارەکاندا هەبوون، بەڵام لەدوای ساڵی (١٩٩١) باخچەکان زیاتر گەشەیان سەند و باشتر ڕێکخران.

٢- کاریگەری باخچەی ساوایان لەسەر فێر بوونی زمان: منداڵان پێش ئەوەی بێنە باخچەی ساوایان تەنها زمانێکی زۆر سادەی ماڵەوەیان بیستووە، بەڵام کاتێک منداڵان دێن بۆ باخچەی ساوایان مامۆستاکان هەوڵ دەدەن منداڵەکان فێری زمانێکی فەرمی و پاك و ڕاست بکەن، لەڕێگەی چالاکییەکانی باخچەوە وەك: (چیرۆك و گۆرانی و یاری)، ئەمانە هەموویان یارمەتیدەرن بۆ گەشەکردنی زمانی منداڵان و فێری وشەی تازە دەبن و، دواتر فێری ڕستە دروستکردن دەکرێن، ئەمانە هەمووی بنەمای زۆر سەرەتایین بۆ ئەوەی لەداهاتوودا منداڵان فێری خوێندنەوە و نووسین بن.

٣- ئەو گرفتانەی تووشی منداڵان دەبن لە باخچەی ساوایاندا: لەگەڵ ئەوەی کە باخچەی ساوایان گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا منداڵان ڕووبەڕووی زۆر گرفت دەبنەوە، یەکێك لە گرفتە هەرە گەورەکان کە تووشی منداڵان دەبێت لە باخچە ساوایاندا ئەوەیە کە لە زۆر باخچەدا بە زمانی ئینگلیزی منداڵ فێر دەکرێت و دەخوێنن، چونکە خێزانی منداڵەکان پێیان وایە ئەگەر بێت و منداڵ بە ئینگلیزی بخوێنێت داهاتوویەکی باش چاوەڕێی دەکات، لە کاتێکدا ئەمە گرفتێکی گەورەیە چونکە منداڵ لە تەمەنێکی

یەکێك لە گرفتە هەرە گەورەکان کە تووشی منداڵان دەبێت لە باخچە ساوایاندا ئەوەیە کە لە زۆر باخچەدا بە زمانی ئینگلیزی منداڵ فێر دەکرێت و دەخوێنن، چونکە خێزانی منداڵەکان پێیان وایە ئەگەر بێت و منداڵ بە ئینگلیزی بخوێنێت داهاتوویەکی باش چاوەڕێی دەکات

زۆر هەستیاردایە ئەمە وا دەکات منداڵ زمانی دایکی بە زمانێکی نامۆ ببینێت، هەروەها مێشکی منداڵ سەرقاڵ دەبێت بە فێربوونی زمانێکی بیانی لە جێگەی ئەوەی بنەماکانی زمانی دایکی خۆی بەهێز بکات و، هەروەها کاریگەریشی دەبێت لەسەر ناسنامەی کلتوری.

چوارەم: ڕۆڵ و گرنگی خوێندنی بنەڕەتی:

١- پێناسەی خوێندنی بنەڕەتی: خوێندنی بنەڕەتی واتا لە پۆلی یەك هەتاوەکو پۆلی نۆیەم، ئەم قۆناغە زۆر گرنگە، چونکە منداڵ لێرەدا فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت، فێری هەندێك زانیاری سەرەتایی دەبێت لەسەر جیهان بە گشتی و کۆمەڵگاکان بە تایبەتی لە ڕووی زمانەوانییەوە، ئەمەش وا لە منداڵ دەکات بیر بکاتەوە، بەمەش بیرکردنەوەی فراوان دەبێت، خوێندنی بنەڕەتی کاتێك دەست پێدەکات کە منداڵ دەست دەکات بە خوێندنەوەی نووسراو، چونکە پێشووتر خوێندن بە شێوازی زارەکی بووە بەڵام ئێستا بۆتە شێوازی نووسراو و، ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورە لە بیرکردنەوەی منداڵدا دروست دەکات.

٢- گرنگی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی: خوێندنەوە و نووسین بە زمانی دایك زۆر ئاسانترە لە خوێندنەوە و نووسین بە زمانێکی تر، لێکۆڵینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە منداڵان بە زمانی دایکیان فێر دەبن، تێگەیشتنیان باشترە و زووتر پێشکەوتوو دەبن، بەڵام ئێمە لە کوردستاندا زۆر کێشەمان ماون چارەسەر بن، لە زۆربەی شوێنەکان کتێبەکان بە زمانی کوردی نین و کوالێتیان نزمە و، هەروەها مامۆستاکانیش ئامادەکاری باشیان نەکردووە بۆ وانە گووتنەوە بە زمانی کوردی و، هەروەها گرفتێکی تر ئەوەیە کە تاقیکردنەوەکان زۆربەی کات گرنگی بە زمانی کوردی نادەن.

٣- پەیوەندی نێوان بابەتە جیا جیاکان و زمانی کوردی: لە خوێندنی بنەڕەتیدا زمانی کوردی تەنها زمانێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو زمانی کوردی بەکار دەهێنرێت لە هەموو بابەتەکاندا وەکو: مێژوو، زانست، بیرکاری، هونەر.... هتد، هەر بۆیە گرنگی گەشەی زمان پەیوەستە بە هەموو بابەتەکانەوە، لەبەر ئەوەی کاتێك بابەتێك بە کوردی دەخوێندرێتەوە، ئەمە واتای ئەوەیە دەبێت وشەی تایبەت بەو بوارە هەبێت بە کوردی، بۆ نموونە بۆ دەرسی زانست دەبێت وشەی کوردی بەکار بهێنرێت

بۆنموونە: (مادده، گازەکان، گەشە، ڕووەك). ئەمەش یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ دەوڵەمەند بوونی زمان لە بوارە جیا جیاکاندا.

پێنجەم: ڕۆڵ و گرنگی ڕاگەیاندن لە پشتگیری زمانی کوردی:

١- ڕاگەیاندنی دەنگ و ڕەنگ: ڕادیۆ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەستی پێکرد، گرنگی و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو، بۆ یەکەم جار بوو خەڵکی دەیانتوانی زمنی کوردی بە شێوەیەکی بەرفراوان ببیستن، هەروەها ڕادیۆ هەلێکی گرنگ بوو بۆ بیستنی گۆرانی و چیرۆك و هەروەها بەرنامەی تایبەت بە منداڵان بە زمانی شیرینی کوردی و، ئەمەش شتێکی گرنگ بوو لەبەر ئەوەی منداڵان شارەزاییان پەیدا دەبوو لە گوێگرتن و تێگەیشتن و، منداڵان فێری وێژە و شێوازی نوێ و جیاواز دەبوون و، هەروەها دوای ئەوە تەلەفیزیۆن هات کاریگەرییەکان زیاتر بوون، چونکە ئەم جارە بینین و بیستن بەیەکەوە کاریگەرییان زیاتر بوو و، بەرنامەکان بە کوردی بوون، هەروەها بوون بە بەشێکی گرنگ لە فێر بوونی نەوەی نوێدا.

> زۆرێك لە ناوەڕۆکەکانی ئینتەرنێت بە کوردی بەبێ کوالێتیە، هەڵەیەکی یەکجار زۆری تێدایە لە زماندا، تێکەڵ کراوە بە وشەی بیانی، نووسینەکان نارێکن

٢- ڕاگەیاندنی نووسراو: ئەم جارە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە کوردی ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگیان هەبوو لە پاراستنی زمانی کوردیدا، یەکەمین ڕۆژنامەش کە بە زمانی کوردی دەرچوو ناوی (کوردستان) بوو و لە ساڵی (١٨٩٨) لە قاهیرە دەرچوو، لەدوای ئەوەوە ڕۆژنامەی زیاتر دەرچوون لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا و، ئەم شێوازی ڕاگەیاندنە گرنگ بوو لە سێ ڕووەوە: (گەیاندنی زمانی نووسراو بەخەڵکێکی زۆر، هەبوونی ئەلف و بێیەکی یەکگرتوو و شێوازی نووسینی ڕێکخراو، دروستکردنی وشەی نوێ بۆ بابەتە جیا جیاکان). ئەمەش دەرفەتێك بوو بۆ منداڵان بۆ خوێندنەوەی شتی تازە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و ئاشنابوونیان بە وشەی نوێ بە زمانی دایکیان.

٣- ڕاگەیاندنی نوێ (ئینتەرنێت): ڕاگەیاندنی نوێ لە دوو دەیەی کۆتاییدا گۆڕانکارییەکی نوێی هێنایە ئاراوە،

ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕەکان و بەرنامەکانی مۆبایل، هەموویان شوێنێکی گرنگن بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی.

ئەم ڕاگەیاندنە گرنگی تایبەتی هەیە بۆ منداڵان و بۆ گەنجان لەبەر ئەوەی منداڵان دەتوانن ڤیدیۆ ببینن، یاری بکەن و بخوێننەوە و بنووسن بە کوردی لەسەر مۆبایل و کۆمپیوتەر و، ئەمە دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی منداڵان فێری زمانی کوردی ببن، بەڵام لەم شێوازەدا کۆمەڵێك گرفت هەن! لەوانە کێشەی کوالێتیە، زۆرێك لە ناوەڕۆکەکانی ئینتەرنێت بە کوردی بەبێ کوالێتیە، هەڵەیەکی یەکجار زۆری تێدایە لە زماندا، تێکەڵ کراوە بە وشەی بیانی، نووسینەکان نارێکن، ئەمەش دەبێتە هۆی مەترسییەکی گەورە بۆ منداڵان، لەبەر ئەوەی فێری شێوازێکی هەڵە دەبن.

شەشەم: خوێندنی سویدی لە ئەمڕۆدا:

١- خوێندنی سویدی چییە؟ خوێندنی سویدی بریتییە لە قۆناغی دوای بنەڕەتی، ئەم خوێندنە دەست پێدەکات لە تەمەنی (١٢) تا (١٨)ساڵی، لەم قۆناغەدا کە هێشتا منداڵ گەنجە فێری بابەتی تایبەت دەبێت، هەروەها ئامادە دەبێت بۆ ژیانی دوای قوتابخانە، خوێندنی سویدی لە ڕووی زمانەوە گرنگی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوەی لێرەدا قوتابی فێری بەکارهێنانی زمان دەبێت لە بوارە جیاوازەکاندا، قوتابی فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێت، فێری نووسینی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە دەبێت، هەروەها فێری ئەدەبیات دەبێت بە زمانی کوردی.

٢- بارودۆخی خوێندنی سویدی: خوێندنی سویدی لەهەرێمی کوردستانی عێراق بە کوردی ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە بەشە جیا جیاکانی تری کوردستان باردۆخەکە جیاواز ترە، خوێندن لە ئێران بە زمانی فارسییە، لە تورکیا بە زمانی تورکییە، لە سوریادا کە تازە دەرفەتی خوێندنی کوردی دەستکەوتووە، ئێستا لە قۆناغی سەرەتادایە، لە هەرێمی کوردستانیشدا کێشەمان هەن، لەوانە کتێبەکان کۆنن یاخود بە شێوەیەکی نا دروست وەرگێردراون، هەندێك لە مامۆستاکان شارەزاییەکی تەواویان نییە بۆ وانە گوتنەوەی بابەتە زانستییەکان بە کوردی، هەر لەبەر ئەمەشە هەندێك لە خوێندکاران وا بیر دەکەنەوە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی باشترە بۆ داهاتوویان.

٣- چلاکیەکانی زمان لە قۆناغی سویدیدا: چالاکی زمان لە قۆناغی سویدیدا دەبێت قوڵتر و بەرفراوانتر بێت، خوێندکار دەبێت بتوانێت لێکۆڵینەوە بکات لەسەر بابەتی جیاواز و کتێب بخوێنێتەوە، هەروەها تێبگات بیروڕاکانی خۆی دەربڕێت، هەروەها لە گفتوگۆ و موناقەشەکاندا بەشداری بکات، هەروەها هونەری وتاردان و پێشکەشکردن فێربێت، ئەم شارەزاییانە هەموویان گرنگن و پێویستن بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا، بەڵام بۆ ئەوی خوێندکار هەموو ئەم شتانە بکات پێویستە مامۆستاکانی شارەزاییەکی باشیان هەبێت، هەروەها پێویستە سەرچاوەی زۆر باش هەبێت، هەروەها سیستەمێك هەبێت کە پشتگیری هەموو ئەم شتانە بکات.

٤- ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگرن لەبەردەم گەشەکردنی خوێندنی سویدی بە زمانی کوردی:

١- هەڵوێستی کۆمەڵایەتی: زۆربەی خەڵکی پێیان وایە کە خوێندن بە زمانی کوردی هیچ گرنگییەکی نییە، چونکە زانکۆ و دواتر هەلی کار زیاتر پێویستیان بە زمانی ئینگلیزییە، کە بەداخەوە ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم خوێندن بە زمانی کوردی و گرنگی بە زمانی کوردی نادەن تەنانەت لە قۆناغی خوێندنی سویدیشدا.

زۆربەی خەڵکی پێیان وایە کە خوێندن بە زمانی کوردی هیچ گرنگییەکی نییە، چونکە زانکۆ و دواتر هەلی کار زیاتر پێویستیان بە زمانی ئینگلیزییە، کە بەداخەوە ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم خوێندن بە زمانی کوردی

٢- کەمی سەرچاوە: کتێبی دەرسی و کتێبی یارمەتیدەر بە زمانی کوردی کەمن، بەتایبەتی لە بواری زانستیدا، لەو کاتەشدا مامۆستایان و قوتابیان ناچارن پشت بە سەرچاوەی بیانی ببەستن.

٣- پەرەپێنەدان بە مامۆستایان: مامۆستاکان زۆر نەیانخوێندووە لەسەر چۆنیەتی دەرس گووتنەوەی بابەتەکان بە شێوازێکی کاریگەر بە کوردی، هەر لەبەر ئەوەشە هەندێك لە مامۆستاکان شێوازی کۆن بەکاردێنن کە ئەمە سەرنجی خوێندکاران ڕاناکێشێت.

حەوتەم: گۆڕانکارییەکان لە وێژە و شێوەزاردا:

١- کاریگەری خوێندن لەسەر وێژە: خوێندن کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە لەسەر وێژەی زمان، چونکە کاتێك منداڵ دەچێتە قوتابخانە فێری وێژەیەك دەبێت کە لە وانەیە جیاوازی هەبێت لەگەڵ وێژەی دایك و باوکی، ئەمە زیاتر بۆ ئەو منداڵانە ڕاستە کە نیشتەجێی لادێکانن و شێوەزارێکی جیاوازیان هەیە لە ناوچەکانیان، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ڕاگەیاندنەوە وێژە یەکگرتووترە، لەبەر ئەوەی منداڵان لە ماڵەکانی خۆیانەوە تەلەفیزیۆن دەبینن، هەروەها ڤیدیۆ دەبینن لە ئینتەرنێتدا، هەروەها گوێبیستی گۆرانی دەبن، هەموو ئەمانە یارمەتیدەرێکی باشن لە یەکگرتنەوەی وێژەدا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەندێك مەترسی لەو مەترسیانە ئەوەیە دەبێتە هۆی نەمانی شێوەزاری ناوچەیی، هەروەها هەر شێوەزارێك دەوڵەمەندییە بۆ زمان، کاتێك کە شێوەزارێك ون دەبێت، بەشێك لە دەوڵەمەندی زمانی کوردی ون دەبێت.

٢- دروست بوونی زمانی ستاندارد: بە هۆکاری گەشە کردنی خوێندن، پێویستیمان بە زمانێکی ستاندارد هەیە، ئەمەش زمانێکە لە نووسین و لە فەرمیدا بەکار دەهێنرێت، هەموو کەسێك لێی تێدەگات، وە لە زمانی کوردیدا هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ دروست بوونی ئەم زمانە، ئەکادیمیای کوردی و دامەزراوەکانی تر کاریان کردووە لەسەر دروست کردنی ڕێنووس و دروست کردنی وشەی نوێ، هەروەها یەکخستنی شێوە زارەکان، ئەمە کارێکی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی بەبێ زمانێکی ستاندارد (خوێندن و نووسین و ئەدەبیات) ناتوانن بە شێوەیەکی باش گەشە بکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا کێشەکان هەر ماون لەنێوان سۆرانی و کرمانجیدا و جیاوازیەکی زۆر هەیە، هەروەها لە نێوان شێوەزارە بچوکەکانیشدا، لێرەدا پرسیارێکی گەورە دروست دەبێت: ئێمە چۆن دەتوانین هەموو ئەم دەوڵەمەندییە بپارێزین و لە هەمان کاتدا زمانێکی یەکگرتوومان هەبێت بۆ خوێندن؟

هەشتەم: نموونەی سەرکوتوو و شکستخواردوو:

١- نموونەی سەرکوتوو: لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەدوای ساڵی (١٩٩١) خوێندنی کوردی گەشەیەکی بەرچاوی کرد لە هەموو

قۆناغەکانی خوێندندا، لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە هەتاوەکو زانکۆ، زمانی کوردی وەکو زمانێکی سەرەکی بەکار دێت، ئەمەش بۆتە هۆکاری گەشەیەکی بەرچاو لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا.

نموونە: ئێستا کتێب بە کوردی دەردەچن لەسەر بابەتە هەمەجۆرەکان بۆنموونە: (بابەتە زانستییەکان، تەکنەلۆژیا، ئابووری، یاسا) و هەروەها هەموو بابەتەکانی تر، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت وشە و دەستەواژەی نوێ دروست دەکرێت، هەروەها منداڵان دەتوانن بە زمانی دایکیان فێری بابەتی زۆر گرنگ بن، ئەمەش دەبێتە بناغەیەکی گرنگ بۆ داهاتووی زمان، چونکە نەوەیەکی نوێ دروست دەبێت کە بە کوردی دەنووسێت و دەخوێنێتەوە.

٢- نموونەی شکستخواردوو: لەبەرامبەر ئەو باشییە و ئەو دەرفەتە گرنگەی لە هەرێمی کوردستانی عێراق خوڵقاوە نموونەی خراپیشمان هەیە لە بەشە جیا جیاکانی کوردستاندا و بارودۆخەکان باش نین، بۆنموونە لە تورکیادا بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ خوێند بە کوردی قەدەغە کرابوو، بە ئێستاشەوە بەڵام لە هەندێك بارودۆخدا ئاساییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سنووردارە و، لەئەنجامی ئەمەشدا ملیۆنان کورد بە تورکی دەخوێنن، بە تورکی دەنووسن و هەروەها بە تورکیش کار دەکەن و، زمانی کوردیش لەم بارودۆخەدا دەبێت بە زمانی ناو ماڵ بە تەنها، ئەمەش دەبێتە هۆی پوکانەوە و لەناوچوونی زمانی کوردی هێواش هێواش، چونکە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا بەکار ناهێنرێت، هەروەها لە ئێرانیش هەرچەندە کوردانی ئەوێ دەتوانن بە کوردی قسە بکەن، بەڵام خوێندنەکەیان بە فارسییە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە منداڵانی کورد ناچاربن بە زمانێکی غەیری کوردی بخوێنن، کە ئەمە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتندا.

> پێویستە خوێندنی باخچە بە زمانی کوردی بەهێزتر بکرێت، پێویستە باخچەی زیاتر بە زمانی کوردی بنیات بنرێت، بەتایبەتی لە لادێکاندا پێویستە مامۆستایانی باخچە ڕاهێنانی زیاتریان پێبکرێت لەسەر ئەوەی چۆن زمان فێربین بە شێوازێکی سەرنڕاکێش

نۆیەم: پێشنیارەکان بۆ داهاتوو:

١- بەهێز کردنی ڕاگەیاندن: ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و تایبەت دەبینێت، پێویستە بەرنامەی زۆر گرنگ وکاریگەری باشی منداڵان بە کوردی پەخش بکرێت لە تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێتدا، بەرنامەمەش پێویستە بەرنامەی فێرکاری و سەرنج ڕاکێش بێت و بە زمانێکی سادە و پاك بێت، هەروەها پێویستە ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت هەبێت بە منداڵان و دەربچێت، وە پێویستە چیرۆك و هەواڵ و بابەتی سەرنراکێشیان تێدا بێت کە هانی منداڵان بدات بۆ خوێندنەوە، پێویستە گرنگی بە ئینتەرنێت بدرێت و ناوەڕۆکێکی کوالێتی بەرز بە کوردی دروست بکرێت، پێویستە هەندێك ڤیدۆی پەروەردەیی هەبێت بە زمانێکی پاك و دروست.

٢- پەرەپێدانی مامۆستایان: مامۆستایان کلیلی سەرکەوتنن لە خوێندن، هەر لەبەر ئەم گرنگییە پێویستە مامۆستایان ڕاهێنانی باش ببینن و، پێویستە فێری شێوازی تازەی وانە گوتنەوە بن، هەروەها فێری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بن و، زۆر پێویستە فێری مامەڵە کردن لەگەڵ قوتابیە ئاست جیاوازەکان بن، بە تایبەتی مامۆستایانی زمانی کوردی، پێویستە ڕاهێنانێکی باشیان پێبکرێت، پێویستە فێری زانستی زمان بن، فێری شێوازی فێرکردنی نووسین و خوێندنەوە بن، هانی منداڵ بدێت بۆ خۆشویستنی زمان لەلایان.

٣- بەهێزکردنی خوێندنی باخچە: پێویستە خوێندنی باخچە بە زمانی کوردی بەهێزتر بکرێت، پێویستە باخچەی زیاتر بە زمانی کوردی بنیات بنرێت، بەتایبەتی لە لادێکاندا پێویستە مامۆستایانی باخچە ڕاهێنانی زیاتریان پێبکرێت لەسەر ئەوەی چۆن زمان فێربن بە شێوازێکی سەرنڕاکێش و، پێویستە بەرنامەکانی باخچە بە شێوازێکی زانستی ئامادە بکرێن و، پێویستە یاری و چالاکی و چیرۆکی تایبەت هەبێت کە گونجاو بن لەگەڵ تەمەنی منداڵدا و ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەشەکردنی زمان لەلایان و، هەروەها پێویستە خێزانەکان هان بدرێن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بنێرن بۆ باخچەی کوردی، نەك باخچە بیانییەکان، هەروەها پێویستە باوان هانبدرێن لەسەر خوێندن بە زمانی دایك لە تەمەنێکی بچوکدا کە ئەمە زۆر گرنگە بۆ گەشەیەکی دروستی منداڵ.

٤- باشترکردنی کتێب و سەرچاوەکان: پێویستە کتێبی دەرسی بە کوردی هەبێت و کتێبەکان سەرنڕاکێش بن و، هەروەها وێنە و نەخشەی جوانیان تێدا بێت و، ناوەڕۆکیان جوان و تێگەیشتوو بێت، پێویستە کتێب لە بوارە جیاوازەکاندا هەبێت، نەك تەنها وانەی زمانی کوردی، هەروەها کتێب و چیرۆك و هەڵبەست بۆ منداڵان بە کوردی دەربچێت، چونکە منداڵان پێویستیان بە شتی سەرنڕاکێش هەیە بۆ خوێندنەوە نەك تەنها کتێبی دەرسی، وە کاتێك منداڵان حەزیان لە خوێندنەوە بێت، ئەوا خوێندنەوەی زیاتر دەکات و زمانەکەشی باشتر دەکات. هەروەها زۆر پێویستە لە ئێستادا سەرچاوەی دیجیتاڵیشمان هەبێت وەك بەرنامەی مۆبایل و ماڵپەڕی فێرکاری و ڤیدۆی پەروەردەیی، ئەمانە هەمووی بە کوردی دروست بکرێت کە یارمەتیدەربن بۆ فێربوون.

دەرئەنجام:

١- حوجرەکان لە ڕابردوودا و قوتابخانە نوێیەکان لە ئێستادا، ئەمانە شوێنی فێربوونی زمان بوون، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە خوێندن بە زمانی دایك بخوێنرێت و، لێکۆڵینەوەکان و ئەزموون دەیسەلمێنن، منداڵێك کە بە زمانی دایکی فێر دەبێت باشتر سەردەکەوێت و تێگەیشتنی قورستری هەیە.

٢- ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە کۆنەکانەوە هەتاوەکو تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێتی ئێستا، ڕاگەیاندن یارمەتیدەرە بۆ بڵاوکردنەوەی زمان و یەکگرتنەوەی وێژە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت کوالیتی بەرز بێت و زمانێکی دروست بەکار بهێنرێت .

٣- کاریگەری خوێندنی باخچە و بنەڕەتی لەسەر زمان و وێژەی کوردی، بێگومان زۆر گەورەیە، لەسەردەمی حوجرەوە هاتاوەکو ئەمڕۆ، پەروەردە و فێرکردن بوونەتە

> لەسەردەمی حوجرەوە هاتاوەکو ئەمڕۆ، پەروەردە و فێرکردن بوونەتە هۆی پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی و، هەر قۆناغێکی خوێندن، لە باخچەوە تاوەکو سویدی بەشێکی گرنگی خۆی هەیە لەم کارەدا

هـۆی پاراسـتن و گەشـەپێدانی زمانـی کـوردی و، هـەر قۆناغێکـی خوێنـدن، لـە باخچـەوە تاوەکو سـویدی بەشـێکی گرنگـی خـۆی هەیـە لـەم کارەدا.

٤- ئێمـە ناتوانیـن لایەنـی دینیش لەیـاد بکەیـن، قورئـان و نووسـینی ئیسلامی بـە کـوردی بەشـێکی گرنگی کلتـوری کـوردن، ئـەم بەرهەمانـە نـەك زمانیـان دەوڵەمەنـد کـردووە بەڵکـو پەیوەنـدی نێـوان نەوەکانیـان بەهێزتـر کـردووە.

٥- لـە ئەمـڕۆدا کـوردان دەرفەتـی باشـتریان هەیـە بـۆ خوێنـدن بـە زمانـی خۆیـان بەتایبەتـی لـە (هەرێمـی کوردسـتانی عێـڕاق)، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا کێشـەی زۆر هەیـە بەداخـەوە، لەوانـەش: کەمـی مامۆسـتای شـارەزا، کێشـەی سیاسـی، هەڵوێسـتی نەرێنـی هەندێـك خێـزان بەرامبـەر بـە خوێندنـی کـوردی.

٦- لـە داهاتـوودا بـۆ ئـەوەی هەمـوو ئـەو کێشـانە چارەسـەر بکرێـن دەبێـت هەمـوو لایەنـەکان بەیەکـەوە کار بکـەن: (حکومەت، دامـەزراوە پەروەردەییەکان، ڕاگەیانـدن، خێزانـەکان و، هەروەهـا کۆمەڵـگاکان بـە شـێوەیەکی گشـتی)، تەنهـا دەتوانیـن بـەم شـێوەیە زمانـی کـوردی بپارێزیـن و بیگەیەنیـن بـە نـەوەی داهاتـوو بـە شـێوەیەکی بەهێـز و دەوڵەمەنـد، زمـان ناسـنامەیە، کاتێك کە زمان دەپارێزرێت و گەشـە دەکات، ئەمە واتـای ئەوەیـە نەتەوەیـەك دەپارێزرێت و گەشـە دەکات، بۆیـە پاراسـتنی زمانـی دایـك تەنهـا کارێکـی پەروەردەیـی نییە، بەڵکـو کارێکـی نیشـتیمانپەروەری و مرۆییشـە.

لیستی سەرچاوەکان:

١. سەعید، حەمید (٢٠١٥). حوجرە و ڕۆڵی لە کۆمەڵگای کوردیدا. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

٢. ئەحمەد، کەمال (٢٠١٨). مێژووی خوێندن لە کوردستان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٣. حەمە، شێرزاد (٢٠١٦). مەکتەب و حوجرە لە کوردستان. هەولێر: دەزگای ئارام.

٤. عومەر، سەباح (٢٠١٢). گەشەی خوێندن لە کوردستانی باشوور. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

٥. حەسەن، فەرهاد (٢٠١٦). سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا لە ڕابردوو و ئێستا. دهۆك: دەزگای سپیرێز.

٦. ڕەشید، نەزیرە (٢٠١٩). باخچە و کاریگەری لەسەر گەشەی منداڵ. سلێمانی: بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.

٧. کەریم، شێرزاد (٢٠٢٠). زمانی دایك لە پەروەردەی سەرەتاییدا. هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

٨. سەعید، بەختیار (٢٠١٧)، خوێندنەوە و نووسین بە کوردی. سلێمانی: دەزگای موکریانی.
٩. محەممەد، دلێر (٢٠٢١). شێوازی فێرکردنی زمانی کوردی. هەولێر: چاپەمەنی شەهاب.
١٠. عەلی، رووناك (٢٠١٤). ڕاگەیاندن و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
١١. ئیبراهیم، سەرکەوت (٢٠٢٢) ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی و زمانی کوردی. هەولێر: دەزگای ئاراس.
١٢. ڕەحیم، ئازاد (٢٠٢٠). خوێندنی سویدی لە کوردستاندا: کێشە و چارەسەر. دهۆك: دەزگای خانی.
١٣. ئەمین، کامەران (٢٠٢٣). داهاتووی پەروەردە لە کوردستاندا: کێشە و چارەسەر. دهۆك: دەزگای خانی.
١٤. تاهیر، هیوا (٢٠١٦). ستاندارکردنی زمانی کوردی. سلێمانی: ئەکادیمیای کوردی.
١٥. جەلال، سامان (٢٠٢١). شێوازەکانی کوردی و یەکگرتنەوە. هەولێر: بڵاوکراوەکانی زانکۆی سەڵاحەدین.
١٦. شوان، بێستوون، (٢٠١٨). بارودۆخی زمانی کوردی لە تورکیا. سلێمانی: چاپخانەی تیشك.
١٧. بەختیار، هاوکار، (٢٠٢٢). زمانی کوردی لە ئێران: ڕاستی و ئاواتەکان. هەولێر: دەزگای موکریانی.
١٨. ڕێناس، شاهۆ (٢٠٢٢). پێشنیار بۆ پێشخستنی پەروەردەی کوردی. دهۆك: چاپەمەنی خانی.
١٩. هێمن، ئاکۆ (٢٠٢٣). تەکنەلۆژیا و فێرکردنی زمانی کوردی. سلێمانی: بنکەی توێژینەوەی ستراتیژی کوردستان.

پرۆفایل...

بەسۆز حمەصدیق محمدامین رسول
- ساڵی (١٩٩٨) لە ڕانیە لە دایک بووە.
- دەرچووی باخچەی ساوایانە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت / زانکۆی ڕاپەڕین.
- ئەندامی بەشی پەروەردە لە ڕێکخراوی ژیار.
- مامۆستا لە پەیمانگای شنایا.
- مامۆستا لە ڕێکخراوی ژیار.
- بەشداری کردووە لە چەندان خێوەتگەی پەروەردەیی.
- بەشداری کردووە لە سیمیناری تایبەت بە پەروەردە و پەروەردەی تایبەت و خێزانی و تەندروستی خێزانی.
- ئەنجامدانی سیمیناری تایبەت بە کارگێڕی و بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری و هونەری گوێگرتن و قسە کردن و خولی تایبەت بە ڕاهێنانی مامۆستایان.

رِانانی کتێب..

پوختکردنی کتێبی

ژیانی زانستی لەسەردەمی خیلافە لە ئەندەلوس

الحياة العلمية في عصر الخلافة في الأندلس

(٣١٦-٤٢٢هـ/٩٢٨-١٠٣٠م)

د. سعد عبدالله صالح البشري

پوختکردنەوەی:
بەختیار عەبدوڵڵا حەمەدئەمین
خوێندکاری ماستەر لە مێژووی ئیسلامی:
لەزانکۆی ڕاپەڕین .

ئەم کتێبە ٤٦٤ لاپەڕەیە، نامەی ماستەرە، لە زانکۆی (ام القرى) لە مكە المكرمة، بەشی مێژوو، لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن فەرمانی کردووە چاپ بکرێت. توێژینەوەکە دوو بەشە:

بەشی یەکەم:
لێکۆڵینەوە لە دیارترین چالاکییە زانستییەکان.

لە سێ باس پێکدێت:

باسی یەکەم: گرنگیپێدانی سوڵتانەکان بە زانست:

١- عبدالرحمن الناصر (٣١٦-٣٥٠ ک / ٩٢٨-٩٦١ز) زانستەکانی خوێندووە لەلای زانای بەناوبانگ شەرعزان و فەرموودەناس قاسم بن اصبغ البياني (٢٤٤-٣٤٠ک/ ٨٥٨-٩٥١ز) و گرنگی بە ئەدیبان و زانایان و پزیشک و شەرعزانان داوە و حەزی لە کتێب بووە.

٢- (الحكم المستنصر (٣٥٠-٣٦٦ک/ ٩٦١-٩٧٦ز). ڕێزگرتنی زانایان و ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ئەوەی خۆیان بۆ زانست و توێژینەوەی زانستی تەرخان بکەن لە بوارە جیاوازەکاندا، هەروەها ڕێ خۆشکردن بۆ بەرهەمهێنانی هزریی بەپێی پسپۆڕیی هەر یەکێکیان.

٣- سەردەمی المنصور بن أبي عامر المغافري: شیعر لەسەردەمی المنصوردا گەیشتە چڵەپۆپە، لە کۆشکەکەیدا زانایانی لێهاتوو و ئەدیبانی کارامە کۆدەبونەوە، بەخشندەبوو لەگەڵیان، لەبواری


جامعة أم القرى
كلية الشريعة والدراسات الإسلامية
قسم التاريخ الإسلامي
الحياة العلمية في عصر الخلافة في الأندلس
(٣١٦هـ-٤٢٢هـ/٩٢٨م-١٠٣٠م)
رسالة مقدمة لنيل درجة الماجستير في التاريخ الإسلامي
١٤٠١هـ - ١٤٠٢هـ
١٩٨١م - ١٩٨٢م

زانستی ئاینییش ناوی شەرعزانی بە ناوبانگ أبو مروان المعيطي و أبو عمر أحمد بن عبدالملک و ابن الفرضي و ابن حزم و قازی محمد زرب (٣١٩-٣٨١ک/ ٩٣١-٩٩١ز) دەدرەوشێتەوە، هەموو هەفتەیەک کۆڕی تایبەتی هەبوو بۆ ڕەمزە دیارەکانی هزر لە زانایان و وێژەوانان.

باسی دووەم: گەشتە زانستییەکان و کاریگەری لەسەر ڕابوونی زانستی لە ئەندەلوس:

ئیسلام زۆر هانی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری داوە و پێغەمبەرمان (د- خ) دەفەرموێت (طلب العلم فريضة على كل مسلم)، یەکێک لەو ڕێگایانە بریتییە لە گەشتی زانستی

و گەڕان بە دوای ئەو زانایانەی کە چرای زانست و گەشەکردنی زانستین، لە هەمانکاتدا هۆکارێکە بۆ پێشخستنی شارستانییەت. لە نێوان ئەندەلووس و خۆرهەڵاتدا شەپۆلێکی زانستی بە ڕێژەو هەبوو کە خۆی دەبینییەوە لە کۆمەڵی زانایان کە لە هاتن و چووندابوون لە نێوانیاندا بە شێوەیەک ئەمسەرە و سەریاندەکرد لە هاتووچۆی مێروولەکان دەچوو.

جیهانی ئیسلامی لەو سەردەمەدا یەکەیەکی ڕۆشنبیری بوو و خاوەنی قەوارەیەکی هزری یەکگرتوو بوو، بیروباوەڕی ئیسلامیش یەک ڕەنگی بە هەموو چالاکییەکان دەبەخشی و هەرچەندی نێوانیشیان دووربایە جیاوازی لە نێوانیاندا نەبوو، جیاوازی نەبوو لای ئەندەلوسییەکان مادام خۆرهەڵاتییەکان لە ڕووی شارستانییەتەوە لە پێش ئەوانەوە بوون لە نێویشیاندا زانست بە دوایدا دەڕۆیشتن جا لای عەباسییەکان بوایە لە بەغدا یان لای یان فاتمییەکان لەمیسر ئەوان زانستی خۆیان وەردەگرت، عەیبە و کەم و کوڕی بوو بۆ زانایان گەشت نەکەن لە پێناوی زانستدا، حەج یەکێک بوو لەو گەشتانەی هەم ئایینی و هەم زانستی بوو لە زاناکانی حیجازەوە فێری تەفسیر و قیرائات و فەرموودە و فیقهـ دەبوون. زانایان سوودیان لە ناوەندەکانی زانست وەردەگرت لە قەیرەوان و میسر لە شارەکانی ئەسکەندەرییە و فسطاط و لە قاهیرەش دوای دروستکردنی، ئەو زانایانەی بە دوای زانستی ئایینییەوە بوون ڕوویان لە حیجاز دەکرد ئەوانەی بە دوای زانستەکانی دیکەوە بوون دەهاتن بۆ بەغدا. لەو کاتەدا بەغدا لەبەر ئەوەی چەندین ڕەوتی زانستی جیاوازی لێبوون کە سەرچاوەیان گرتبوو لە شاستانییەتی یۆنانی و هیندی و فارسی ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە زانایانی مسوڵمان بەرهەمی هزری پڕ بەهای خۆیان هەبوو.

> ئەو زانایانەی بە دوای زانستی ئایینییەوە بوون ڕوویان لە حیجاز دەکرد ئەوانەی بە دوای زانستەکانی دیکەوە بوون دەهاتن بۆ بەغدا

یەکێک لەو کەسانەی قامک نیشان بوو شەرعزان إبراهیم بن هارون المصمودي بوو کە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ لە قورتوبە مایەوە بۆ بەدەستهێنانی زانست کە خەڵکی ئیشبۆنە پایەتەختی پورتوگالی ئێستا بوو، هەروەها زانای

گەورە الوليد بن بكر بن مخلد (م٣٩٣ک) بە نموونە دەهێننەوە کە لە پێناوی گەشتی زانستی زۆر ئارامگر و خۆڕاگر بووە، چۆتە میسر و شام و عێراق و حیجاز و خوراسان و ئەودیو ڕووبار گەڕاوە و گوێی لە چەندین شێخ و زانا گرتووە، هەروەها بقي بن مخلد (م٢٧٦ک) بەکتێبی زۆرەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەندەلوس لەبوارەکانی زانست و فیقهـ و مێژوو و ژیاننامە، زانای گەورە زیاد بن عبدالرحمن اللخمي(م١٩٢ک/٨٠٧ز) و دوای خۆی يحيى بن يحيى الليثي توانیان مەزهەبی مالیکی لە ئەندەلوس بڵاوبکەنەوە، هەروەها لە بواری ئەدەبدا قاسم بن ثابت (٢٥٥-٣٠٢ک/٨٦٨-٩١٤ز) گەشتیکرد بۆ خۆرهەڵات و کتێبی العين ی خليل بن أحمدی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ ئەندەلوس کە کتێبێکە لە بواری زمان و زانستەکانیدا و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. شاعیر و ئەدیب عباس ناصح الثقفي لەو شاعیرانەیە گەشتی زانستی کردووە و هەریەکە لە زانایان الأصمعي و حسن بن هانئ ی بینیوە، عبدالرحمن الأوسط متمانەی پێبووە و ڕایسپاردووە بۆ کۆکردنەوەی کتێبی زانستی دەروونی و ئەویش بەباشی ئەو کارەیکردووە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی زانستی هەبووە لە ئەندەلوس. زانای ئەندەلوسی فرج بن سلام هەندێک لە کتێبەکانی ئەدیبی خۆرهەڵاتیی جاحظی هێنایە ئەندەلوس کە لە عێراق پێیگەیشت و زانستی لێوە فێربوو.

گرنگیپێدانی ئەندەلوسییەکان بە کتێب:

قورتوبە پلەی یەکەمی گرتبوو خەڵکەکەی زۆر بە گرنگییەوە لە کتێبیان دەڕوانی، یەکێک لە زانایانی ئەندەلوس دیاردەی زانستیی خەڵکی قورتوبە بەمشێوەیە وێنا دەکات: «خەڵکەکەی زۆر گرنگی بە کتێب دەدەن، کتێب لەلایان هۆکاری دامەزراندن و سەرۆکایەتییە بەجۆرێک سەرۆکەکەیان کە هیچ نازانێت بەهۆی ئەوەی کتێبخانەی هەیە ئاهەنگ دەگێڕێت،

> یەکێک لەو کەسانەی قامک نیشان بوو شەرعزان إبراهيم بن هارون المصمودي بوو کە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ لە قورتوبە مایەوە بۆ بەدەستهێنانی زانست کە خەڵکی ئیشبۆنە پایتەختی پورتوگالی ئێستا بوو

تاوای لێهاتبوو دەگوترا فلآن گەنجینەی کتێبی نییە، یان فلآن کتێب کەس نییەتی...»

زانایانی ئەندەلووس پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەبوو هەم لەلای سوڵتان و هەم لەلای خەڵکی بە گشتی، ئەوانەی نەیان دەتوانی فێربن و زانین بەدەست بهێنن لاسایی زانایانیان دەکردەوە لە گرنگیدان بە کتێب و پارێزگاری لێکردنی و ماڵەکانیان بە کتێب دەرازاندەوە بۆ ئەوەی پێگەیان لە ناو خەڵک بەرز ببێتەوە و پێیان بگوترێت خاوەنی زانیارییە، یان هیچ نەبێت بڵێن فلآن کەس زانستی خۆش دەوێت.

تەنها لە غەرناتە جگە لە کتێبخانەی تایبەتی ٧٠ کتێبخانەی گشتی هەبوو.

تەنها لە غەرناتە جگە لە کتێبخانەی تایبەتی ٧٠ کتێبخانەی گشتی هەبوو

لەنێوان شارەکانی ئەندەلووسدا پێشبڕکێ هەبوو لەسەر ئەوەی کامیان زیاتر خاوەنی زانست و زانیارین، پاشای مەغریب المنصور یعقوب گفتوگۆ دیبەیتیکی زانستی ساز دەکات بۆ هەردوو زانا ابن رشد و ابن زهر هەریەکێکیان دەیەوێت گەورەیی شارەکەی خۆی دەربخات بەسەر شارەکەی دیکەدا، ابن زهر هەوڵ دەدات گەورەیی و پێشکەوتنی ئیشبیلیە کە شوێنی لە دایکبوونی بوو بدات بەسەر شاری غەرناتەدا ابن رشد وەڵامی دایەوە و پێی گووت « کاتێک زانایەک لە ئیشبیلییە دەمرێت و بمەوێت کتێبەکانی بفرۆشم دەیانبەم بۆ قورتوبە، وە ئەگەر هونەرمەندێک لە قورتوبە بمرێت و بمەوێت ئامێرەکانی بفرۆشم دەیانبەم بۆ ئیشبیلییە» سەرەڕای ئەوەی ئەو گفتوگۆیە لەسەردەمی موەحیدیندابووە لە سەدەکانی شەش وحەوتی کۆچی بەڵام بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورتوبە دوای دوو سەدە لەوەی پێیگەیشتبوو لە گەشکردنی زانستی هێشتا ڕۆڵی خۆی لە دەست نەداوە.

لە ئەندەلووس تەنها مسوڵمانەکان گرنگییان بە کتێب نەدەدا بەڵکو مەسیحییەکانیش هەمانکاریان دەکرد، مطرانی قورتوبە الغارۆ لەسەدەی سێی کۆچی/نۆی زایینی نووسیویەتی: "هەموو ئەو کریستیانانەی کە بە زیرەکی جیادەکرانەوە، زمانی عەرەبی و ئەدەبیاتیان دەزانی، بە شەیدایی و خولیایەکی زۆرەوە کتێبەکانی عەرەبییان دەخوێندەوە و سەرنجیان دەدا، هەروەها بە خەرجییەکی زۆر و قورس، کتێبخانەی گەورەیان لەو کتێبانە کۆدەکردەوە. هەر لەڕووی گرنگیپێدانی

کتێب خەلیفە الحكم المستنصر گرنگییەکی بێسنووری بە کتێب داوە، چەندین نووسەرەوەی کتێبی هەبوون و لەبەر کتێبە گرنگەکانیان گرتۆتەوە وەکو استنساخی ئێستا، نوێنەری ناردووە بۆ هەموو وڵاتانی ئیسلامی بە دوای کتێب لە هەموو بوارەکاندا. لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەش خەلیفە نەخشەی دانا بۆ دروستکردنی کتێبخانەیەک بۆ فێرخوازانی زانست و زانیاری، لە باوکیەوە عبدالرحمن الناصر کتێبی دەگمەن و بە نرخی بۆ بەجێمابوون کە بوو بە بنچینە بۆ کتێبخانەیەکی مەزن لە هەموو ناوەندە زانستییەکان و جیهانی ئیسلامیدا ناوبانگی هەبوو، نموونەیەکی باڵا بوو بۆ گەشەی زانست و چالاکی هزری و بە گەورەترین گەنجینەی کتێب دادەنرێت لە ئیسلامدا و هاوشانی گەنجینەی کتێبی عەبباسییەکان بوو لەبەغدا و گەنجینەی کتێبی فاتمیەکان بوو لە قاهیرە. ئەو کتێبخانەیە تەنها ناونیشانەکانی پێکهاتبوو لە ٤٤ بەرگ و هەر ناونیشانێکیش ٥٠ لاپەڕە بوو، ابن حزم لە بارەی ئەو کتێبخانەیەوە دەڵێت: ”ئاستی ڕێکخستنی ئەو کتێبخانەیە بەجۆرێک بوو کە بەپێی بابەت پۆلێن کرابوو؛ واتە هەر بابەتێک فەهرست و ڕێبەری تایبەت بە خۆی هەبوو.“ المنصور کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو کە نووسەری بلیمەت محمد بن عبدالرحمن بن معمر اللغوي القرطبي (م٤٢٣/١٠٣١ز) سەرپەرشتی دەکرد، ئەم کەسایەتییە شارەزایی لە نووسینەوەی کتێب و هەڵەچنی و بەراوردی نێوان کۆپیەکانی کتێب و لێهاتوویی لە مێژوودا هەبوو و کتێبێکشی داناوە لەسەر مێژووی عامریەکان.

یەکێک لەو چاکانەی شارستانییەتی ئیسلامی لە ئەندەلووس هەیەتی بەسەر ئەورووپاوە بریتییە لەپیشەی دروستکردنی کاغەز، ئەندەلووس بە تایبەتی شاری شاطبة بەناوبانگ بوو بە دروستکردنی کاغەزی نایاب

- سەرهەڵدانی پیشەسازیی کاغەز دروستکردن لە ئەندەلووس:

یەکێک لەو چاکانەی شارستانییەتی ئیسلامی لە ئەندەلووس هەیەتی بەسەر ئەورووپاوە بریتییە لەپیشەی دروستکردنی کاغەز، ئەندەلووس بە تایبەتی شاری شاطبة بەناوبانگ بوو بە دروستکردنی کاغەزی نایاب، لەبەر نایابی ناوبانگی هەبوو لە جیهانی ئیسلامیدا، لەو شارەدا

کارگەی گەورەی کاغەز دروستکردن هەبوو لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی و بۆ سەدەی دواتر ئەو پیشەسازییە گواسترایەوە بۆ شاری طليطلة، لە بارەی لێهاتوویی خەڵکی شاطبة لە دروستکردنی کاغەزی نووسیندا یاقوتی حموی دەڵێت: "ئەو شارێکی گەورە و دێرینە، کە کۆمەڵێکی زۆر لە زانا و مرۆڤە بەفەزڵەکانی لێ هاتووەتە دەرێ، هەروەها کاغەزی کوالێتی بەرز و باشی تێدا دروست دەکرێت و لەوێوە بۆ هەموو شارەکانی تری ئەندەلوس دەگوازرێتەوە".

لەئەنجامی دروستکردنی کاغەزی نووسین لە جیهانی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە جیهانی ئیسلامیدا، کۆمەڵێک دەرکەتن کە دەستیانکرد بە پیشەی لەبەرگرتنەوەی کتێب و بەرگ تێگرتنی و بازرگانی پێوەکردنی، ئەو کەسانە پێیان دەگوترا (الوراقون) کە دەستێکی پڕشنگداریان هەیە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، ئەوەی دەربارەی لەبەرگرەوەکانی کتێب لە ئەندەلووس زانراوە ئەوەیە باشترین لەبەرگرەوە و شارەزاترین کەسن لەو بوارەدا. وەکو نموونە یوسف بن محمد الهمدانی (م٣٨٣ک/٩٩٣ز) هەستا بە لەبەرگرتنەوەی تەفسیری قورئان و مێژووی طبری و تمیزی الهمدانی بە خەتی جوان و ڕازاوە. ئەو کەسانەی کاری لەبەرگرتنەوەی کتێبیان دەکرد پێگەیەکی بەرزیان لە کۆمەڵگەی ئەندەلوسیدا هەبوو و کەسانی دەوڵەمەند بوون و کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لە گەشەپێدانی زانست و زانیاری و پێشکەوتنی شارستانی، ئافرەتانیش لەو بوارەدا ڕۆڵیان بینیوە، خەلیفە عبدالرحمن الناصر نووسەرێکی ئافرەتی هەبوو ناوی (مرنة) بوو، بە لێهاتوویی و شارەزایی لەنووسین و خەتخۆشی پێناسە دەکرێت، هەروەها خەلیفە الحکم المستنصر نووسەرێکی ئافرەتی هەبوو ناوی (لبنى) بوو ناسراوە بە لێهاتوویی و شارەزایی لە نووسین و ئەدەبزانی بەشێوەیەک ابن بشکوال لە پێناسەیدا دەڵێت : "لە کۆشکی ئەواندا -واتە خەلیفەکان-

چالاکی زانستی
بە تەنها لە پیاواندا
کورت هەڵنەهاتبوو
ئافرەتانیش بەشداری
قەوارەی زانستی
ئەندەلووسیان دەکرد
نەک هەر لە بواری
لەبەرگرتنەوەی کتێبدا
بەڵکو لە گەشەپێدانی
زانست و ئەدەبیشدا
ڕۆڵیان هەبوو

لە ئەو بەرزومەزنتر و بەرێزتر نەبووە؛ شارەزایەکی لێهاتووی زانستی عەرووز (کێشی شیعر) و خۆشنووسێکی زۆر دەسترەنگین بووە.، چالاکی زانستی بە تەنها لە پیاواندا کورت هەڵنەهاتبوو ئافرەتانیش بەشداری قەوارەی زانستی ئەندەلووسیان دەکرد نەک هەر لە بواری لەبەرگرتنەوەی کتێبدا بەڵکو لە گەشەپێدانی زانست و ئەدەبیشدا ڕۆڵیان هەبوو. یەکێک لە نووسەرە خۆرئاواییەکان لەو بارەیەوە دان بەڕاستیدا دەنێت و دەڵێت : ”لەو کاتەی کە شارەکانی تری ئەورووپا لە ناو چڵک و دواکەوتوییدا دەتلانەوە، ئیسپانیا (ئەندەلوس) لە سایەی شارە خاوێن و ڕێکخراوەکانیدا دەژیا کە شەقامەکانی قیرتاوکرابوون و ڕووناککرابوونەوە؛ تەنها شاری قورتوبە دەیتوانی شانازی بە نیو ملیۆن دانیشتووان، حەوتسەد مزگەوت، سێسەد حەمامی گشتی، حەفتا کتێبخانەی گشتی و ژمارەیەکی زۆر لە دوکانی وەرەقفرۆش و دەستنووسنووسەکانەوە بکات“.

> توێژەرانی هاوچەرخ ئاماژە بە هەوڵی خەلیفە عبدالرحمن الناصر دەکەن لەو بوارەدا کە لە سەردەمی خۆیدا لە قورتوبە ٨٠ قوتابخانەی زانستی هەبووە. خەلیفە الحکم المستنصر فەرمانیکرد بە دروستکردنی ٢٧ کتێبخانە

- ناوەندەکانی فێرکردن لای ئەندەلووسییەکان:

مزگەوتی قورتوبە پێگەیەکی زانستی گەورەی بۆ ڕکابەری هەبوو، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو، کۆڕی زانستی وانەخوێندنی تێدا ئەنجام دەدرا، فێرخوازان لەو مزگەوتەدا زانستی ئایینی و ئەدەبی و مێژوویی و جوگرافیا و گەردوونناسی و پزیشکی و بیرکاری و زانستەکانی دیکەیان تێدا دەخوێندن. زۆرێک لە نووسەرانی هاوچەرخ تایبەتمەندێتی زانکۆیان بە مزگەوتی قورتوبە بەخشیوە، ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی تۆمس ارفنج دەڵێت: خەلیفە الحکم المستنصر هەوڵی سەرکەوتووی زۆریداوە لە پێناوی گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆی قورتوبە. لەو مزگەوتەدا زانای گەورە و بەتوانا وانەیان گووتۆتەوە، زانستخوازان لە هەموو شوێنێکەوە ڕوویان تێکردووە لە جیهانی ئیسلامی و مەسیحی

بەبێ جیاوازی لە ژینگەیەکی تەژی لە لێبوردەیی و خۆشەویستی لەلایەن مسوڵمانانەوە، هەر لە مزگەوتی قورتوبەدا شوێنی گەرم و پڕ ڕایەخی گەرم و نایابی لە لۆکە دروسکتراو ڕاخراوە بۆ کەشی سەرما و خواردنی تازە و خۆشی وەکو گۆشتی بەرخ بەزەیتی تازە ئامادەکراو و پەنیر و کەرە و خواردنی باش بەقوتابییەکان دراوە، زاناکانیش دەوڵەندبوون و خۆش ژیاون.

جگە لە مزگەوتی قورتوبە و مزگەوتی زەهراء لەشارەکانی دیکەشدا مزگەوتەکان هەمان ڕۆڵیان گێڕاوە هەروەها ئافرەتانیش ڕۆڵیان هەبووە و خزمەتیانکردووە و وانەیان گووتۆتەوە وەکو ئەدیبی بەتوانا مریم بنت یعقوب الفصولی ئافرەتانی فێرکردووە و لە ڕووی خووڕەوشت و شەرم و شکۆ و داوێن پاکی وانەی پێگووتوون، تاوەکو تەمەنی گەیشتە حەفتا ساڵ لە ئیشبیلیە. ابن خەلدون دەیگێڕێتەوە کە زانای پایەبەرز أبابکر بن العربی پەیڕەوێکی نوێی دانابوو بۆ فێرکردن، فێرکردنی زمانی عەرەبی و شیعر لە سەروو هەموو زانستەکانەوە بۆ شارەزابوون لە زمانی ڕەسەنی عەرەبان بۆ ئەوەی زمانی منداڵان پاراو بێت، دواتر فێربوونی ژماردن، دواتر قورئانی پیرۆز و بنچینەکانی ئایین و فیقهـ و دواتر زانستەکانی فەرمووده. توێژەرانی هاوچەرخ ئاماژە بە هەوڵی خەلیفە عبدالرحمن الناصر دەکەن لەو بوارەدا کە لە سەردەمی خۆیدا لە قورتوبە ٨٠ قوتابخانەی زانستی هەبووە. خەلیفە الحکم المستنصر فەرمانیکرد بە دروستکردنی ٢٧ کتێبخانە کەسێ دانەیان پەیوەستبوون بە مزگەوتی گەورەی قورتوبە و زانا و شەرعزانانی دیاریکردن بۆ وانە گووتنەوە بە منداڵان لەو کتێبخانانەدا و مووچەشی بۆ بڕینەوە، بەزیادەوە هەوڵی فێرکردنی منداڵی مسوڵمانانی دەدا.

لەو سەردەمەدا جیاوازی زۆربوو لە نێوان ئەوروپا و ئەندەلووسدا، ئەوروپییەکان لە تاریکیدا بوون و ئەندەلوسییەکانیش مەشخەڵێکی بڵێسەدار بوون بە ڕووناکی زانین، منداڵێکی ئەندەلووسیت نەدەبینی تەمەنی گەیشتبێتە هەژدە ساڵ و فێری زانستی تەواو نەبووبێت، لە کاتێکدا لە ئەوروپا کەمینەیەکی کەم لە ڕاهیبەکانیان نووسین و خوێندنەوەیان دەزانی.

خۆرئاواییەکان دەیانزانی عەرەبە مسوڵمانەکانی دراوسێیان لە ئەندەلووس لە چ ئاستێکی شارستانی بەرز و درەوشاوە و زانستیی گەورە و

پڕشنگداردا دەژین، سەرسامی خۆیان نەشاردۆتەوە ئەوەتا زیگرید زینکە باسی قورتوبە دەکات لە سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی و دەڵێت : شاری قورتوبە سەروەری شارستانییەت و گەورەترین شاری ئەورووپا بوو؛ بەهۆی ئەو هەموو دەرکەوتە گەشاوانەی لە ڕووی هزری و ئاوەدانییەوە تێیدا بوو؛ بە جۆرێک (١١٣,٠٠٠) ماڵ، (٦٠٠) مزگەوت، (٣٠٠) حەمام، (٨٠) قوتابخانەی باڵا، و (٢٠) کتێبخانەی تێدا بوو کە دەیان هەزار کتێبیان لەخۆ گرتبوو».

بەشی دووەمی توێژینەوەکە بۆ چوار باس دابەشکراوە:

باسی یەکەم: زانستە ئاینیی و مرۆڤایەتی وسروشتییەکان:

خاڵی یەکەم: زانستی قورئان و فیقهـ و فەرمودە و تەفسیر..:

زانستی قورئان: کاتێک بزووتنەوەی زانستی بە شێوەیەکی بەرفراوان گەشەیکرد و بوارە جیاوازەکانی زانستی گرتەوە، زانستەکانی قورئانیش پشکێکی زۆری بەرکەوت، زانای بلیمەت غازی بن قیس کە یەکێکە لە زانایانی سەردەمی میرنشین

زیگرید زینکە باسی قورتوبە دەکات لە سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی و دەڵێت : شاری قورتوبە سەروەری شارستانییەت و گەورەترین شاری ئەورووپا بوو؛ بەهۆی ئەو هەموو دەرکەوتە گەشاوانەی لە ڕووی هزری و ئاوەدانییەوە تێیدا بوو؛ بە جۆرێک (١١٣,٠٠٠) ماڵ، (٦٠٠) مزگەوت، (٣٠٠) حەمام، (٨٠) قوتابخانەی باڵا، و (٢٠) کتێبخانەی تێدا بوو کە دەیان هەزار کتێبیان لەخۆ گرتبوو

گەشتیکرد بۆ خۆرهەڵات و زانستی قراءات ی لە زانای بلیمەت نافع المدنی وەرگرت. چەندین زانا لە بواری قراءات دەرکەوتن و کاریگەرییان هەبوو، ئەو زانایانە پێگەیەکی بەرزیان لە کۆمەڵگەی ئەندەلووسیدا هەبوو بەهۆی ئەوەی لەلایەکەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ قورئان هەبوو، لەلایەکی دیکەوە ڕۆڵێکی پەروەردەییان هەبوو لە فێرکردنی منداڵانی مسوڵمانان

لـه ڕووی خوێندنـەوەی قورئـان بـە شـێوەیەکی ڕاسـت کـە تێگەیشـتنی دروسـت و درکپێکـردنی دروسـتی واتـاکانی قورئانیـان بـۆ مسـۆگەر دەکات.

زانستی فقه: مەزهـەبی بـڵاو لـە ئەندەلـوس بریتـی بـوو لـە مەزهـەبی ئەوزاعـی، کـە لەسـەر دەسـتی صعصعة بـن سـلام (م١٩٢ک/ ٨٠٧ز) بڵاوبۆتـەوە، صعصعة لـە سـەردەمی عبدالرحمـن الداخـل چۆتـە ئەندەلـوس و پۆسـتی موفتـی پێسـپێردراوە. دواتـر بـوو بـە مەزهـەبی مالیکی لەسەردەستی زانـای ئەندەلـوسی زیاد بـن عبدالرحمن اللخمـي (م١٩٩ك/ ٨٠٤ز)، ئـەو شـەرعزانە لـە قورتوبـە لـە دایکبـووە و سـەرەتای زانسـتەکانی هـەر لـەو شـارە وەرگرتـووە، بەمەبەسـتی گەشـتی حـەج سـەردانی مەدینـەی کـردووە بـەو پێـوەرەی سـەرچاوەی ڕەسـەنی ڕۆشـنبیری ئیسـلامییە، لەوێ گەیشـتووە بـە امـام مالـک کـە ئیمامـی دار الهجـرة بـووە، (موطـأ) کـە کتێبـی بەناوبانگـی امـام مالکـە لێیـەوە ڕیوایـەت دەکـات و زانسـتی زۆری لـە بـواری شـەرعزانی لێـوە فێـر دەبێـت، دواتـر دەگەڕێتـەوە بـۆ نیشـتمانەکەی و مەزهـەبی مالکـی بـڵاو دەکاتـەوە و قوتابیەکانیشـی فێـر دەکات، دواتـر توێـژەر نـاوی چەنـد زانایەکـی دیکـەشی هێنـاوە کـە ڕۆڵیـان لەبڵاوکردنـەوەی مەزهـەبی مالیکیـدا هەبـووە لـە ئەندەلـوس. لـە پێشـەنگی ئـەو شـەرعزانانە لەسـەردەمی خیلافەتـدا محمـد بـن یحیـی بـن عمـر بـن لبابـة (م٣٣٠ک/٩٤١ز) مەزنتریـن شـەرعزان بـوو لـە ڕووی زانسـتی فـراوان و پەیبردن بـە بابەتـە فیقهیـەکان و ڕووکارە جیـاوازەکانی، موفتیـەکان پشـتیان پێدەبەسـت، کتێبـی (المنتخـب) ی داناوە لەسـەر پەیڕەوی مالکـی، ابن حزم لـە بـارەی گەورەیی ئـەو کتێبەوە قسـەی کـردووە. یەکێکـی دیکە لە هـۆکارەکانی گەشـەکردنی خوێنـدنی فیقهـی لـە ئەندەلـووس بریتـی بـوو لـە جیاوازیـی زانایـان لـە تەفسیر و لێکدانـەوەی بابەتە فیقهییـەکان، ئەمـەش وایکـرد هەندێـک لـە شـەرعزانەکان خەریکـی لێکۆڵینـەوە بـن لـە بـواری ڕاجیایـی و دەرخسـتنی ڕای دروسـت و تـەواو، لـەو بـوارەدا وەکـو محمـد عبداللـه بـن ابراهیـم الأصیلـی (م٣٩٢ک/١٠٠١ز) کتێبێکـی نـووسی بەناوی (الدلائـل فـی اختلاف العلـماء) لەلایـەن زانایـانی سـەردەمی خـۆی پێشـوازییەکی گـەرمی لێکـرا. زانـای بەناوبانگ و کاریگـەر ابن حزمی ئەندەلوسـییە کـە بنـەڕەتی فارسـە، لـەلای زۆرێک لە زانایـان خوێندوویەتی

لە بواری فەرموودە و ژیربێژی و ئەدەب دا. ابن حزم بە گەورەترین زانای ئیسلام دادەنرێت کە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانست کتێبی نووسیوە، لەدوای طبری زۆرترین کتێبی نووسیوە لە بوارە جۆربەجۆرەکان و ژمارەیان چوارسەد بەرگ کتێب هەژمار کراوەکە دەکاتە نزیکەی ٨٠,٠٠٠ لاپەڕە، سەرەتا پەیڕەوکاری مەزهەبی شافیعی بووە بەڵام دواتر چۆتە سەر مەزهەبی زاهیری کە کاری بە واتای دیاری قورئان دەکرد و دەیگوت قورئان واتای شاراوەی نییە.

هەروەها توێژەر تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کە زانای دیکەش هەبوون کە پەیڕەوی مەزهەبەکانی دیکەیان کردووە لە ئەندەلوس وەکو مەزهەبی شافیعی و زاهیری، لەو زانایانە: قاسم بن محمد (م ٢٧٧ک/ ٨٩٠ز) کە شەرعزانێکی شافیعی مەزهەب بووە. هەروەها عبدالله بن محمد بن قاسم (م ٢٧٢ک/ ٨٨٥ز) شوێنکەوتەی مەزهەبی زاهیری بووە و لەسەر دەستی دامەزرێنەری مەزهەبەکە أبی داود سلیمان الأصفهانی لە خۆرهەڵات وانەی خوێندووە و فێر بووە و دواتر گەڕاوەتەوە ئەندەلوس بەڵام سەرکەوتوو نەبووە تێیدا.

زانستی فەرموودە: کۆکردنەوە و ڕێکخستنی فەرموودە، گەشتی زانستی پیاوانی فەرموودە بۆ خۆرهەڵات ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە ڕابوونی زانستی فەرموودە و چالاکبوونی خوێندن و لێکۆڵینەوەی، گەشتی بقی بن مخلد لە سەردەمی میرنشینیدا خاڵی وەرچەرخانە لە بزووتنەوەی ئایینی لە نێویاندا فەرموودە. زانایانی فەرموودە زۆرترینی خەڵکین کە گەشتیان بۆ بە دەستهێنانی زانست کردووە، لەو ڕێیەشدا تووشی ئاستەنگی و ناڕەحەتی بوون بە دوای کۆمەڵێک فەرموودەدا یان بەدوای تاکە فەرموودەیەکدا. لە پێشەنگی زانایانی فەرموودە لە سەردەمی خیلافەت فەرموودەناس یحیی بن

ابن حزم بە گەورەترین زانای ئیسلام دادەنرێت کە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانست کتێبی نووسیوە، لەدوای طبری زۆرترین کتێبی نووسیوە لە بوارە جۆربەجۆرەکان و ژمارەیان چوارسەد بەرگ کتێب هەژمار کراوەکە دەکاتە نزیکەی ٨٠,٠٠٠ لاپەڕە

مالـك بـن عائـذ (م٣٧٥ك/٩٨٥ز) گەشـتی بـۆ خۆرهـەڵات کـردووە و چۆتـە عێـراق و وڵاتـانی دیکـەش، گوێـی لـە زیاتـر لـە ٧٠٠ زانـا گرتـووە، مـاوەی گەشـتەکەی٢٠ سـاڵی خایانـدووە، دواتـر بـە زانستێکی فراوانـەوە گەڕاوەتـەوە بۆ ئەندەلـووس، کـۆڕە زانسـتییەکانی لـە بەناوبانگتریـن کـۆڕە زانسـتییەکانی قورتوبـە بـوو. یەکێکـی دیکـە لـە بەڵگـەکانی ڕابـوونی زانسـتی ئەندەلـووس خـۆ تەرخانکـردنی خەڵکی بـوو بۆ زانست بـە دڵسـۆزی دەرکەوتنـی خێـزانی زانسـتی بـوو، بـە ناوبانگتریـن خێزانیش لـە بـواری زانسـتی فەرمـوودە خێـزانی الباجـی بـوون لـە ئیشبیلییە، مەزنتریـن خێـزان و بنەماڵـە بـوون کـە هەوڵێکـی زۆری زانسـتیی بەرهەمداریانـداوە. لەزانایـانی ئـەو بنەماڵەیـە عبداللـە بـن محمـد بن علی بن شریعة اللخمی (٢٩١-٣٧٨ک/٩٠٣-٩٨٨ز) بـە ابـن باجـی نـاسراوە، لـەو زانـا کەمانەیـە کـە فەرموودەیـان لەبـەر بـووە، لـە ئیشـبیلییە زانسـتی وەرگرتـووە دواتـر گواسـتوویەتیەوە بـۆ قورتوبـە و لـە مزگـەوتی گـەورە وانـەی گوتۆتـەوە، ئافرەتەکانیشـیان بەتوانـا و هەڵکەوتـوو بـوون و خزمـەتی زانستیان کـردووە، فاطمـة محمـد بـن علـی خوشـکی فەرموودەنـاس عبداللـە بـن محمـد بـن علـی کـە پێشـتر ناومـان هێنـا، ئـەو ئافرەتـە شـەرعزانە لەگـەڵ براکـەی زانسـتی لـە زانـاکان وەرگرتـووە و مۆڵـەتی زانسـتیشی وەرگرتـووە. أبـو عبدالرحمـن بقـي بـن مخلـد گـەورەی زانایـانی قورتوبـە (م٢٧٦ک/ ٨٨٩ز) لێهاتـوو و شـارەزابووە لـە زانسـتی فەرمـوودە و تەفسـیر، لـە هەمـوو ئـەو زانسـتانەش کتێبـی دانـراوی هەیـە. ابـن الفـرضي لـە بـارەی أبـن مخلـدەوە دەڵێـت: ئیبن مەخلـەد بـەردەوام بـوو لـەوەی کـە هەمـوو ئەندەلووسـی پڕکـرد لـە فەرمـوودە و گێڕانـەوە زانسـتییەکان.»هەروەها ابـن الفـرضي دەڵێـت: «وێنـەی نەبـووە و کـەس بـە ئاسـتی ئـەو کتێبـی دانەنـاوە و پلە بەندیـی نەکـردوون»، لـە بارەیـەوە شـێخ أبـو اسـحاق الحوینی دەڵێـت: «٣٤سـاڵ بەپـێ ڕۆیشـتووە بەبـێ ئـەوەی سـواری پشـتی هیـچ وڵاخێـک بووبێـت بـە دوای فەرمـوودەدا»؟

زانسـتی تـەفسیر: لەپێشـەنگی ئـەو لێکۆڵینەوانـە لـە بـواری زانسـتی تەفسـیر، زانـای بلیمـەت بقـی بـن مخلـد کـە پێشـتر لـە سـەردەمی میرنشـین ئاماژەمـان پێکـرد تەفسیرێکی دانـاوە، زانـای دانسـتە و هەڵکەوتـوو

ابن حزمی ئەندەلووسی لە ستایشیدا دەڵێت: ئەمە ئەو کتێبەیە کە بەبێ هیچ گومان و بەدەرکردنێک، بە بڕیارێکی تەواوەوە دەڵێم: لە مێژووی ئیسلامدا هیچ تەفسیرێکی هاوشێوەی ئەمە نەنووسراوە، تەنانەت تەفسیری محەممەدی کوڕی جەریری تەبەری و تەفسیرەکانی تریش ناگەنە ئاستی ئەم.

خاڵی دووەم: ئەدەب وزمانەوانی و ڕێزمان:

ئەدەب و زمان و (النحو) لە دوای زانستە ئاینییەکان پلەی دووەمی گرتبوو، ژیاننامەی زۆرینەی زاناکانی ئەندەلووس لە تێکڕای بوارەکانی زانست بریتییە لەوەی ژیانیان پێناسە دەکرێت بە جۆرێک لەجۆرەکانی ئەدەب و شارەزاییان تێیدا وەکو ڕەوانبێژی یان شیعر، پێشەنگی ئەو زانایانە شەرعزان عبدالملک بن حبیبە سەرەڕای ئەوەی شەرعزان و فەرموودەناس و ئەدیبێکی لێهاتووش بووە، هەروەها ابن مخلد هەمان خەسڵەتی تێدابوو، ئەندەلوسییەکان بەشیعر و ڕەنگدانەوەی شیعری دەناسرانەوە بە جۆرێک وەکو ئەوە وابوو هەموویان شاعیر بن، شیعر بووبوو بە دیاردەیەک لە ناو تێکڕای خەڵکی ئەندەلووس و لەسەر زمانی هەموو کەسێک بوو، چەندین زانای بەناوبانگ هەبوون لە بواری ئەدەبیات و زمانەوانی، وەکو عباس کوڕی فرناس کە پێناسە دەکرێت بە ئەدیب و شاعیر.

دوای ئەوەی بزووتنەوەی زانستی لە ئەندەلووس پەرەی سەند، شتێکی ئاساییە پانتایی پەخشانی هونەری پشکێکی گەورەی لەگرنگیدان پێ ببڕێت، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەری ڕەوانبێژ دەرکەوتن کە ئەو بوارەیان بە شاکارە ئەدەبییەکانیان دەوڵەمەند کرد. نامەنووسین لای ئەندەلووسییەکان پێگەیەکی بەرزی هەبوو و نامەنووس ڕێزلێگیراو بوو لەلایان، لە سەردەمی میرنشینەکاندا ئەمیرەکان نووسەری تایبەتییان هەبوو، نووسەری نامە ئەرکەکانی زۆرتربوون، عبدالرحمن الناصر ساڵی ٣٣٤ک چوار نووسەری هەبوون و نازناوی وەزیرشی پێدابوون، هەروەها نووسەرێکی ئافرەتیشی هەبوو بەناوی مزنة (م٣٥٨ک/٩٦٨ز)، کە نووسەرێکی ئەدەبی شارەزا و خەتخۆشێکی بەتوانا بوو. ئەندەلووسییەکان ئەوەندە گرنگییان بە ئەدەب دەدا بووبوو بە نایابترین زانست لەلایان، زۆرینەی زانایانی

ئەندەلووس بە پسپۆڕییە جیاوازە زانستییەکانەوە شارەزای ئەدەبیات و شیعر هۆنینەوە بوون. نەک هەر مسوڵمانەکان مەسیحییەکانی ئەندەلووسیش خەریکی خوێندنی زمان و ئەدەبی عەرەبی بوون، احمد امین دەڵێت: ئەندەلووسییەکان زۆرترین بەرهەمیان لە بواری ئەدەبدا بووە، یەکێک لەو کەسە ئەدیب و شاعیرە گەورانەی ئەندەلووس کە زۆر بەناوبانگە (ابن عبد ربه) یە، (٢٤٦-٣٢٨ک/٨٦٠-٩٣٩ز) خاوەنی کتێبی (العقد الفرید)ە، کتێبێکی بەناوبانگی ئەدەبییە. شیعر لای ئەندەلووسییەکان پێگەی زۆر بەرزە، سروشتی ئەندەلووس زۆر دڵڕفێنە، ڕووباری جوان و شاخی سەوز و پڕ دار و درەخت بەهەشتێکە لەسەر دنیا و وەسفی ئاسان نییە، ئەم هۆکارە وایکردووە خەڵکەکەی سروشتێکی شیعری و ئەدەبییان هەبێت، دەگێڕنەوە لە شاری شلب دا بە زەحمەت کەسێکت دەدۆزییەوە شیعر نەڵێت. جگە لە پیاوان ئافرەتانیش بەشداربوون لە گەشەپێدانی شیعردا، وەکو صفیة بنت عبدالله الربیعي (م٣١٧ک) کە بە ناوبانگ لە ئەدەب و لێهاتوویی لە شیعردا ناسراوە.

> نەک هەر مسوڵمانەکان مەسیحییەکانی ئەندەلووسیش خەریکی خوێندنی زمان و ئەدەبی عەرەبی بوون

النحو و زانستی زمان:

سەرەتای خەریکبوونی ئەندەلووسییەکان بە النحو پشتیان بە خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی و دەقی ئەدەبی بەستبوو بۆ ئەوەی کتێبەکانی النحو بەکار بێنن، ئەمەش وایلێکردن النحو بخوێنن و بەقووڵی ئیشی لەسەر بکەن، ئەو کتێبە نەحوییانەی بەناوبانگ بوون لەلایان: الکسائی (م ١٨٨ک/ ٨٠٤ز)، سیبەوەیهی (م١٧٧ک/٧٩٣ز).

هەروەک چۆن گەشتە زانستییەکان ڕۆڵیان هەبوو لەگەشەپێدانی زانستەکان بە گشتی بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر گەشەکردنی لێکۆڵینەوە و خوێندنی النحو و زمانەوانیش هەبوو. زانای پایەبەرز مفرج بن مالک ڕاڤەیەکی بەسوودی بۆ کتێبەکەی الکسائی کردووە. زانایانی النحو و زمانی عەرەبی پێگەیەکی بەرزیان لە دەرباری خیلافەت و کۆمەڵگای ئەندەلووسیدا هەبوو، خەلیفە و ئەمیرەکان هەوڵیان

دەدا زانایانی بواری زمان لە خۆیان نزیک بکەنەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان پەروەردەیەکی زانستی بکەن. عباس بن ناصح لە ڕێگەی گەشتەکانی بۆ ڕۆژهەڵات زانستی زۆری بە دەستهێناوە، لەگەڵ زانیاری کەڵەکەبووی لە زانستەکانی زماندا کۆکردۆتەوە و گەیشتووە بە زۆرێک لە زانایانی بەسرە و کوفە و زانستی زۆری لێوەرگرتوون. محمد بن یحیی ناسرا و بە بالقلفاط (م٣٠٢ک/ ٩١٤ز) سەرەڕای ئەوەش لە شیعریشدا زۆر کارامە و لێهاتوو بوو.

سێیەم: زانستە مرۆڤایەتییەکان:

مێژوو و جوگرافیا

لە پێشەنگی زانستە مرۆڤایەتیەکانن، مێژوو لای مسوڵمانان لە باوەشی فەرموودەوە پێگەیشتووە، ئەویش بەهۆی سووربوونی زانایانی مسوڵمان لەسەر ڕاستی و دروستی فەرموودەکان، ئەمەش هانیدان بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاویەکان و زانینی ژیاننامەکانیان و پێشرەویکردن بۆ گۆڕەپانی مێژوو و وەرگێڕان.

مێژوو لای مسوڵمانان لە باوەشی فەرموودەوە پێگەیشتووە، ئەویش بەهۆی سووربوونی زانایانی مسوڵمان لەسەر ڕاستی و دروستی فەرموودەکان، ئەمەش هانیدان بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاویەکان و زانینی ژیاننامەکانیان و پێشرەویکردن بۆ گۆڕەپانی مێژوو و وەرگێڕان

مێژوو: ئەندەلووسییەکان بە ئەرکی سەر شانی خۆیان دەزانی مێژووی وڵاتەکەیان بپارێزن لە ڕووی چالاکی سیاسی و سەربازی و شارستانی. زۆر کرنگییان بە نووسینی ژیاننامە داوە، زۆرێک لەو کەسانەی لە بواری ژیاننامەدا نووسیویانە ژیاننامەی زانایانی ئەندەلووسیان نووسیوە، هەندێکیان ژیانی چینێک زانای تایبەتیان نووسیوە، وەکو: طبقات ابن جلجل، طبقات النحويين للزبيدي، بەڵکو هەندێکیان ژیاننامەی زانایانی لایەنێک لە لایەنەکانیان نووسیوە وەکو اخبار شعراء البيرة، یان نووسینی ژیاننامەی کەسایەتییەکی تایبەتی وەکو المنصور بن ابي عامر لەژێر ناوی المآثر العامرية، کە باسی ژیان و غەزاکانی نووسیوە.

لە پێشەنگی ئەو مێژوونووسانە مێژوونووس محمد بن عمر بن

عبدالعزیز کە بە ابن القوطیة ناسراوە (م٣٦٧ک/٩٧٧ز)، پێشتر باسمانکرد کە لە بواری النحو و زانستەکانی زمان یەکێکبووە لە زانا دیارەکان، لە بواری مێژووشدا ابن القوطیة زۆر لێهاتوو بووە، کتێبێکی هەیە بەناوی تأریخ افتتاح الاندلس. هەر لە بواری مێژوو بنەماڵەی آل الرازي چاکەیەکی گەورەیان هەیە بەسەر گەشەکردنی زانستی مێژوو لە ئەندەلووس، پێشەنگی ئەو بنەماڵەیە مێژوونووس احمد بن محمد بن موسی الرازي الکتاني (٢٧٤-٣٤٤ک/٨٨٧-٩٥٥ز) دوای خۆی کوڕەکەی دێت: لە کتێبەکانی الوزارة و الوزیر و کتێبی (الحجاب)ـە، هەروەها ابن حیان و ابن حزم کە لەمێژووی ئەندلووسدا ناویان لە بەرزییە و سەدایان بڵند و بیستراوە، ابن الفرضي (م٤٠٣ک/١٠١٢ز) سەرەڕای ئەوەی لە فەرموودەدا زانایەکی لێهاتوو بووە، لە بواری مێژووشدا بە ناوی (تأریخ علماء الاندلس) لەگرنگترین سەرچاوەی مێژووییە لە

ئەهلی زیممە و نامسوڵمانەکانیش ڕۆڵیان لە بواری مێژوودا لە ئەندەلووس هەیە وەکو الاسقف جودمار الجیروني کتێبێکی بە عەرەبی لەسەر مێژووی فەرەنجەکان نووسیوە

بواری لێکۆڵینەوەی ژیانی زانستی ئەندەلووس تاوەکو سەدەی چواری کۆچی/دەیەمی زایینی، هەروەها ئەهلی زیممە و نامسوڵمانەکانیش ڕۆڵیان لە بواری مێژوودا لە ئەندەلووس هەیە وەکو الاسقف جودمار الجیروني کتێبێکی بە عەرەبی لەسەر مێژووی فرەنجەکان نووسیوە. عبدالملک بن حبیب دەربارەی مێژوو کتێبێکی داناوە و باسی میژووی جیهانی کردووە هەر لەسەرەتای دروستبوونی دنیاوە باسی ئادەمی کردووە دواتر باسی پێغەمبەران تا دەگاتە دوا پێغەمبەر (د، خ) ئینجا باسی خەلیفەکان تا دەگاتە فەتحکردنی ئەندەلووس.

جوگرافیا: پێشەنگی جوگرافیناسەکانی ئەندەلووس (احمد بن محمد الرازي) (٢٧٤-٣٤٤ک/٨٨٧-٩٥٥ز) ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی لێکۆڵینەوەی جوگرافی لە ئەندەلووس، چەندین کتێبی لەو بوارەدا نووسیوە، زۆر وردبووە

لە باسکردنە جوگرافییەکانی، تایبەتمەندیی هەر وڵاتێکی باسکردووە لەگەڵ جیاوازییەکانی لەگەڵ وڵاتێکی دیکە، هەندێک زانیاری هێناوە لە ڕێکخستنەکانی جوگرافیناسەکانی دیکەدا بەدینا کرێت.

مێژوونووس محمد بن یوسف الوراق ناوی درەوشاوەیە لە بواری جوگرافیادا و هیچی کەمتر نییە لە الرازي، الوراق پسپۆڕییەکی گەورەی هەبوو لە مێژوو و جوگرافیادا بەیەکەوە، کتێبێکی هەیە بەناوی (مسالك افريقية وممالكها)، چونکە لە قەیرەوان لە باکووری ئەفریقیا ژیاوە و شارەزای بووە بە تەواوەتی، جوگرافیناسە عەرەبەکان زۆر پشت بە پەیرەوی تێبینی و بینین دەبەستن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر جوگرافیای وڵاتان. گەشتە جوگرافییەکان لە سەدەکانی دواتری سەردەمی خیلافەت چالاکبوون و لەو گۆڕەپانەدا کۆمەڵێک گەڕیدە دەرکەوتن تا ئێستاش ناوبانگیان مایەی گرنگیپێدانی توێژەرانی ئەو بوارەیە وەکو گەڕیدە ابن جبير الكناني (٥٣٩-٦١٤ک/١١٤٤-١٢١٧ز). چالاکییەکانی بازرگانی جوولەکە (ابراهيم بن يعقوب الطرطوشي) کە کارەکەی هێنانی کۆیلەی ئەوروپی بوو بۆ ئەندەلووس، ئەوەش دەرفەتی بۆ ڕەخساند لە تەواوی ناوچەکانی ئەوروپا بگەڕێت و گەشت بکات بۆ ئەڵمانیا و باکووری ئەوروپا، بازرگانی جوولەکە نامەیەک بۆ خەلیفە دەنووسێت دەربارەی ناوەرۆکی گەشتێکی بۆ ئەڵمانیا لە ڕۆژگاری ئیمپراتۆڕ ئۆتوی گەورە، لەو نامەیەدا باسی گەلانی ئەوروپی دەکات لەگەڵ زانیاری دەگمەن و گرنگ و بارودۆخی ئەو کاتەی ئەوروپا، ئەو نامەیە مایەی گرنگیپێدانی خۆرهەڵاتناسەکان بووە و بۆسەر چەند زمانێک وەرگێڕدراوە.

گەشتە جوگرافییەکان لە سەدەکانی دواتری سەردەمی خیلافەت چالاکبوون و لەو گۆڕەپانەدا کۆمەڵێک گەڕیدە دەرکەوتن تا ئێستاش ناوبانگیان مایەی گرنگیپێدانی توێژەرانی ئەو بوارەیە وەکو گەڕیدە ابن جبير الكناني

فەلسـەفـە: سـەبارەت بـە فەلسـەفە امیـر عبدالرحمـن ی ناوەنجـی گواسـتویەتییەوە بـۆ ئەندەلـووس، لەبـەر ئـەوەی زۆر خـۆشی ویستووە و شـەیدای کتێبـە فەلسـەفییەکان بـووە، پیـاوەکانی ڕاسـپاردووە بـۆ گـەڕان بـەدوای کتێبـی فەلسـەفیدا لـە وڵاتـە جیـاوازەکان بـە تایبـەتی ڕۆژهـەڵات و نووسـینەکانی یۆنـانی و هینـدی و فـارسی لـەو بـوارەدا، سـیوطي و المقـري ئاماژەیـان بـە گرنگـی پێـدانی امیـر عبدالرحمـن ی ناوەنجـی داوە بـە کتێبـی فەلسـەفی و هاوشـێوەکانی و لـەو بـوارەدا بـە خەلیفـە مەئمـونی عباسـییان چوانـدووە و هەمـوو ئـەو کتێبـە فەلسـەفیانەی دەسـتی پێگەیشـتوون وەریگێـڕاون، لێـرەوە ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە سـەردەمی میرنشـینی ماوەیەکـی زێڕینـە ک چەنـدیـن توانـای زانسـتی پێگەیشـتوون بـۆ ئـەوەی بەروبوومەکەیـان پێشـکەشی نـەوەکانی ئاینـدە بکـەن.

ئیسـپانیا بـێ فەلسـەبوو لـە پێـش ئیسـلام، نەزانـراوە خەڵکەکـەی گرنگـی پێبـدەن و خۆیانـی پێـوە سـەرقاڵ بکەن، ئـەو حاڵەتـەش بەردەوامبـوو تاوەکـو مسـوڵمانان لەسـاڵی (٩٢ک/٧١٠ز) فەتحیانکـرد، هێشتا خەڵکەکـەی لایـان بـەلای فەلسـەفەدا نەکردبـۆوە تـاوەکـو دەسـەڵات یەکلابـۆوە بـۆ بەنـی ئومەییـە، ئینجـا خەڵـک لایـان بـەلای زانسـتدا کـردەوە لـە نێوانیشـیاندا فەلسـەفە. بەر لەسـەردەمی خیلافـەت ئەندەلـووس چالاکـی فەلسـەفی بەخـۆوە نەدیـوە، تەنهـا لەسـەردەمی عبدالرحمـن الاوسـط نەبێـت کـە گرنگـی بـە زانسـت و کۆکردنـەوەی کتێـب دەدا بەتایبـەت ئەوانـەی تایبەتمەنـدن بـە فەلسـەفە و زانسـتە یەکەمـەکان، یەکـەم کـەس بـووە فەلسـەفەی بردۆتـە ئەندەلووسەوە. گەشـتە زانسـتییەکان بـۆ خۆرهـەڵات ڕۆڵـی هەبـوو لەوەرگرتنـی ڕەوتـە کەلامییـەکان و بیروهـزرە فەلسـەفییەکان، بـۆ نموونـە وەکـو پێشـتر باسـمانکرد، گەشـتکردنی

> سیوطي و المقري ئاماژەیان بە گرنگی پێدانی امیر عبدالرحمن ی ناوەنجی داوە بە کتێبی فەلسەفی و هاوشێوەکانی و لەو بوارەدا بە خەلیفە مەئمونی عباسییان چواندووە و هەموو ئەو کتێبە فەلسەفیانەی دەستی پێگەیشتوون وەریگێڕاون

(یحیی بن یحیی) کە بە ابن السمینە ناسراوە بۆ خۆرهەڵات و بینینی زانایانی کەلام و وەرگرتنی کتێبەکانیان و کەوتنە ژێر کاریگەریی بیروهزر و قسەکانیان و گواستنەوەیان بۆ ئەندلووس، هەروەها کرمانی لەسەردەمی خیلافەتدا هەمانکاری ئەنجامدا. سەردەمی خەلیفە الحکم المستنصر سەردەمی گەشەی زانستی بوو، فەلسەفەش یەکێک بوو لەوانە. ابن المسرة بە یەکەم کەس دادەنرێت کە خەریکی فەلسەفە بووە، محمد بن عبدالله بن مسرة القرطبي (٢٦٩-٣١٩ک/ ٨٨٢-٩٣١ز) خاوەنی بۆچوونی فەلسەفی بووە و شێوازی تایبەتی هەبووە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون و قسەکانی لەناو قوتابیەکانی. لە ژیاننامەی زۆربەی ئەوانەی خەریکی فەلسەفە بوون تێبینی ئەوە دەکرێت، ژیاننامەیەکی خاوێن و چاکیان هەبووە و ڕەوشت جوان بوون، زانای پایەبەرز ابن حزم لە بواری فەلسەفەدا دەرکەوت، بەمشێوەیە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی مەعریفەی دیاریکردووە: ابن حزم تیۆری مەعریفەی داهێناوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر توانای فراوان لە چوونە ناو مەیدانی فەلسەفە و لێدەرچوونی بەکۆمەڵێک ئەنجامی زانستی، کە تائێستاش مایەی سەرسوڕمان و گرنگیپێدانی توێژەرانی بواری زانستە. اهل الذمة بەشداری بواری فەلسەفەیان کرردووە، اسحاق قطار (م٤٤١ک/١٠٥٦ز) لەبواری ژیربێژیدا لێهاتوو و شارەزای فەلسەفە بوو، هەروەها فەیلەسوف و پزیشکی جوولەکە منجم بن الفوال السرقسطي، زانستێکی فراوانی هەبوو لە پزیشکی و ژیربێژی و تێکڕای زانستەکانی فەلسەفە، خاوەنی کتێبی «کنز المقال»ە.

> انخل بالنثیا دەربارەی بیرکاری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شەرعزانەکان زۆر گرنگییان بە فێربوونی بیرکاری دەدا بۆ بابەتی میرات

خاڵی چوارەم: زانستە سروشتییەکان- بیرکاری و گەردووناسی:

پێش فەتحی ئەندەلوس لەلایەن مسوڵمانانەوە چالاکی لە بواری زانستە کۆنەکان لەنێویاندا بیرکاری و گەردووناسی شتێکی شایانی باس نییە لە ئیسپانیا، دوای فەتحی ئەندەلووس، انخل بالنثیا دەربارەی بیرکاری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات

شەرعزانەکان زۆر گرنگییان بە فێربوونی بیرکاری دەدا بۆ بابەتی میرات. نیشانەکانی هۆشیاری شارستانی و ئازادی هزریی ئەوەیە زانای لێهاتوو دەرکەوتن لە بواری گەردوونناسی و بیرکاری، لە هەمانکاتدا لە دەستەبژێرەکان بوون لە زانستە ئاینییەکان، وەکو زانای لێهاتوو محمد ابن احمد بن الليث (م٤٠٥ک/١٠١٤ز) کە بە توانا بووە لە زاستەکانی گەردوونناسی و بیرکاری.

گەشتە زانستییەکان رۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە گەشەپێدانی و ئەو زانستانە، هەروەها وەفدی زانایانی خۆرهەڵات بۆ ئەندەلووس شوێنەوارێکی کاریگەری هەبوو لە چالاکی خوێندن و لێکۆڵینەوە و گەشەکردنیان. لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان گەردوونناسی و بیرکاری، بۆیە هەر زانایەک لە بواری بیرکاریدا شارەزابێت لە گەردوونناسیشدا زانایە و بە پێچەوانەوە. دوای گەشەکردنی زانستیی، زانستەکانی گەردوونناسی و بیرکاریش هاوشانی ئەو زانستانە لە مزگەوتەکاندا دەخوێندران و لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە دەکرا، قورتوبە و زۆرێک لە شارەکانی ئەندەلووس سیخناخ بوون لە بیرکاریزان و فەلەکناس، وەکو احمد بن محمد الانصاري زانای بیرکاری و گەردوونناسی بوو لە مزگەوتی قورتوبە وانەی دەگوتەوە، هەروەها مسلمة المجريطي لەو دوو زانستە دەستێکی باڵای هەبوو و کتێبێکی تایبەتی هەیە بە بیرکاری کە لای ئەندەلووسییەکان بە کتێبی مامەڵە ناسرابوو، هەروەها لە زانستی فەلەکناسیشدا کتێبی بە ناوبانگی هەیە، بۆچوونیش هەیە کە کتێبی داناوە دەربارەی اسطرلاب کە تایبەتە بە پێوانەی ئەستێرەکان. لە قورتوبە خوێندنگای گەورەی تایبەت هەبوو بە زانستەکانی گەردوونناسی و بیرکاری و رۆڵی گەورەی هەبوو لە پێگەیاندنی زانا لەو بوارانە. ابن خلدون لە بارەی باڵادەستی ئەندەلووسییەکانەوە لەو گۆڕەپانەدا دەڵێت: پسپۆڕانی زانستی بیرکاری لە خەڵکی ئەندەلووس، چەندین بەرهەمی جۆراوجۆریان لەو بوارەدا هەبووە، کە بەناوبانگترینیان بریتین لە (موعامەلات)ی زەهاوی و ئیبن سەمح و ئەبو موسلمی کوڕی خەلدون، کە ئەمانە لە قوتابییەکانی

قورتوبە و زۆرێک لە شارەکانی ئەندەلووس سیخناخ بوون لە بیرکاریزان و فەلەکناس

موسلەمەی مەجریتی بوون».
زانستی گەردووناسی و ئەستێرەناسی پێگەیەکی تایبەتی هەبوو لەلای هەندێک لە فەرمانڕەوایان، المقري بۆمان دەگێڕێتەوە فەرمانڕەوا هیشام بن عبدالرحمن ناردوویەتی بە دوای یەکێک لە ئەستێرەناسە شارەزاو لێهاتووەکان بەناوی الضبي کە خەڵکی دوورگەی سەوز بووە (لەسەردەمی خۆیدا سەبارەت بە جووڵەی ئەستێرەکان وەکو بطليموس ی زانا وابووە)، بە فەرمانڕەوا هیشام بن عبدالرحمن ی گوتووە لە ئەنجامی وردبوونەوەی لە جووڵەی ئەستێرەکان بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەسەڵاتی جێگیر و ئارام دەبێت، فەرمانڕەواش زۆر کاریگەر دەبێت بەم هەواڵە و دەڵێت: ئەگەر ئەو ماوەیە لە کڕنووشیشدا بم هێشتا کەمە بۆیە ڕوو دەکاتە زوهد و خۆ پاککردنەوە لە تاوان.

عباس بن فرناس سەرەڕای ئەوەی لە بواری شیعردا دەستێکی باڵای هەبووە، لە بواری گەردووناسی و ئەندازیاریشدا زۆر لێهاتوو بووە و ئامێرێکی بۆ هەژمارکردنی کات دروستکردووە بەناوی (المنقانة)، هەروەها دروستکردنی کریستاڵ (بلور)ی داهێناوە، لەماڵی خۆیدا شێوەی ئاسمانی دروستکرووە، وە پێشبینی فڕینی کردووە و تاقیکردۆتەوە بەڵام لە نیشتنەوەدا سەرکەوتوو نەبووە و ئازاری پێگەیشتووە

